# کۆسرەت رەسوڵ پەیامێکی ئاشتیخوازانە ئاراستەی گەلی کوردستان دەکات


# بەدرخان
Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی رووناکبیری گشتییە - دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات

خولی دووەم، ژمارە (١٥٣)، سێ شەممە، شوباتی ٢٠١١/٢/٢٢ زایینی - بەرانبەر بە بەفرانباری ٢٧١٠ی کوردی - ساڵی یانزدەیەم



www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com






کۆسرەت رەسول عەلی ئەو سەرکردە لە خۆبردووەیە بۆ ساتێک پشتی لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نەکردووە و لە رۆژە سەختەکانیشدا هەردەم لەگەڵ ئێش و ئازاری میللەتەکەیدا ژیاوە.

کۆسرەت رەسوڵ عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری یەکێتیی نشتیمانی کوردستان، لە پەیامێکیدا بۆ شاری هەڵمەت و قوربانی جەخت لەسەر پاراستنی یەکریزی گەلەکەمان دەکاتەوە. هەروەها لە دیمانەیەکی پێشووتریشیدا سەبارەت بەو بارەگرژییەی کە لە کوردستان هاتۆتە ئاراوە کۆسرەت رەسوڵ دەڵێت: بەبڕوای من شەڕ هیچ کاتێک چارەسەر نەبووە، لە مێژووی دوور و نزیکماندا ئەوە لە بەرچاوە هەرچ گرفتێک هەبووبێت ئەگەر رێگاچارەی شەڕکردنی یەکتری بۆ هەڵبژێردرابێت برینەکانی قوڵترکردووە و بەزەحمەتێکی زیاتر سارێژکراون.

بەدرخان بەباشی زانی پاش ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە چەند رۆژی رابردوودا روویاندا بە تایبەتی لە شاری سلێمانی پەیامی کاک کۆسرەت و ئەو دیمانەیە بڵاوبکاتەوە لە لاپەڕەکانی (٣،٢)دا بخوێنەوە.



ل٧

## د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح
## لەنێوان کردار و خزمەتکردندا



ل١١

## فەرهاد عەونی:
## من پارێزەری رۆژنامەنووسانم



ل٩

## شێرزاد حەسەن:
## بەشیعر دەستم بە نووسین کردووە



رووشەن بەدرخان یەکەمین ژنەنووسەر و رۆژنامەنووس ل.. ١٤



ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت ل.. ١٢ ، ١٣



بەکۆچی دوایی کێخوا فەیسەڵ کەندێناوە و قەراج گریان ل ٤



رۆڵی سروود و گۆرانی نشتیمانی لە شۆڕش و بزوتنەوەی کورددا ل ١٠



زایەڵەی بەدرخان لە نشتیمانی نیکۆس کازانتزاکیس و بڵاوکراوە ناوخۆیی و جیهانییەکاندا ل ١٦ ، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣



محەڕەم محەمەد ئەمین: نووسەری بە هەڵوێست ... ل ١٥

# کۆسرەت رەسول عەلی: هەمیشە مێژوو شـــــ

*** بارودۆخی ناوچەکەو ئەو شەپۆلە دیموکراسیەی رووی کردۆتە ناوچەکە چۆن دەبینن، ئایا کاریگەری دەکاتە سەر کوردستان و ئەو کاریگەرییە چۆن دەبێت؟**

- خۆپیشاندان و راپەڕینی جەماوەری لەتونس و میسر و وڵاتانی تری ناوچەکە، دەرئەنجامی جەورو ستەمی کەڵەکەبووی حوکمی نادیموکراسیانەی چەندین ساڵەی حاکمانی ئەو جێگایانەیە، کە دواجار شەقام بەرووياندا تەقیوەتەوەو داوای گۆڕینی سیستمی فەرمانڕەواو دەسەڵاتدارانیان دەکەن. کەدیارە بە پێی هە موو عورف و مافە سەلمێنراوەکان، مافێکی سروشتی گەلە کە چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی دیاریبکات.پێم وایە سەرکەوتنی باشیشیان بەدەستهێناوە کە مایەی دڵخۆشیە بۆ تەواوی گەلانی ناوچەکەو دنیاش. ئەمە جگە لەوەی لەباشوری سودان بە شێوازێکی دیموکراسیانە و لەئەنجامی راپرسی گشتی گەلدا، ئەو گەلە ستەمدیدەیەی چەندین ساڵە بەدەست جەوروستەمی دینی و نەتەوەییەوە دەناڵێنن، چارەنووسی خۆیان بە جیابوونەوە لەدەوڵەتی سودان دەستنیشان کردو دەنگیان بۆ سەربەخۆبوون و جیابوونەوە دا لەوڵاتی سودان، کە من لێرەوە پیرۆزبایی گەرم لەهەموو ئەو سەرکەوتنانەی گەلانی راپەڕیوی ناوچەکە دەکەم و بڕواشم وایە کە مێژوو حوکمی خۆی بەسەر هەموو دەسەڵاتە دیکتاتۆرو تۆتالیتاریانەی دنیادا دەدات کە دەنگی شەقام و خواستی گەلەکانیان نادیدە دەگرن لەفەرمانڕەوایەتیاندا. ئەم دوو شێوازە دووجۆر نموونەن لەخەباتی جەماوەری کە یەک دەرئەنجامیان هەیە ئەویش سەرکەوتنی هێزی لەبنەهاتووی گەل و خەڵکی زەحمەتکێش و ماف خوراوانە. ئەم سەرکەوتنانە ئەو راستیەیان سەلماندەوە کە دەسەڵاتی زوڵم و ستەم چەند بەهێز بێت و لەپشت قەڵا پۆڵاینەکانیانەوە حوکم بکەن، بەڵام دواجار هەر دەکەونە بەر شاڵاوی تۆڵەسەندنی خەڵک و هەرەس دەهێنن. لای خۆشمان تەجروبەی راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ مێژووەکەی دوور نیيە و بینیمان چۆن قەڵای زۆرداری رژێمی لەناوچووی بەعسیەکان لەبەردەم ئیرادەی شۆڕشگێڕی گەلی راپەڕیوی کورد هەرەسی هێناو میللەت دوا قسەی خۆی کرد و نە ئەنفال و نە کیمیایی بارانکردنی خەڵکە خۆڕاگرەکەی، دادی حوکمی رەشی بەعسیەکانی نەدا و کرانە پەندو عیبرەت بۆ هەموو دەسەڵاتە تۆتالیتارەکانی هاوچەشنی خۆیان. تا دواتر و لەبەهاری ٢٠٠٣ ئەو رژێمە لەسەرتاسەری عێراق هەرەسی پێهێنراو بۆ هەتاهەتایە لەگۆڕنرا و ئێستاش سەرە ریسواکانیان وەجبە وەجبە گەل دادگاییان دەکات و تۆڵەی هەموو ئەو نەهامەتیانەیان لێدەکرێتەوە کە بەسەر گەلەکەیاندا هێناوە. لەکوردستان حیزب و هێزە نیشتمانییەکان بە وانەی لەدەسەڵاتدان و بەوانەشیانەوە کە خۆیان لەئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابیدا وێنا دەکەن، هێشتا ئەرکی گەورەو گرانمان زۆر لەپێشە و زۆر مەهامی نەتەوەیی و دیموکراسیمان ماوە کە ئەرکی ئەم نەوەیەی ئێستاو ئەوانەی دوای ئێمەشە کە بەدییان بهێنین، چونکە ئێمە هێشتا قۆناغی خەباتی رزگاری نیشتیمانیمان تێنەپەڕاندووە، بۆیە ئەرکی هەموومانە کە زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ رەوشە سیاسیەکەدا بکەین و لەژێر هیچ پاساوێکدا لەمیللەتەکەمانی تێکنەدەین، هەروەک پێویستیشە ئەرکە هەنوکەییەکانمان لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان و دژایەتیکردنی سەرسەختانەی گەندەڵکاران و هەبوونی شەفافیەت لەبودجە و کارو بڕیارەکانماندا، نەک هەر بیانکەینە دروشم و دەبێت کاریان لەسەر بکەین، بە لکو بیانکەینە ناسنامەی دەسەڵاتی حوکمڕانیمان لەهەرێمی کوردستان، لەو پێناوەشدا بڕیارو کردەوەی دیارو بەرچاومان هەبێت، هەرچەندە کاری زۆر باش و جدی کراوە لەسەرجەم بوارە جیاجیاکاندا، بەڵام هێشتا کەموکوڕی زۆرە و ئەرکی زۆرمان لەپێشە، بۆیە پێویستمان بە کاری زیاترو بڕیاری ئازایانە و ئازادانەی زیاتر و زیاترە.



کۆسرەت رەسول عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری یەکێتیی نشتیمانیی کوردستان

*** ئایا یەکێتی و پارتی دیراسەی ئەو بارودۆخەیان کردووە؟ ئەگەر دیراسەیان کردووە ئەو گۆڕانکاریانە چین کە پێویستە لەبەر رۆشنایی ئەم هەلەمەرجەدا ئەنجام بدرێت؟**

- بەڵێ ئێمە و برایانی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەی دەوری هاوبەشمان هەیە و راسپاردەی پێویست پێشکەش بە حکومەتی هەرێم دەکەین سەبارەت بەو هەنگاوانەی کە پێویستە لەپێناو چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی خەڵک و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی ژیانیان و تۆکمەکردنی ژێرخانی ئابووری وڵات هەنگاویان بۆ بنێت. هەروەها کارکردن بۆ دژایەتی و بنبڕکردنی گەندەڵی و لێپرسینەوە لەو بەرپرسانەی لەدام و دەزگاکاندا کەمتەرخەمی دەنوێنن لەئەرکەکانی سەرشانیان و خەڵکی لێیان بە گلەیین. شان بەشانی ئەوەش حکومەت بەردەوامە لەجێبەجێکردنی بەرنامە و پلانی خۆی کە خۆی لەبەرنامەی لیستی کوردستانی دەبینێتەوە کە لە سەروەختی هەڵبژاردندا بەڵێنیان بە کۆمەڵانی خەڵک داوە بۆیان جێبەجێ بکەن، لەگشت بوارە جیاوازەکاندا. بیرمان نەچێت کە ئێمە وەک (ی.ن.ک)، ئەندامی رێکخراوی سوسیال ئینتەرناسیونالین و سکرتێری گشتیشمان جەنابی مام جەلال یەکێکە لەجێگرانی سەرۆکی ئەو رێکخراوە جیهانییە و ئیلتیزامی تەواومان بە بنەما بنچینەییەکانی ئەو رێکخراوەوە هەیە، کە دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودەو ئارام و بەرجەستەکردنی بنەماکانی دادوەری کۆمەڵایەتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤە بە تەواوی ئازادییەکانەوە بۆ سەرجەمی خەڵکی کوردستان بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە.

*** بەیاننامەکەی گۆڕان کە داوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و حکومەت دەکات، چۆن ئەو بەیاننامەیە دەبینیتەوە، لە زۆر وڵاتی دیموکراتی لایەنە سیاسیەکان داوای وادەکەن و هیچ کێشەیەک دروستنابێت، بۆ ئەم بارگرژییە روویداو کێ بەرپرسە؟**

- بەبڕوای من بەیاننامەکەی گۆڕان توندبوو، بەشێکی داواکانیان لەدەرەوەی مەنتقی سیاسیە بە بەراورد لەگەڵ وەزعی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان.. بە تایبەت ئەو خاڵەی کە باس لەهەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردنی بەپەلەو لەماوەی سێ مانگدا دەکات. ئەمە خۆی لەخۆیدا

## روودان و روونەدانی توندوتیژی شتێک نیيە بەشمولی باسبکرێت، چونکە ئەوە دەوەستێتە سەر سروشتی دەسەڵات و جۆری سیستەمی سیاسی ئەو جێگایانەی کە شەپۆلی گۆڕانکارییەکە رووی تێدەکات

www.arsivakurd.org

# ــــەڕی براکان لەلاپەڕە ڕەشەکاندا تۆمار دەکات

هەڵتەکاندنی سەرلەبەری پرۆسەی سیاسییە لەهەرێمی کوردستان، کە بەبڕوای من کە تێکماندا، گرەنتییەک نییە بۆ ئەوەی کە باشترمان بۆ پێک بێتەوە، ئەوە ئەگەر ئەم ئەزموونە بە یەکجاری لەدەست نەدەین. پاشان چۆن هەڵبژاردن لەماوەی سێ مانگدا دەکرێت و ئەو ئالیەتە کامەیە کە گرەنتی جێبەجێکردنی ئەمە دەکات؟

بەشێکی تری وڵامی پرسیارەکەت لەخودی پرسیارەکەی خۆتدایە کاتێک باس لەوڵاتانی دیمکراتی دەکەین، باشە ئەوان وڵاتن و خاوەن موئەسەساتی دەوڵەتن و خاوەنی دەستوور و سوڵتە و سیادەی خۆیانن و سنوریان پارێزراوە بەپێی یاساو پرۆتۆکۆلاتی نێودەوڵتی، هەروەها وڵاتی دیموکراتین، واتە دەیان ساڵە مومارەسەی ژیانی دیموکراسی دەکەن و دیموکراتیەت بووەتە بەشێک لەژیانیان، ئەوە بەراورد ناکرێت لەگەڵ وڵاتی ئێمەدا، لای ئێمە وەزعەکە بە جۆرێکی ترەو خاڵی لاوازمان زۆرە، ئێمە ئێستا لەقۆناغێکی ئینتقالیداین بەرەو دارشتنی پایەکانی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی، واتە لەسەرەتای ڕێگاکە داین، جگە لەوەی کە هەرێمێکین خۆی بەشێکە لەدەوڵتێک کە ساڵێک کەمترە بوەتە خاوەن سیادەی خۆی و سنورەکانمان لەهەموو لایەکەوە والایە و نەیاری ئەزموونەکەمان لەژماردن نایەن. کەواتە ئەرکی یەکەمی هەموو لایەکمان بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە، سەقامگیرکردنی ئەزموونەکەمانە و دەوڵەمەندکردنی دامەزراوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیەتی لەپناو پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و شارستانی ئاشنا بە ئەرک و مافەکانی مرۆڤی کورد، نەک کارکردن بۆ هەڵتەکاندنی سیستمە سیاسییەکەی.

سەبارەت بە بارگرژییەکانیش لەو بڕوایەدام هەموو لایەکمان بە ئێمە و برادەرانی گۆڕانیشەوە لەئاست بەرپرسیارێتی خۆماندا بووین و کارمان کرد بۆ ڕەواندنەوەی، ڕوونکردنەوەکەی بزوتنەوەی گۆڕانیش پاش بەیاننامەکەیان کاریگەری ئیجابی لێکەوتەوە بۆ هێمنکردنەوەی دۆخەکە.

*** ئایا ڕاکێشانی پێشمەرگە بۆ ناو کێشەکان لەدوای شەڕی ناوخۆی ساڵی ١٩٩٤ەوە سابیقەیەکی مەترسیدار نییە کەیەکێتی دەیکات؟**

- سەبارەت بە وەڵامی ئەو پرسیارە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ڕوونکردنەوەی پێویستی داوە بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پاساوەکانی خۆی خستۆتەڕوو کە پێشتر زانیاریان هەبووە، کەوا پێویست بووە هەندێک شوێنی گرنگ لەوانە نوسینگەی سەرۆکی حکومەت بپارێزرێت، ئێمە هەموو لایەکمان لەشەڕی ناوخۆ زەرەرمەندبووین و زەرەرمەندی گەورەش میللەتەکەمان بووە، بۆیە هەموو لایەکمان دەرس و پەندمان لێ وەرگرتووە و من خۆم پێشتریش ڕام وابووە کە هەرچی هێزی چەکدار هەیە لەپێشمەرگەو پۆلیس و ئاسایش و ئەوانی تریش، بکەینە هێزی نیشتمانی و لەحیزباندن دایبماڵین. ئەوەش بەوە دەبێت کە خولی تایبەتی ئەفسەری بۆ دەرچوانی کۆلێژە مرۆڤایەتییەکان بکەینەوە و بەبێ ڕەچاوکردنی ئینتمای سیاسیان ئەو هێزانەیان لێ تەشکیل بکەین، بەشێوەیەک کە تەنها ئینتمایان بۆ گەل و خاکی کوردستان هەبێت. ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئەو هێزانە لەدەستی حیزبە سیاسیەکان بە یەکێتی و پارتیەوە دەربهێنین و بیانکەینە هێزی نیشتمانی، بێجگە لەم ڕێگایە هیچ ڕێگای ترمان لەپێش نییە. کە زۆر پێویستە ئەوە جێبەجێبکرێت و لەو بڕوایەدام کە خەڵک ئەو کاتە ئەتوانێت چێژ لەدیموکراتیەت وەربگرێت.

*** ئەگەر یەکێتی شەڕی گۆڕانی کرد، هەڵوێستی کۆسرەت ڕەسوڵ چی دەبێت؟ پشتگیری شەڕدەکات یان بێلایەن دەبێت، یان ئیستیقالە دەکات؟**

- بە بڕوای من شەڕ هیچ کاتێک چارەسەرنەبووە، لەمێژووی دوور و نزیکماندا ئەوە لەبەرچاوە هەرچ گرفتێک هەبووبێت ئەگەر ڕێگاچارەی شەڕکردنی یەکتری بۆ هەڵبژێردرابێت، برینەکانی قوڵترکردووە و بەزەحمەتێکی زیاتر سارێژکراون.

بۆیە من هیچ کاتێک باوەڕم بەشەڕی براکان نەبووە بەتایبەت لەناو هێزە کوردییەکاندا لەوەش تایبەت تر سەرچاوەی ئێمە و گۆڕان یەکە و ڕۆژانێکی دوور و درێژی خەباتی سەخت لەیەک سەنگەردا بووین کە سەنگەری بەرگری بووە لەمانەوەی میللەتەکەمان، بۆیە شەڕکردنی یەکتر بە هیچ پێودانگێک ڕەوا نییە و ئەم ڕایەشم لەکۆبوونەوە کراوە و داخراوەکانیشدا بە ئاشکرا هەمیشە ڕاگەیاندووە و مەعلومیشە کە شەڕی براکانیش هەمیشە مێژوو لەلاپەڕە ڕەشەکانیدا تۆماری دەکات.

سەرکردایەتی یەکێتیش ڕێگاچارەی شەڕی هەڵنەبژاردووە و شەڕیش نابێت، خۆ ئەگەر خوانەکردە دۆخەکە لەدەست دەرچوو، ئەوا لەهەموو لایەکمان دەشێوێت و ئەو کاتە ئێمەش قسەی خۆمان دەبێت.

*** پێشبینی چی دەکەیت، ئەوگۆڕانکاریانەی ڕوویکردۆتە ناوچەکە، پێشبینی توندوتیژی دەکەیت؟**

- ڕوودان و ڕوونەدانی توندوتیژی شتێک نییە بەشمولی باسبکرێت، چونکە ئەوە دەوەستێتە سەر سروشتی دەسەڵات و جۆری سیستەمی سیاسی ئەو جێگایانەی کە شەپۆلی گۆڕانکاریەکە ڕووی تێدەکات، ئایا وەڵامدانەوەی ئەوان چییە و چۆن دەبێت. هەموو بینیمان لەباشوری سوودان گەورەترین گۆڕانکاری ڕووی دا و لایەک لەدەوڵەتێک بووەوە و گەلی باشوری سوودان لەپڕۆسەیەکی دیموکراسیدا بوونە خاوەن دەوڵەتی خۆیان، کە دەسەڵاتدارانی سوودان ئەنجامەکەیان قبووڵ کردووە با لەژێر هەرگوشارێکی ناوچەیی یان نێودەڵەتیشدا بووبێت، واتە پڕۆسەکە لەوێ بەبێ ڕوودانی توندوتیژی کۆتایی هات، ئەمەو لەوڵاتی تونس لەئەنجامی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی خەڵک گۆڕانکاری لەترۆپکی دەسەڵات و حکومەتیشدا کرا، بەڵام سنورداربوو، قەبارەی زیانەکان و ژمارەی قوربانیانیش هەر سنورداربوو.

بەڵام لەوڵاتی میسری عەرەبی خۆپیشاندان و ناڕەزایی وا هەفتەی سێهەمی تێدەپەڕێنێت و ڕۆژانە توندوتیژیش هەیە و بەردەوامیشە و سەدان قوربانی لێ کەوتۆتەوەو میللەتیش کۆڵی نەداوەو شەپۆلی ناڕەزایەتییان لەهەڵچوندایە، ئیتر کارەکە بەوجۆرەیە، واتە سروشتی دەسەڵات و سیستمی سیاسی وڵاتەکە دەوور دەبینێت.

*** ئەم دیمانەیە لە هەفتەنامەی (ئاوێنە) کە لە ژمارە (٢٦٢) ی (٢٠١١/٢/١٥) لە لاپەڕە (٣) بڵاوکراوەتەوە.**

# پەیامی کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ جەماوەری کوردستان و شاری هەڵمەت و قوربانی

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبانەوە**
**جەماوەری بەشەرەف و تێکۆشەری کوردستان.**
**شاری هەڵمەت و قوربانی**

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرمتان لێبێت سەبارەت بەو بارودۆخە ناسک و هەستیارەی کە گەلەکەمان پێیدا تێپەڕدەبێت، پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی قارەمانی کوردستان هەست بە بەرپرسیارێتی سەرشانیان بکەن لە پاراستنی ئەمنیەتی ئەم شارە خۆشەویستەدا کە ئەوە چەند ڕۆژێکە بارودۆخی ئەمنی شارە خۆشەویستەکەمان تێکچووە و هەمومان نیگەرانین بەم پێشهاتە نەویستراوە، سەرئەنجام چەند ڕۆژێکە کاروکاسبی هاووڵاتیانی ئەم شارە وەستاوەو خەڵکی دەستی لەسەر دڵیەتی کە جارێکی تر شەڕی نەگریسی براکوژی ڕووبداتەوە کە ببێتە هۆیماڵوێرانی بۆ گەلەکەمان و لەدەستدانی ئەو ئازادییەی بەدەست هاتووە، بۆیە دەبێت هەموومان هەست بە بەرپرسیاریەتی و پاراستنی ئازادی و دەسکەوتەکانی گەلەکەمان بکەین.

لەمبارەیەشەوە هەموو لایەک ئاگادار دەکەین کە ئەو هێزانەی هێنراونەتە سنوورەکە دەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان و بڕیاریشە هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەتی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی) لەسەر یەک مێزی گفتوگۆ کۆببنەوە لەڕێگەی دیالۆگەوە کێشە هەڵپەسێردراوەکان چارەسەر بکەن.

دیارە ئێمە لە کاتێکدا دەستخۆشی لە گەلانی میسرو تونس دەکەین و پیرۆزبایی لە هەموو ئازادیخوازانی جیهان دەکەین بە بۆنەی سەرکەوتنی شۆڕشەکانیان، بەو هیوایەین ئەمە ببێتە هاندانێک بۆ ئەوەی ئەزموونی دیموکراسی کوردستانیش قۆناغێکی دیکە لە نوێبوونەوەو پەرەسەندن بە خۆیەوە ببینێت و هەموو لایەنە سیاسییەکان بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە بە گیانی لێبوردنەوەو لێکتر قبوڵکردن هەنگاوی زیاتر بنێن بۆ خزمەتکردنی گەلەکەمان.

دواجار ئەم شەپۆلە دیموکراسییەی کە ناوچەکەی گرتۆتەوە، دەرژێتە خانەی بەرژوەندی ئێمەو بەدیهاتنی تەواوی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلەکەمان، هەروەها لە پێناوی بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانمان تێبکۆشن و وەکو باشووری سودان گەلەکەمان بە مافی چارەی خۆنووسین شاد بێت.

هاووڵاتیانی کوردستان. دانیشتوانی خۆشەویستی شاری سلێمانی لەمساڵدا بڕیارە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەڕێوەبچێت و هەموو لایەک ئازادانەو دوور لە هەر جۆرە فشارێک هەموومان دەچینەوە بەردەم سندووقەکانی دەنگدان و لەڕێگەی ئەم پرۆسە دیموکراسییەوە پێویستە ململانێ سیاسییەکان یەکلا بکەینەوە. تەنها لەم ڕێگەیەوە تەبایی و بەیەکەوە ژیان و خزمەتی زیاتری هاووڵاتیان بەرەو پێش دەچێت. بۆیە داواتان لێدەکەم لەڕوانگەی هەستکردنتان بە بەرپرسیارێتی نیشتمانی و نەتەوەییتان کۆتایی بەم بارودۆخە بهێنین، خوێنی ڕێژوانی جوانەمەرگ و قوربانییەکانی تر ببێتە هەوێنی ئاشتی و برایەتی و یەکتر قبوڵکردن و پێکەوە ژیان.

**بژی کورد، بژی کوردستان**
**نەمریی و سەربەرزیی بۆ شەهیدە سەربەرزەکان**

**براتان**
**کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی**
**٢٠١١/٢/٢٠**



## کاکم گۆتی

سەرتیپ جەوهەر

### رۆژنامەنوسی کوالێتی بەرز

کاکم گۆتی رۆژنامەنوسانی کوردستان لە هی هندستان زۆر زیاترن، هەرچەندە هیندستان زیاتر لەملیارێکە بەڵام هێشتا ناگاتە هەرێمی کوردستان چونکە هی خۆمان سەبعوسەنایعن و هەر رۆژنامەنوسەکی ئێرە بە سەد رۆژنامەنوسی ئەوێ هەیە، بەو مەعنایەی رۆژنامەنوسی کوردستان کوالێتیان زۆربەرزەو وەکو حەبی (ریتاردی) ئەوروپی وایە واتە ئەگەر پاراسیتۆلێک لێرە ٥٠٠ ملیگرام بێت ئەوا ریتاردێکی ئەوروپی لە ٢٠٠٠ ملیگرام کەمتر نییە، ئیدی نازانم ئەو بەرزی رێژەیە پەیوەندی بەعەزەلاتەوە هەیە یان پەیوەندی بەکوالیتی ئەوروپییەکانەوە هەیە.

کاکم دەیگۆ برادەرێک رۆژێک لەیەکێک لە تەلفزیۆنەکان لەسەر ئیسلام قسەی دەکرد لە شریتەکەی خوارەوە نوسرابو شارەزا لەکاروباری ئیسلامی، چەند رۆژێکی پێچو لەهەمان تەلفزیۆن قسەی لەسەر باشوری سودان دەکرد، لە رۆژی ڤالانتاین هەم وەکو عاشق هەم وەکو توێژەری کۆمەڵایەتی لەیەکێک لە رادیۆکان باسی لەو رۆژە دەکرد، رۆژی دواتر لەتەلفزیۆن دەرکەوت باسی قەیرانی ئۆپۆزیسیۆنی دەکرد لە کوردستان.

بەقسەی کاکم بیتو بەپێی بەراوردەکە ژمارەی رۆژنامەنوسانی هیندستان و کوردستان بێگومان ئێمە زۆر لەپێشین، ئەو رۆژنامەنوسەی کاکم باسی لێوەدەکرد کوالێتیەکەی زۆر بەرزە چونکە دەشێت کورە مەلا بێت و شارەزابێت لەکاروباری ئیسلامیی و لەهەمانکاتدا عاشق بێت و باسی ڤالانتاین بکات و هاوکات بەحوکمی ئەوەی زۆر سەردانی وولاتانی دەرودراوسێی کردبێت شارەزا بێت لەکاروباری سودان و لێرەش لەبەر ئەو بارودۆخەی ئێستا شارەزای ئۆپۆزیسیۆن و شتی تریش بێت.

بەقسەی کاکم ئەو هەر هیچ نییە لەچاو رۆژنامەنوسی دیکە، چونکە هەمانە شارەزایە لەبواری کۆمەڵایەتی، دوایی چیرۆکنوسە، پاشان لەپڕ کتێبێک دەردەکات لەسەر زانیاری لەبارەی ترافیک و ئۆتۆمبیل و هاتوچۆ، ئەمە جگە لەوەی شارەزاییەکی باشی هەیە لە مەسەلەی نوشتەو قاوەگرتنەوەو شتی دیکە، یان ئەو رۆماننوسەی رۆژنامەنوس و چیرۆکنوس و رۆژنامەنوسە.

رێک ئەو قسانەی کاکم دەیکرد بەسەر پەرلەمانەکەی خۆشمان تەتبیق دەبیت، چونکە ئاساییە ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ قسە لەسەر یاسای باری کەسێتی بکات و پێشنیاری دوبارە هەموارکردنەوەشی بکات، لەکاتێکدا پسپۆرییە زانستیەکەی خۆی لەوانەیە لەبواری هەندەسەی میعماریی بێت، هەروەک چۆن دەشێت لە پەرلەمانەکەمان تاکە پسپۆرێکی بواری ئابوری تیدا نەبێت بەلیستی موعارەزشەوە کە جەدەلێکی زۆر توندو درێژدادرێ بودجەدەکەن، ئەمەش وەک ئەو نوکتەیەیە کە کاکم بۆیگێڕامەوە کە ئەندامێکی پەرلەمانی عیراق پێیانوتبو حکومەتی بەغدا عەلاوە بۆ فەرمانبەران دەبەستێت و خەرجدەکات، ئەو واتێگەیشتبو عەلاوە یەعنی حەلاوەو حەلاوەش یەعنی شیرینی بۆیە لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵێکی راگەیاندن دەق گۆتبوی حکومەتی عیراق شیرینی دەداتە فەرمانبەران، لۆیە کاکم دەیگۆ هەموو شت لای خۆمان وەکو چێشتی مجێوەرەو هیچ کێشەی نییە چونکە هەموو تامەکی دەدات و ئاساییە برنج تامی ساوار بدات و گوانی مانگا شەربەت بدات هەنار هێلکە بگری چونکە متروبەکراوە متروبە.

# بە کۆچی دوایی کەسایەتی کۆمەڵایەتی دەشتی هەولێر

# " کێخوا فەیسەڵ سادق سیان" کەندێناوە و قەراج گریان



کێخوا فەیسەل سادق سیان

زۆرن ئەوانەی لە کۆڕی کوردەواری و لە مەجلیسی جوامێراندا، ئامادەییان هەیە، زۆریشن ئەو کەسانەی لەرێگەی ڕاگەیاندن و بە پشتیوانی سیاسەتەوە دەناسرێن، بەڵام دەگمەنن ئەو زاتانەی کۆڕی خانەدانان و مەجلیسی پیاوماقوڵان بەبێ ئەوان کۆنابێتەوە و نەک تەنیا ڕەزامەندی، بەڵکو خۆشەویستی ژمارەیەکی گەورەی هاووڵاتیان بەدەست دێنن و لەچارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا، لە بەهاناوەچوونی لێقەوماواندا، لەبەگژداچوونەوەی گەورەبەگچکەو چەندین دیاردەی بەسەرچووی عەشایەری، لە بەشداریکردنی خەمی خزم و خەڵک وەک یەک، لە ڕێگەگرتن لە شەڕوکوشتاری هۆزایەتی، لەهەموو ئەمانە وەک هەوری پڕ بارانن و هەمیشەش لەبەرەی میللەتەکەیانن .

کێخوا فەیسەڵ سیان یەکێکە لەو پیاوە دەگمەنانەو لەماوەی شەست و سێ ساڵ تەمەنی، خزمەتێکی بەرچاوی بە چەمکی لێبوردەیی کرد و سەربازێکی ون بوو لە چاندنی نەمامی مرۆڤدۆستی و تەبایی خێزانەکان . کەسێک لەناو دیوەخانی سولح و پێکهاتن لە گوندی دۆرەزەی گەورە لەساڵی ١٩٤٧ لەدایک بوو، هەر لەناو مەجلیسی سولحی عەشایەری لەپاییزی ساڵی ٢٠١٠ گیانی سپارد، بەڵام ئەو سنووری عەشیرەتگەری بەزاند بۆ بازنەی نەتەوایەتی و دروشمی ژیانی ئەو تەنیا مرۆڤدۆستی بوو. ئەندازیارێکی بەسەلیقەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بوو، تەنیا بەڵگەیەک بۆ ئەمانە کەرنەڤاڵی پرسەکەو مەراسیمی سەرگۆڕستانی کۆچکردوو بوو .

قانونی نەگۆڕی ژیان لەدایک بوون و مردنە، ئەوە پەیامێکی قەناعەت بەخشە بۆ هەرکەسێک کە خۆشەویستێکی لە دەست دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا کارەساتبارترین ساتێک کە مرۆڤ تێی دەکەوێت لەدەستدانی خۆشەویستێکتە، چ جای ئەوەی ئەم خۆشەویستە باوکی هاوڕێ و بە ئەمەکت بێت .

باوکی شیرینم (کاکە فەیسەڵ)، بەکۆچی بێ خوداحافیزیت تەنیا ماڵێک و بنەماڵەیەکت چۆڵ نەکرد، بەڵکو بەنەمانت کەلێنت خستە نێو مەجلیسی کوردەواری، ئاگردانی قاوەی دیوەخانی دەشتی هەولێرت خامۆشکرد، لە هەربۆنەو لە چارەسەری هەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی تۆ پارێزەری مافەکانی لێقەوماوان بووی، تۆی تەنیا کورە جووتیارێک ڕێچکەی باوانت بزر نەکرد لە چاکەخوازی و کۆمەک کردن بە چەوساوان، تۆ میراتی بەجێماوی دابونەریتی پیاوچاکان بووی .

هۆ پیاوەناندەرەکە، عەبدوڵڵا پەشێو لەمێژە گوتویەتی :" هەولێر دەست واڵایی لە قەراج فێر بووە "، نازانم تۆ لە ڕەسەنی کام گوڵە گەنمی ساڵی هاتی پڕبارانی دەشتی کاکی بەکاکی بووی، بەڵام لەپاییزی خەزان لەناکاو هەڵوەری .

مام حەوێز جوکل ئاغای دزەیی ئێستا تەنیا خەمی ئەوەی نییە، کە خۆشەویستێکی وەک تۆی لەدەستداوە، بەڵکو دڵگرانە بەوەی کە پیر بووە و هێزی ئەوەی تێدا نەماوە کتێبێکی دیکەش بنووسێت و جارێکی دیکە و لە بەرگێکی دیکەدا باسی ڕاوشکارو خانەدانی و میوانداری و جوامێریت بکات.

هۆ کاکە، ڕۆشنبیرانیش وەکو جوتیاران خۆیان بە خاوەنی پرسەکەت زانی، مەدحەت بێخەو هێشتا کۆمەڵێک پرسیاری مابوو لێتی بکات، کۆمەڵێک پرسیار دەربارەی مێژووی جوامێرایەتی و سەربردەی شۆڕەسوارانی دەشتی هەولێر .

هۆ کاکە، کاکی کاکان، ئەی ئەوکەسەی بۆ چەندین جار مستەشاریت ڕەتکردەوەو بە درێژایی تەمەنت سەنگەرت لە سەنگەری تەعریب گرتبوو، باشم لەبیرە لەساڵی ١٩٨٥ و لە گوندی قەراتە سۆرانی مەرزان کاتێک بەعسییەکان دەستگیریان کردی، ویستیان شەهیدت بکەن شەرمیان لە شەوکەتت کرد، ویستیان سووکایەتیت پێ بکەن لە ڕوویان نەهات، دەزانم کە ئەمە دووەم جاربوو لەدوای دەستڕێژی حەرەس قەومیان، تۆ لە مەرگی حەتمی ڕزگارت دەبێت .

تۆ ئاگردانێکی هەمیشە گەرمی پێشمەرگە بووی، تۆ نە (پی ئێم ئێف) و نە پیاوی دەوڵەت و حزب بووی، کەچی سێ هێزی کوردستانی تەنیا لەسەر دەستی تۆ بەڵێنی ڕاگرتنی شەڕی براکوژیان بەجێگەیاند لە دەشتی قەراج بۆ چەند ساڵێک تا ڕاپەڕین.

تۆی نەڕاست و نەچەپڕەو، تۆی تەنیا جووتیارێک، تۆ پەناگای پێشمەرگەی کوردستان بووی هەرلە شۆڕشی ئەیلوولەوە تا دوای هەرەس، تۆ هاوکات هاوسەفەری سروودی هۆ کاکی پێشمەرگە بووی .

هۆ کاکە، چل ڕۆژە جووتیارانی دەشتی هەولێر ڕەشپۆش و دڵ بەخەمن، ئیتر ئارەزووی ئەوەیان نەما پرسیاری باران بارین و فەلاحەتی لەکەسی دیکە بکەن .

چل ڕۆژە خزمان لە سەرسیانی بیتوێنەوە بۆ قەراج و کەندێناوە بۆت بەداخن و دەڵێن: ئاخ زوو بوو، هێشتا زوو بوو بۆ کۆچی کاکمان . چل ڕۆژە مام سابیرکاکەشین و ڕێبازو مەلاسلێمان خۆشحاڵن کە هەواڵی ئاوەدانییان بۆ دەبەی . شێخ لەتیف بەرزنجی لەمێژە چاوەڕێیە بۆ سۆراغێکی بەهاری پڕ دومبەڵانی دەشتی قەراجێ .

تۆ میوانی بەردەوامی نێو کۆڕی مەلایەکان بووی، ئێستا زانایانی ئاینی جگە لە سورەتی فاتیحە چیدیکەیان نییە بۆتی بڵێن.

تۆی هاوڕێی سادات و شێخەکان، دۆستی نزیکی کاک مەلای مشاری و میوانی هەمیشەیی تەکیەکەی شێخ عەبدولکەریم لە دارەخورما، ئێستاش لەدوای کۆچی بێ ماڵئاواییت مامە شێخ لە شێخانان لەهەموویان زیاتر چاو بە فرمێسکترە . تۆی نە دەروێش و نە موریدە، کەچی دیوەخانت جێگەی زیکری دەروێشان بوو، ئەوانیش ئێستا دوای کۆچی لە ناکاوت جگە لە هاوار بۆ پیری تەریقەت هیچی دیکەیان نییە بۆتی بڵێن .

تۆ عەرەبی زانێکی باش نەبووی، کەچی شێخانی عەرەب و برایانی عەرەبی دەڤەری مەخمور وەفای تۆیان لەبیر نەکردووەو دەڵێن: ئێمە برایەکی ڕاستەقینەمان لەدەست داوە، جگە لە هاوسۆزی برایەتیان ئەوانیش لەدوای تۆ هیچی دیکەیان نییە بۆتی بڵێن .

تۆ ڕێبوارێکی پشوودرێژی ڕێگای خێرخوازی بووی، دەبوایە بزانم پەلەکردنت ئاسایی نییە، دەبوایە بزانم کاتێک دوو ڕۆژ بەر لەدواکۆچت سەفەری ئەو دەشتەت کردو ماڵئاواییت لە بێژینگ بەسەرو قەرەبۆتک کرد، دەبوایە بزانم ئەوە دواسەفەرتە کاتێک بە پەلەبووی و بەدەستی خۆت کارێزە ئاوێکت لە بناری قەرەچوغ زیندوو کردەوەو تەنانەت باڵندەو کارمامزی ئەم پێدەشتەشت بێبەش نەکرد لە خۆشەویستی و بەزەیی خۆت . دەبوایە هەر زوو بزانم ئەمە لێک دابڕانی هەتا هەتاییە لەگەڵ حەیرانەکانی حەسەن حەیران .

بەقەد بەرزی منارەکەی مەلا ڕەشاد مفتی، ئاپۆرەی خەڵک وەفاو خۆشەویستیان بۆ تۆ بە فرمێسک دەربڕی، بۆیە ئێمەی نەوەو کەسوکارت تەنیا نین، تەنیا نین لەوەی ڕێچکەی مرۆڤدۆستیت بزرنەکەین .

ڕۆژی جەژن میوانەکانت پرسیاریان کردی، نەخۆش و هەموو ئەوانەی خاوەن پرسەو لێ قەوماوبوون، دۆست و ناسیاو هەموو هاتن و تۆ لەماڵ نەبووی، هەرلەڕۆژی جەژن و لەدوای ئەڵڵاهوئەکبەری مزگەوت منداڵان کۆبوونەوەو پرسیاریان کرد : کوا مامە فەیسەڵ ؟ کاکە لەکێیە شیرینی و جەژنانەمان بداتێ ؟ نەمزانی چیان پێ بڵێم، جگە لە گریان هیچ وەڵامێکی دیکەم پێنەبوو .

مافپەروەر: نیزام فەیسەڵ
nzmfaisal@yahoo.com

# پێناو پێشڕەو سەید برایم، ئەو ڕۆژنامەنووسەی بەڕێوەیە



**بەدرخان بەرلین**

کوڕێکی لاوی لە دایک و باوکێکی کورد لە ١٩٩٢/١١/٢١ لە بەرلین لەدایک بووە. ئاستی خوێندنی لە پۆلی ١٢ ئامادەییە، چەپکێک هیواو ئاواتی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە نووسەر و ڕۆژنامەنووس، هەر لە منداڵییەوە خەریکی نوسین بووە بە تایبەتی چیرۆک، بەڵام لە کارەکانی خۆی ڕازی نەبووە، بۆیە خووی خۆی دایە ڕۆژنامەنووسی.

بۆ ئەم مەبەستەش ماوەی دوو ساڵە خەریکی دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی قوتابخانەییە بە ناوی (porta) . پێناو سەرنووسەریەتی بە هاوکاری هاوڕێکانی ئەم بڵاوکراوەیە دەردەکەن. بڵاوکراوەکە بە پاڵپشتی قوتابخانەکەی و هەندێ ڕیکلامی بانک و ڕێکخراو و دوکانی گەڕەکی خۆیان (siemens stadt) بە دوو مانگ جارێ دەردەچێ.

تا ئێستا پێناو لە هەموو ژمارەکانی دا، یەک دوو نووسینی هەیە. چەند جارێک دەربارەی کوردو مەسەلەکەی وتاری نوسیووە، لە هەمووی سەرنجراکێشتر، لە یادی کیمیابارانی هەڵەبجە بابەتێکی نووسی، کە بووە مایەی زێتر ناسینی کورد لەلایەن قوتابخانەو قوتابیانی.

پێناو چالاک و خەڵکناس و حەز بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکا، بۆیە وەک وتەبێژی قوتابخانە دەست بەکارە، کە بەشداری هەموو کۆبوونەوەکانی قوتابخانە دەکا و نوێنەرایەتی قوتابیان و قوتابخانەش دەکا لەگەڵ بەرپرسانی پەروەردە و ئەنجومەنی گەڕەک.

لە ڕووی سیاسییەوە ئەندامە لە لاوانی سۆسیال دیموکرات، تا ئێستا چەندین جار توانیویەتی بەشداری کۆبونەوەی سوسیال دیموکراتەکانی بەرلین بکا، هەروەها جارێکیان ڕێگایان پێدا لە کۆبوونەوەی سەرۆکی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیاش بەشدار بێ.

ڕۆژانە چاودێری ڕووداوەکان دەکاو ڕۆژنامەکان دەخوێنێتەوە. بە شێوەیەک دایکی ترسی لێ نیشتووە ئاگای لە وانەکانی نەبێت.

زۆر حەزی لە سەفەر و گەڕانە ساڵانە جگە لە سەفەری کوردستان، کە هەرگیز لەدەست خۆی نادا یەک دوو سەفەری وڵاتانی ئەورپیش دەکا. جگە لە زمانی زگماکی خۆی کوردی ئەڵمانی زۆر چاک دەزانێ و دەنووسێ، هەروەها بە ئینگلیزییەکی زاراوەی ئەمریکی قسە دەکا. فەرەنسیش دەزانێ، لە لاتینیش سەری لێدەردەکا.

لە دوا ژمارەی بڵاوکراوەکەیان دوو بابەتی نووسیوە، یەکەمیان لەسەر کۆنسێرتێک بووە، دووەمیشیان لەسەر کتێبێکی نوێی ساراتسین، کە پێشتر وەزیری دارایی هەرێمی بەرلین بووە، دوایش سەرۆکی یانەکەکانی ئەڵمانیا. وتارەکە بەناوی (موسڵمانان لەروانگەی ساراتسینەوە). پێناو هەرچەند لە ڕووی یاساییەوە ڕەگەزنامەی ئەڵمانی هەیە، بەڵام هێشتا لە ناو کۆمەڵگای ئەڵمانی خۆی بە بێگانە دەزانێ، یان ڕاستتر بە بێگانەی دەزانن. ساراتسین لە کتێبەکەیدا باسی مەترسی کلتوورو خەڵکانی ئیسلام دەکا بۆ سەر کلتوورو دەوڵەتی ئەڵمانیا. پێناو دەنووسێ:

ئیدعاتێک، کە چەندین پرسیارو بیرکردنەوەی قوڵ لە خۆی دەگرێ، وەزیری دارایی پێشووی بەرلین تیلۆ ساراتسین ڕووبەڕووی دانوستانێکی نوێ دەبێتەوەو هەرایەکی گەورەش دەنێتەوە، نەک هەر دژی تێکەڵ بوون و گونجاندنی کۆچبەران بوو، بەڵکو دژی ئەو موسڵمانانەی لە ئەڵمانیای فیدراڵ دەژین.

"ئەڵمانیا نغرۆ دەبێ" گەر موسڵمانەکان بەو ڕێژەی لەدایکبوون بەردەوام بن لە ئەڵمانیا. بەو پێشبینیە ساراتسین دانوستانێکی گەورەی وروژاند. دانوستانێک گەلی کردە دوو گروپی لەیەک جیا : گروپی یەکەم هاوڕای ساراتسین بوون، کەچی بەشەکەی دی بە توندی دژی وەستان. یەکەمیان وا بیر دەکەنەوە، کە ساراتسین بە زمانی ئەوان و لە جیاتی ئەوان بیروبۆچوونەکانیان دەردەبڕێ. بیرکردنەوەی ئەوان دەخوێنێتەوە. لە لایەکی دیکەوە بۆچونی ڕەگەزپەرستی و ناسیونالیستی و شۆفینیانە دژی بێگانە دەردەبڕێ. بەڕاستی ئەمە چۆن دەبیندرێ و چی دەگەیەنێ؟

ئایا ئەوە ئەمە دەگەیەنێ، کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەڵمانیا و هەموو ئەورووپا دەبێتە وڵاتی موسڵمانان؟ ئایا پێویستە ترس هەبێ لە موسڵمانان و ئەوەیە ترسەکە؟

ڕاستییەکەی ئەو سامەی، کە لە ئیسلام دروست بوو هی تەنها شەو و ڕۆژێکە، ئەو کاتەی (٢٠٠١/٩/١١) ڕوویدا. لە نەوەدەکان و هەروەها لە هەشتایەکاندا ئەو سامە گەورەیە نەبوو. جاران ئەو پرنیسپە باو بوو دەگوترا : ئەوەی لەمن دوور بێ خەمی من نییە، بە کوردییەکەی ئاگرە سوورە لەمن دوورە، بەڵام ئێستا کێشەکە لە دەرگایان دەدا. لە کاتی بازارکردندا ئەو کێشەیە دەبینی. کاتێ مرۆڤ چاوەڕێی پاس دەکا، هەروەها لە ناو بەرنامەکانی تەلەفزیۆندا کێشەکە هەستی پێدەکرێ. با ئەو پرسیارە بکەین کێشەکە چییە؟ ئایا ڕووپۆشی باڵاپۆشیە؟ مزگەوتەکانە؟ ئیسلام خۆیەتی؟ یان هەڵەی ئامادەکاریەکانی تێکەڵاوبوونە؟

لە هەر یەکەیان هەندێک هۆکارە. تراژیدیای دانوستانەکە، هەر تەنها کێشەکە خۆی نییە، وەک پارتە جیاوازەکان دەیخەنە ئەستۆی یەکتر.

لە ڕاستیدا ئەم هەرایە، یان ڕاستتر ئەم کتێبە (ئەڵمانیا نغرۆ دەبێ) هەموو خەڵک و ڕای گشتی ئەڵمانیای سەرقاڵ کرد، تا وای لێهات هەندێ کەس بەو پیاوە بڵێن نازی. هەندێکی دی ڕژانە ناو شەقامەکان و خۆپیشاندانیان لە دژی کرد.ئەو هەرایە کێشەکەی گۆشەگیرکرد و لە پەنایەکی نەدیو دانا، لە هەمان کاتیشدا ڕق و کینەی دژی موسڵمانان زێتر و گەورە تر کرد، بە شێوەیەک کێشە ئەسڵییەکە لە بیر کراو بێ چارەسەر مایەوە.

لە دیمانیەکی تەلەفزیۆنی دا لە وەڵامی ئەو پرسیارەی چەندت لەو پارەی لە فرۆشتنی کتێبەکەت قازانج کردووە، تەرخان دەکەی بۆ چارەسەری کێشەی تێکەڵ بوون؟ لەوەڵامدا ساراتسین گوتی: من پێت ناڵێم . بەمەش مەسەلەکە کۆتایی هات.

ئەڵمانیا نغرۆ نابێ، لەبەر ئەوەی کێشەی تێکەڵبوونی هەیە، بەڵکو ئەڵمانیا نغرۆ دەبێ، چونکە هەر قسەی پوچ و بێ ماناو بۆڵەبۆڵ دەکرێ و ڕەخنەی سەر ئاستەکی دەگیرێلەناو دەچێ. دەبێ بزانین ئەو توانایەی لەم قسەقسەڵۆکانە سەرف دەکرێ، بۆ ئەوە تەرخان بکرێ، کە شتێک بکرێ بۆ چارەسەرکردن.

ئەو کێشەیە لە پڕێکدا پەیدا نەبووە، بەڵکو لەو کاتەوە سەری هەڵدا، کە ئەڵمانیا بۆ ئاوەدانکردنەوەو نۆژەنگردنی پێویستی بە دەستی کار بوو، بۆیە پێش پەنجا ساڵ چەند ملیۆنێک کرێکاری هێنا، کە پێیان دەگوتن کرێکاری میوان. هەر بۆ ئەوە بوو کار بکەن و خزمەتی ئەڵمانیا بکەن، هاوکات بۆ ئەوە نەبوو هەوڵ دەن و بەرنامە دانێن و پارە سەرف بکەن، بۆ ئەوەی تێکەڵی کۆمەڵگەی ئەڵمانی بن. گەر ئەوەی بکردبا ئێستا ئەو کێشەیەی نەدەبوو. زۆرێک لە هاوڵاتی بێگانە ئەڵمانیەکی باش قسە دەکەن. بەش بە حاڵی خۆم هەرچەند لە ئەڵمانیا لە دایک بووم، بەڵام هەست دەکەم هەر بێگانە، کاتێ بۆچونەکانیشم دەردەبڕم لە بەرەی ڕەخنەگرەکانم لە قەڵەم دەدەن.

کتێبەکە یەک ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە، بۆیە ساراتسین خۆشحاڵە، کە دەبینێ بە سەدان لە ڕاپرسکاران هەڵپەو پێشبرکێیانە بۆ ئەوەی ڕاپرسی بکەن لەسەر ناوەرۆکی کتێبەکەی. ڕۆژنامەنووسان ئەوەندەیان لەسەر نووسی تا پەنجەکانیان بریندار بوون، نیگارکێشەکان چەندین هەفتە سەرقاڵی مانشێت نووسین بوون لەسەر ساراتسین.

ئەدی دوایی؟ هیچی کە زێتر نەکرا، خوێنەری ڕۆژنامەکانیش چاوەڕوانی بابەتێکی وروژێنەری دیکەن.

کاتێ مرۆڤ تەماشا دەکا، ساراتسین لە بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی بە کوێ گەیشتووە، هەر بۆشایی دەبینێ، کە بێگانەکان ئەڵمانی باش نازانن، کەس هەوڵی چاک نادا بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵگەی ئەڵمانی تێکەڵاو بێ، هیچ دەرمانێکیش بۆ گێلایەتیان نادۆزنەوە.

مرۆڤ لە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەدا زۆر سەیرە هەر دەزانێ ڕەخنە بگرێ، بێ ئەوەی بزانێ بۆچی و لە پێناوی چی وا دەکا. لەوانەیە هۆکارەکەی سروشت بێ، یان باشترە بڵێم گوناهی جینەکان بێ، کە مرۆڤ هەر تەماشا بکاو هیچ نەکا.

مرۆڤ دەبێ چاوی بکاتەوە و چارەسەری تێکەڵبوون داوا بکا. دەبێ بزانێ، کە بێگانە لەم وڵاتەدا نەوەی سێیەمی لا پەیدا بووە، ئەو وڵاتەش بە هی خۆی دەزانێ . ئەوەندەی شارەزای ئەڵمانیایە و زمانەکەی دەزانێ، هی وڵاتەکەی خۆی نازانێ.

چەند ملیۆنێک لەوانە دەبێ بواریان بدرێتی تێکەڵاوی سیاسەت و لەگەڵ ئەم کۆمەڵگەیە بگونجێندرێن، بە پێچەوانەوە دوارۆژێکی باشتر لە ئاسۆدا نابیندرێ.

" چەندین ساڵە لێرە دەژین، نە بەزمانی ئێمە قسە دەکەن، نەشارەزای کلتوری ئێمەن. من وای بە باش دەزانم تاقی کردنەوەی زمان و کلتوریان بۆ بکرێ، ئەوەی نەیزانی وەڵام بداتەوە، دەبێ ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێ و بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی"

ئەمە لە نامەیەکی کابرایەکی ئیسئەڵمانیا نغرۆ دەبێ هاتبوو، کە نارەزایی خۆی بەرامبەر کۆچی گەورەی ئەڵمانەکان بۆ ئیسپانیا دەربڕیبوو.






## مرۆ (١٣٦)

**حەمید بەدرخان**

### بۆ سینەم خان جەلادەت بەدرخان

زۆرجار باس لە بنەماڵەی بەدرخانییەکان و ڕۆڵیان لە بزاڤی ڕۆژنامەوانی کوردیدا لێرەولەوێ دەکرێ، کاتێ یادی ڕۆژنامەوانیش ١٨٩٨/٤/٢٢ دەکرێتەوە، بەشانازییەوە هەموو دەزگا ڕاگەیاندنەکان و ڕۆژنامەو بڵاوکراوەو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش باسی بەدرخان و بەدرخانییەکان دەکەن، کە چۆن لەسەر دەستی ئەو بنەماڵە تێکۆشەرە مونەوەرە هۆشیارە، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی"کوردستان" لەلایەن جوتە برا"میقداد بەدرخان و عەبدولڕەحمان"ی برای دەرچوو...

بەمەبەستی سازدانی هەشتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە پاریس ٩-٢٠١١/٧/١٠ لەتەک "د. نەجاتی عەبدوڵلا، د. ئازاد حەمەد شەریف و حەمید ئەبوبەکر بەدرخان" سەردانی شازادە "سینەم خان جەلادەت بەدرخان"مان کرد لە ماڵەکەی خۆی، پاش پرسین دیاربوو سینەم خان دەیخواست شتێک بڵێ و من بەئاگا بێنێتەوە لە کاروباری دەزگای بەدرخان.. بۆیە سڵی نەکردەوەو بە میهرەبانییەوە ڕووی دەمی لەمن کرد و گوتی: "کاک حەمید واز لە چاپکردنی کتێب و فێستیڤاڵی ساڵانەی بەدرخان بهێنەو کاری مەزن مەزن بکە. من دەخوازم کاری گەورەو دیار ئەنجامبدەیت. بەتایبەتی کارێک وەکو ئینسکلۆپیدیای هەولێر، کە لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخانەو خۆشت یەکێک بووی لە ئەندامانی لیژنەی باڵا بۆ نووسینەوەی ئەو ئینسکلۆپیدیایە. بەهیوام سێ ساڵ جارێک فێستیڤاڵی بەدرخان ئەنجامبدەیت و لەئێستادا دەست بکە بە "ئینسکلۆپیدیای بەدرخانیان" کە هەرچی لەسەریان نووسراوە و نووسیویانەو هەرچی دۆکیۆمێنت و وێنەو شتی ئەرشیفی هەیە کۆیانبکەینەوەو لە"٣-٥"ساڵ بتوانین چاپی بکەین و بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ چاپ و بڵاوبکرێتەوە، هەرچەندە ئەوە مانای ئەوە نییە، کە دەزگای بەدرخان خراپەو هیچی نەکردووە، نەخێر من حەمید بە کوڕ و برای خۆمی دەزانم..."پاش ئەو پێشنیازەی ئەو خاتوونە"سینەم خان" لەلایەن ئامادەبووانەوە "د. نەجات و د. ئازاد"بووە جێگای مشتومڕ و قسە لەسەرکردن، بۆیە هەرئەوکات لەحزوری"سینەم خان" بەرنامەیەکی کاتی دانراو ئالییەتی کارکردنیش بەشێوەیەکی مۆدێرن بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژەیە گەڵاڵەکراو بەهیواین بتوانین ئەو پرۆژە وەکو سەرجەم پرۆژەکانی دیکە سەرکەوتوو بین. داوا لە هەموو نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و ئەکادیمیانی کوردستان دەکەین، کە یارمەتیمان بدەن بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆژە ناوازەیە..

**بەڕێز سینەم خان جەلادەت بەدرخان**

چۆن لە بەغدا لەنێو ماڵەکەی خۆتان لەگەڕەکی "عامریە" بڕیار و یەکەمین بەیانی سازدانی فێستیڤاڵی بەدرخانمان بەدەست و پەنجەی ڕەوانشاد "سەلاح سەعدوڵلا" لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣ نووسی و بووە هەوێنێک بۆ سازدانی حەوت فێستیڤاڵی بەدرخان لە ٢٠٠٤/٤/٢٢ تا ٢٠١٠/٤/٢٢ لە"سلێمانی، دهۆک، هەولێر، بەرلین، قاهیرە، ئەسینا،واشنتۆن"ئاواش دەبێ "ئینسکلۆپیدیای بەدرخانیان" لەماوەی دیاریکراوی خۆیدا ئامادە بکرێ و چاپبکرێ.

دەزگای بەدرخان بۆ هەمووانەو هەردەم لەخزمەتی وشەی کوردی و دروستبوونی پری ڕووناکبیرییە لەنێوان گەلان.

## پرسە

* بەناوی کارمەندانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ڕاوێژکاری زمانەوانی دەزگای بەدرخان د. وریا عومەر ئەمین دەکەین بەبۆنەی کۆچی دوایی خوشکی بەڕێزیانەوە (نەسرین عومەر) داواکارین ئەمە دوا کۆستی بنەماڵەیان بێت.

* بەناوی کارمەندانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی فۆتۆگرافەر و هونەرمەند جیهانگیر گەردی دەکەین بە بۆنەی کۆچی دوایی باوکیانەوە (ئیبراهیم گەردی) داواکارین ئەمە دوا کۆستی بنەماڵەیان بێت.

# زيارة وفد ثقافي كردستاني الى موطن الروائي الكبير (كازانتزاكيس)



* شاكر عبدالكريم

في إطار النشاطات الثقافية لمؤسسة بدرخان للطباعة والنشر ، قام وفد من مثقفي إقليم كردستان في (1/21/ 2011) بزيارة جزيرة (كريت) اليونانية التي هي موطن الكاتب والروائي اليوناني الكبير (نيكوس كازانتراكيس) ، وهذا الكاتب أحبه النخبة الثقافية الكردية ، وترجمت نتاجاته الى اللغة الكردية وهو أديب كرس حياته لخدمة الانسانية وصداقة الشعوب عن طريق كتاباته وقصصه ، ومن أهم قصائده قصيدته المشهورة (أوديسا) وكانت الزيارة تحت عنوان (نبع الحرية من كردستان الى كريت وطن نيكوس كازانتراكيس).

وللاطلاع على جانب من هذه الزيارة ، توجهت (الاتحاد) الى مبنى مؤسسة بدرخان ، والتقى الصحفي حميد بدرخانٍ رئيس المؤسسة ، وتحدث قائلا: كان الهدف من الزيارة هو بناء جسور للثقافة بين الشعبين الكوردستاني واليوناني ، والتعريف بالثقافة الكوردية وتبادل الخبرات ، وبالامكان وصفٍ الزيارة بانها كانت ناجحة جداً.

وأضاف: ومن أهم الجوانب الهامة للزيارة ، هو لقاء عدد من أعضاء الوفد يوم (2011/1/27) ، وفي مبنى البرلمان اليوناني في (أثينا) بالسيد (آسانا سيوس بابا دوبولوس) نائب رئيس البرلمان ، وضم الوفد كل من : حميد أبوبكر بدرخان مسؤول مؤسسة بدرخان للطباعة والنشر وآزاد صادق المستشار في البرلمان الكوردستاني والدكتور آزاد حمه شريف أستاذ جامعي والمستشار الفكري للمؤسسة وره وا حمه كريم المثقف والناشط في مجال المجتمع المدني في اليونان.

وفي مستهل اللقاء رحب نائب رئيس البرلمان اليوناني بالوفد الكوردستاني ، وأعتذر عن عدم حضور رئيس البرلمان ، لانشغاله بأمور هامة ، وأعرب عن سروره لنشاطات مؤسسة بدرخان ، وزياراتها العديدة الى اليونان وواشنطن وألمانيا والقاهرة والسويد ولندن ، وآخرها جزيرة (كريت) ، ووصف هذه الزيارات بأنها ثقافية وتراثية ، وتهدف الى تعزيز العلاقات بين الشعوب.

ثم أستعرض رئيس الوفد الزميل حميد بدرخان ، نشاطاتٍ مؤسسة بدرخان ، وقدم شرحاً حول الاوضاع الثقافية في كوردستان ، والتقدم الحاصل في إقليم كردستان.

أعقبه السيد آزاد صادق المستشار في البرلمان الكردستاني ، ونقل تحيات الدكتور أرسلان بايز نائب رئيس البرلمان الكردستاني الى السيدٍ (آسانا ناسيوس) ، وقدم عرضاً مختصراً عن تركيبةٍ البرلمات الكردستاني ، معتبراً البرلمان نموذجا للديمقراطية في منطقة الشرق الاوسط ، حيث تحول إقليم كردستان الى ملجأ آمن لاخوة المسيحيين ومواطنين آخرين من كافة أنحاء العراق.

وبعد ذلك تحدث الدكتور آزاد حمه شريف، المستشار الفكري لمؤسسة بدرخان و منظم مهرجانات بدرخان في خارج البلاد، وأشار الى العلاقات التأريخية والعريقة بين حضارتي اليونان وكردستان ، وسلط الضوء على النقاط المشتركة بين كردستان واليونان ، في مجالات التراث والادب والفولكلور والموسيقى والعادات والتقاليد ، مؤكدا على تعزيز العلاقات بين الشعبين في المجالات الحياتية كافة.

وتمنى أعضاء الوفد بأن يوصف الشعب اليوناني وبرلمانه ، الجرائم التي أرتكبيت بحق الشعب الكردستاني ، إبادة جماعية بشكل رسمي ، وتأييد قضيته المشروعة.

وبالمقابل ، شكر نائب رئيس البرلمان اليوناني الدكتور أرسلان بايز على تحياته ، وأعرب عن تمنياته بزيارة كردستان في المستقبل القريب ، وفي ختام اللقاء قدم الوفد هدية مؤسسة بدرخان والتي كانت عبارة عن (ميدالية نيكوس كازانتراكيس) الى رئيس البرلمان ونائبه.

كما وقدم (إينسكلوبيديا أربيل) كهدية الى مكتبة البرلمان اليوناني ، وقدم البرلمان هديته الى الوفد الكردستاني وكانت عبارة عن كتاب (بيريكليس مؤسس الديمقراطية في اليونان).

وتابع مسؤول مؤسسة بدرخان: الوفد الكردستاني ضم الزملاء (حميد بدرخان ، اسماعيل خياط ، دارا محمد علي ، أحمد محمد اسماعيل ، د.آزاد حمه شريف ، آزاد صادق ، ده شتي جنكي ، شيلان ياسين ، شيلان يوسف ، سمكو عبدالكريم ، دلزارحسن ، هزار صديق ، قاسم نوري).

وقام أعضاء الوفد بزيارة مثوى الكاتب الكبير (نيكوس) وعقيلته (هيلين) والمتحف الذي يحمل إسمه.

ولا يفوتنا هنا أن نذكر بأن نشاطات الوفد ، قد تم تغطيتها من قبل الصحف اليونانية.

شكرنا لكل الذين ساهموا في إنجاح هذا النشاط بغية مد جسر ثقافي بين الشعب الكردي وشعوب الارض قاطبة.

# سقوط الفراعنة وأوهام التغيير و نهاية المزاعم النخبوية !!

**د.سامان سوراني**

لكل عصر مفاتيحه والفضاء الميديائي في عصرنا هذا مفتاح يسهم اليوم في صناعة التظاهرات الجماهيرية التي تؤدي الى ازالة الاشباح.

الإنسان، هذا الموجود الزماني، يحاول دائما عن طريق فعله أن يصحح الماضي و يغير الحاضر و ذلك تمهيدا للمستقبل القريب. بمعنى آخر، أن و جودنا البشري هو تحرر من الماضي و إنطلاق نحو المستقبل. ولو كان الإنسان أسير ماضيه، لكانت الحياة البشرية هي اليأس بعينه.

في ضوء ما يشهده العالم العربي من التحولات الهائلة و الطفرات المفاجئة ومن التظاهرات الجماهيرية التي قلبت موازين الحكم في بعض الدول العربية و أدت الى سقوط الفراعنة، نقول `انتهت الازمان، و مرت الاشباح، و ها هو الفجر يطلع`، لكننا نستنتج بأن المثقف النخبوي كان يزاول مهنة فاشلة، لانه لم يحسن سوى خسارة القضايا التي كان يدافع عنها، والدليل على ما نقوله، أصحاب الافكار الكبيرة و المشاريع العريضة و الاحلام الخلاصية صاروا أقل الناس فاعلية لا في بيئاتهم فقط بل على الساحة الدولية أيضا. سابقا كانوا يعتقدون بأنهم يجسدون عقل الامة و صفوة البشرية و أنهم أصحاب الوصاية على القيم العامة المتعلقة بالحقيقة و الحرية أو بالعدالة و المساواة واليوم نرى جهودهم و مواقفهم قليلة الجدوى و الفاعلية، فقد تحولوا الى `بائعي الاوهام` في عصر الاقتصاد الرقمي و الشركات العملاقة و صاروا نتيجة تصوراتهم الخادعة و مناهجهم القاصرة في المؤخرة من حيث المشاركة في صناعة التغيير والحياة.

الجماهير لم تعد تنتظر من يأتي لزرع الوعي في عقولها و تحريرها من قيودها. فالذين يصرون على التعامل مع أنفسهم ومهامهم بوصفهم النخبة التي تملك مفتاح الفهم والحل و التغيير، مثلهم كمثل الرجل الذي أضاع الصندوق الذي خبأ فيه أمواله، و لكنه بقي محتفظا بالمفتاح.

ومن أراد تحقيق معجزات تنموية، عليه رفع شعار `لا تنمية بلا ابتكار افكار`، بعيدا عن العقلية الغوغائية و لغة التشبيحات النضالية و التحررية وأن لا يخاف لغة التعارف و التواصل و أن لا يحرس الثوابت المعيقة والمقولات المستهلكة و النماذج البائدة و أن لا يستقيل من التفكير الحي. والتنمية ليست ذات بعد واحد، فهي عملية متكاملة تطال مختلف نشاطات الانسان، الاقتصادية و المعيشية، الاجتماعية والتواصلية، الثقافية و الفكرية. فلا تقدم على الصعيد الحضاري من غير توليد الجديد والخارق من الافكار التي تتيح للمجتمع أن يمارس حيويته الفكرية بامتلاكه القدرة الدائمة على تجديد المفاهيم و المعايير ومن غير خروج العقل السياسي من عجزه ليجدد ذاته، و ذلك عن طريق نقد مسلماته و ثوابته و تفكيك بداهاته و آليات اشتغاله.

والتجارب أثبتت بأن المشاريع الشاملة لم تنتج سوى أنظمة شمولية، والدعوات الى التحرر الشامل آلت الى تقليص فسحة الحريات وسلب المكتسبات من الحقوق و محاولة العقلنة الشاملة أدت الى المزيد من الفوضى. ففي التجربة الديمقراطية الغربية نرى بأن مفهوم الراعي فقد أولويته، و خف الولاء للشخص و حل محله الولاء للمبدأ أو القانون أو المؤسسة و علا سلطة الكلام على سلطة السيف واتى للكل المشاركة في التقرير عن طريق العملية الديمقراطية وصار كل شيء خاضع للنقاش والجدل. فبقصد الوصول الى الاوسع و الاكثر انفتاحا والاشد استيعابا و فاعلية علينا تفكيك المغلقات و القوى الكابحة و السلطات المستبدة و العقليات الضيقة.

نحن نعرف بأن السياسة ليست مملكة الفضيلة و النوايا الطيبة، بل هي ممارسة للسلطة تبعا لمنطق الانتاج و توزيع رؤوس الاموال و آليات النمو و الاستثمار. و السياسي المعارض الذي يدعو الى التغيير سرعان ما يتخلى عن مواقفه الخلقية و تهويماته المثالية، عند استلامه الإدارة و ممارسة السلطة. علينا بالديمقراطية الجذرية ففيها لا يقتصر الحق على انتخاب المواطن لممثليه أو على مراقبة أعمال الحكومة، بل يقضي بالمشاركة الفعالة في المجال العام. و لاتعود الرابطة الاجتماعية مقتصرة على الاشتراك في التقاليد و الولاءات، بل تبنى على التضامن والمسؤولية المتبادلة، لصنع المصائر بصورة مشتركة عبر توسيع و تعميق الممارسات. عندها يصبح كل واحد صانع حياته عبر التواصل مع سواه و المشاركة معه في تشكيل الفضاء الاجتماعي.

وختاما لكم المثل القائل: `لا عيش لمن يضاجع الخوف`

## بەڵێ کردار شەرتە

# حکومەتی هەرێم لەنێوان خزمەتکردنی هاووڵاتیان و خەیاڵی ڕوخاندندا



**بژارحەکیم - هەولێر**

* کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتاوە دروشمی (کردار شەرتە) ی بەرزکردەوەو بەڕێز دکتۆر بەرهەم ساڵحیش وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێم توانی ژیرانەو حەکیمانە ئەو بەرنامەیەی لە لیستی کوردستانی لەوادەی هەڵبژاردندندا وەک سەرۆکی لیستەکە بەخەڵکی دابوو ئێستا خەریکی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەیە.

دەشێ بڵێین کابینەی شەشەمی حکومەت جیابووە لەکابینەکانی رابردوودا، ئەویش کابینەی شەشەم خاوەنی دروشمێک بووە بۆ خزمەتکردنی تەواوی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و لەئێستادا دروشمی ( کردار شەرتە) گەیشتۆتە ئامانج و کرداری بەرنامەکانی، لەسەرەتای دەست بەکاربوونی ئەو کابینەیە تاوەکوو ئێستا زۆر کارو پرۆژەی جددی و گرینگ هاتونەتە جێبەجێکردن و هەوڵەکانی ئەو کابینەیەش بۆخزمەتی هاووڵاتیان لەزارەکییەوە بۆتە ئەرزی واقیع، ئەو کارو پرۆژانەی حکومەت جێگەی سوودبوونە بۆ هاووڵاتیان و بەدیوێکی تردا ئەو کارانەی حکومەتی هەرێم، کە دەستەبەریکردوون دەکرێ بە پرۆژەی ستراتیژی ناویان ببەین، بەنموونەش : پرۆژەی تواناسازی لاوان و ناردنە دەرەوەی خوێندکاران بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەو پێدانی پێشینەی خانووبەرە بەهاووڵاتیانی شارو تەنانەت قەزاو لادێکانیش پرۆژەیەکی کەم وێنەبوو بۆ بوژاندنەوەی باروگوزەرانی هاووڵاتیان و دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی دژبەژنان و دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای خانمانی هەرێم بۆ گرینگی و بایەخدان بە پرسەکانی ژنان و چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانیان و لەگەڵ ئەنجامدانی دەیان کارو پرۆژەی حزمەتگوزاری و پرۆژەی ستراتیژیتری بە بایەخ.

لەگەڵ کارکردنی ئەو مەودا کورتەی کابینەی شەشەم، رەخنە بێویژدانییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و دژایەتیکردنی حکومەتەکەی بەرهەم ساڵح و بەردگرتنە حکومەت بۆتە کاروپیشەی ئەوان، بەڵام خۆشبەختانە حکومەتی هەرێم توانی لەناو گێژاوی سیاسەتی تەعن و پەلامارگرتنی گۆڕان و هەندێک کەسانی دیکەی نەفس نزم ئازایانەتر کارەکانی خۆی بۆ خزمەتی هاووڵاتیان درێژە پێبدات وەک :

زیادکردنی موچەی کارمەندانی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و موچەی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان و بەم دوایەش بۆ ڕاگرتنی بلانسی دامەزراندن و پڕکردنەوەی میلاکاتی دەزگاکانی حکومەت ئەنجوومەنی ڕاژە لەهەرێمی کوردستان دامەزرا، ئەوەیش هەنگاو دەستکەوتێکی تری کابینەی شەشەمە، ڕەنگە زۆرێک پێیان وابێت یان بۆچوونیان وەها بێت ئەو کارانەی حکومەت ئەنجامیداون کاری خۆیەتی و نابێت بکرێتە منەت و موزایەدە بەسەر هاووڵاتیانی بفرۆشنەوە، منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەم، بەڵام کاتێک حکومەت ئەو کارانە دەکات بۆچی هەندێک لایەن و خەڵک خۆیان لێ کردوە بەکەڕەی شەربەت و چاویان لە ئاست ئەو کارانەی حکومەت بستێک بڕناکات ؟!

ئایا ئەوانەی هەمیشە ڕەخنەی ڕوخێنەر ئاراستەی حکومەت دەکەن و پێیان وایە هیچ ناکات، بەلام بۆچی دروستکردن و قیرتاوکردنی دەیان کیلۆمەتر نابینن و تەنها تاسەیەکی یەک مەتری دەکەنە هەواڵێکی چەواشەکارانەو بەخەڵکی دەفرۆشنەوە ؟!

لەسەرەتای ئەو کابینەیەدا لەلایەن گۆڕانەوە پرۆژەی دژایەتیکردنی پێشوەختەیان هەبووە بۆ کابینەی شەشەم تەنها لەبەرئەوەی سەرۆکی حکومەت یەکێتییەو ئەو حکومەتە یەکێتی وەریگرتبوو، بۆیە بڕیاری ئەوەیاندابوو، کە ئەگەر بێتوو حکومەت کێشەی کارەبا بەتەواوی چارەسەربکات و ئەم وڵاتە بکات بە تیشکی خۆر ئەوە دەڵێین ئەو تیشکی خۆرە بۆهاووڵاتیان سەرەتانە !!دیارە ئەو دژایەتییە بۆ حکومەت و بەتایبەتی ناو و ناتۆرەی بێمانا لەدژی سەرۆکی حکومەت بۆ ئەوەیە لەبایەخی کارەکانی ئەو کابینەیە کەمبکەنەوە، ئاخر ئۆپۆزسیۆن بوون وەها دەکرێت، کە راستییەکان بشارنەوەو هەڵەکانیش بکەنە دێوەزمە و بنێشتە خۆشەی سەرزارتان، لێرەدا پرسیاری خەڵکی ئەوەیە بۆچی ئەم ئەزموونەی ئێستا هەیە لەکوردستان بەرەو دۆخێکی دژوار بڕوات، کە دڵنیام لەبەرژەوەندی کەس دانییە، ئاخۆ بۆچی دەبێت حکومەت بڕوخێت لەکاتێکدا خەڵکی لە چاوەڕوانی دەیان پرۆژەی پێویستن و حکومەت دەیەوێت ئەنجامیبدات ؟ ئایا بارودۆخ و زەمینەی هەرێم توانای دژوارییەکی تری هەیە وەک ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لەبەیاننامە حەوت خاڵییەکەیاندا، کەنووسیان و خستیانە بەردەمی خەڵکی و چەندە توڕەیی لێکەوتەوە .

لە سەروبەندی ئەو دۆخە دژوارەی، کە بەهۆی بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان چەند رۆژێکی خایاند و هاووڵاتیانی هەرێم بەتوندی دژی وەستانەوە، لە تیڤییەوە راپۆرتێکم بینی قسەی یەکێک لەقسەکەرانی ناو ڕاپۆرتەکە سەرنجی راکێشام: بەمشێوەیە وتی : من بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی کودرستانەوە لەگومرگی سەوزەومیوە کاردەکەم تەنها بە دەرکردنی ئەو بەیاننامەیەی گۆڕانەوە تەنها لەدوو رۆژدا سەد هەزار دۆلارم زیانم لێکەوتەوە، بۆیە ئێستا دەزانم تێکچوونی باری ئەمنی کوردستان چەند زیان بەهەرێمی کوردستان دەکەوێت.

لەکۆتاییدا دەمەوێ بڵێم، ئەو حکومەتەی بە رەنجی دەیان خەبات و قوربانی خەڵکی کوردستان دروست بووە، گۆڕان دەیەوێت بە بەیاننامەیەک فریوی خەڵک بدات و لەبڕی گۆڕانی ڕیشەیی و چاکسازی کۆمەڵایەتی و دادپەروەی وەک ئەوەی خۆیان بانگەشەی بۆدەکەن بیکەن و بە فیعلی ببنە ئۆپۆزسیۆنێکی تەندروست و بونیادنەر، کەچی بانگەشەی روخانی حکومەت و پەرلەمان دەکەن و تووشی بارێکی دەروونی سەخت بوونەتەوە، بەڵێ کردار شەرتە ئەوە بۆ نمونەیەکی تری زیندوو چەند رۆژێک لەمەوبەر حکومەتی هەرێم بەردی بناغەی دروستکردنی شەش سەدو بیست خانووی لەچەمچەماڵ بۆکەسوکاری شەهیدان ئەنجامدا، بۆیە لەسەر ئەرزی واقیع ئەوە کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی حکومەتە وەک ئەو خەیاڵە پوچەی گۆڕان داوای کردبوو بڕوخێت، ئەگەر ناتوانن بیگۆڕن مەیڕوخێنن !!


د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح - سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# ڕۆژگاری ئەو

**ڕەهبەری سەید برایم**

باخەوانێ لە باخی شیعرو چامە، بە خاکە نازی بیرو خامە، دێر دێر ئاوی گوڵانی دێراوە، دیوان بە دیوان گوڵ بە گوڵ لە شاعیرانی کلاسیک گەڕاوە، وەک بولبول و هەنگ، لە گوڵزاری ڕەنگین و ڕەنگاو ڕەنگ، هەڵاڵەو گوڵاڵە و شیلەو شەکرە هێشووی شیعری مژیوە، بەرچنەیەک کتێبی لە مێژووی ئەدەبی کوردی لێ هەڵچنیوە، خەزنەیەک شانەی هەنگوین و شەکرە وشەی خستووتە سەر خەرمانەی ئەدەبی کوردی، بە ڕەنج و شەونخوونی و ماندووبوونی خۆی بە سەرنجی وردی، لە خاکی بوورو بە یارو بەراو و ڕەباس، هۆدانەوەو وەردانەی بۆ کردووە، شارەزاو شاعیرناس، گوڵدەستەی شاعیرانی خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە و بەر باس، ئەو زاتە بەرزەدارە، مەزنەدارە، پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدارە، خۆی درەختێکی پڕ گوڵ بە بەرهەم و لق و پۆپدارە، بە بەرزایی قەڵاو منارە و هەیبەسوڵتان و باواجی دیارە، ڕەگی لە (کێلە زیندان)ی دەشتی کۆیە و بابا نزادەیە، نەوەی سەعیداغا و لە ئاغایانی ئەو بەرە بابەیە، مارفاغای باپیری لە کێلە زیندانی دەشتی کۆیە هاتۆتە کۆیە بەخێر، لەوێوە چۆتە شاری هەولێر، دکتۆر مارف خەزنەدار کوڕی قادر ئاغای مارفاغای کێلە زیندانە، بە منداڵی کە چۆتە زێدی ئەژدادو باپیرانی، بە سەردانی خزمانی لە گوندی کانی بی و کێلە زیندانی، لەوێ بە قەلەمبێن و بەختەوەریان زانیوە، پێیان وابووە ڕوون و گەشە بە ختو نێوچەوانی، ڕزگاری بووە لە جووتیاری و توتنەوانی، نەوەی مارفاغایان بە کوڕێژ گەو شلە شاری داناوە، بۆ گەمەو خۆشی و خزمایەتی پێیان گوتووە (هەولێری، بە مریشکێکی ناوێری).

وەک سۆزو ویژدان و ماکی ڕەسەنایەتی هەرگیز لە خزمانی دانەبڕاوە، هاتوچۆی کردوون، دۆستو ناسیاوی گیانی بە گیانی لە کۆیەو تۆپزاوا و دەشتی کۆیە هەبوون، تەنانەت قوتابخانەی (قادریە )ی کۆیە د.مارف خەزنەدار ناوی لێناوە، بە ناوی حاجی قادری کۆییەوە، هەمیشە ڕەگی سۆزو دەمارە شینەی کۆیایەتی جوڵاوە، لە نامەیەکی دەستنووسیدا لە ١٩٩٦/٢/٢٦ لە وەرامی چەند پرسیارێکی بۆ نوسەر ئارام سالح غەفوری ناردووە دواتر لە ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ لە ژمارە (٥٣٥٥) لە پێنج شەمەی ١٢/١٦/ ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە نووسیویەتی :

(شاری کۆیە وەک نێوەندی ناوچەی سۆران لە باتی هەولێر بوو بە جێگەی مەشخەڵی مەدرەسەی نالی، لەوێوە گەیشتە سەرانسەری ناوچەی سۆران و لەگەڵ ڕووناکی مەشخەڵی ناوچەکانی تر تێکەڵ بە یەکتری بوون) دەربارەی تەگەرەو پەراوێزخستنی شاری کۆیە لە هەمان دەستنووسی و بڵاو کراوە . نوسیوویەتی :

(تا ئیمڕۆ دەسەڵاتی جیا جیا فەرمانڕەوایی بکەن، هەر لایەنێک بە بەهانەیەکی خۆی شارەکەی خستە پشت گوێ، ئەمە لە ئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی خوێندەوارە بەرزەکەشی لە کۆیە هەڵبکەندرێن و ڕووبکەنە شارەکانی تری کوردستانی عێراق و بەغدا، بەم جۆرە وەکو دەبیبنین تا پلەیێک بێ خاوەن مایەوە(.

بۆ چارەسەرکردن و گەشەکردنی ئاوەدانکردنەوەی کۆیە بە پەرۆشەوە دەری بڕیوەو نووسیویەتی : (بەلای منەوە ڕۆژی ئەمڕۆ وەک هەنگاوێکی بچووک بۆ نابێ بیر لەوە بکەینەوە ئامۆژگایێک یا کولێجێک، یا دەسگایێک لە زانستگای سەلاحەدین بگوێزرێتەوە بۆ کۆیە و بە مەرجێک سەر بە هەولێریش بێت !؟ بەڵام زانستگای سەڵاحەدین خۆی لە چی شپرێوییێک دایە دوژمنت تووشی نەبێ )!؟.

ئەو نامەیە پێش دامەزراندنی زانکۆی کۆیە بووە، ئەو هەست و نەستەڕای جوانیەتی، چی پێ کراوە بۆ کۆیە کردوویەتی، لە ڕاستیدا د. مارف خەزنەدار لە ١٩٣٠/١١/١ لە شاری هەولێر هاتۆتە ژیان، بە درێژایی تەمەنی بە عەشقەوە بە دڵو بە گیان، خەریکی خوێندن و ڕاژەی کوردی و ئەدەب و چیرۆک و لێکوڵینەوە بووە، ڕۆژگاری ئەو لە ناو وشەو سەرنج و تێبینی و وردبوونەوە بووە، ڕۆژگاری ئەو لە ناو قەڵەم و کاغەزو ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێب و خوێندنەوە بووە، ڕۆژگاری ئەو گەشتو گەڕان و پێگەیاندنی خوێندکاران و وانە گوتنەوە بووە، ڕۆژگاری ئەو سەپەرشتیارو گفتوگۆی تێزو نامەی ماستەرو دکتۆراو توێژینەوە بووە، ڕۆژگاری ئەو دەرچواندنی باوەشێک کتێب و دەفتەری کوردەواری و نووسینەوە بووە، دواین و بنەتای نووسینی بۆ سەرەتای کتێبی (ڕۆژنامەوانی کوردی _ دەفتەری کوردەواری بووە ) دوایین و بنەتای خوێندنەوەی تالاپەڕە شێست و چواری دیوانی ناری بووە، ئەو نوسین و خوێندنەوەی کۆتایی دوا چرکەی ڕۆژگاری بووە، بە جێ هێشتنی ڕۆژگاری ئەو دوا یادگاری بووە، لە٢٥- ٢٠١٠/١٠/٢٦ حەیف و ئاخ و داخ، کۆچی دوایی کردووە، بەرەو گۆڕستانی چراخ ! د.مارف خەزنەدار، ناودارو پایەدار، لە ناو وشەی کوردی و مێژووی ئەدەبی کوردی و چیرۆک و نامەخانە هەر دەمێنێ، خۆی خەزنەیەک بوو لە گەوهەرو دوڕو یاقووتی کوردی، بۆیە هەرگیز ژەنگ هەڵناهێنێ .









## ڕەهەندە گەپەکانی ئاوارەییم

## کورد (ja)ی ئەلمانی زۆر بەکاردەهێنێ

**پێشڕەوی سەید برایمی**

لەوانەیە پرۆسەی دادگاییکردن بۆ مەسەلەی پەنابەری لە ئەلمانیا دەرحەق بە کورد، درێژترین کاتی خایاندبێ. بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان ساڵێک و دوو ساڵی خایاندووە. لە چاو وڵاتانی دی ماوەیەکی زۆر بووە، هەرچەند تا ڕاپەڕینیش لە ٩٥٪ کوردەکان مافی پەنابەریان وەرگرتووە. پەنابەریش تا مافی پەنابەرێتی بۆ ساغ نەبێتەوە، نەدەتوانێ بە فەرمی کار بکا، نە مافی خوێندنی هەیە، لەوەش خراپتر ئەو کاتە مافی ئەوەی نەبوو خانووش بەکرێ بگرێ، دەبوایە لە یەکێ لە هایمەکان ژیان بەسەر بەرێ. کێشەکە زێتر لە زمانەکە بوو. هەرچەند لەملاو لەولا هەوڵ دەدرا بە هۆی هەندێ ڕێکخراوی پەنابەردۆستەوە چەند کۆرسێک دابین دەکرا، بەڵام ماوەکەی کورت بوو، لە هەمان کاتیشدا چڕوپڕ نەبوون، پەنابەرانیش زۆر بۆی بە پەرۆش نەبوون.

کە زمان نەزانی بە زەحمەت ئیشوکارەکانت دەچێتە سەر، هەمیشە پێویستیت بە وەرگێڕێک دەبێ، ئەویش هەموو دەمێ دەست نەدەکەوت. ئەو قسانە بۆیە دەکەم، چونکە لەسەر زمان چەندین بەسەرهاتی عەنتیکە روویان داوە.

برادەرێکی کورد، تازە هاتبووە ئەلمانیا، خزمێکی دەبێ دەچێتە لای. ئەو خزمەشی کچە دۆستێکی ئەلمانی دەبێ. دیارە دەمێکە لە ئەلمانیا جێگیرە. ماوەیەکی بەسەردەچێ. کابرای کورد پەنابەری پێشکەش دەکا. ناو بەناویش سەردانی خزمەکەی دەکا. هێشتا زمانی ئەلمانی نازانێ، جگە لە چەند وشەیەک نەبێ. ئەلمان وشەی(ja)، کە بە (یا) دەخوێندرێتەوەو واتای ( بەڵێ) دەدا. هەر (ئا)یەکەی خۆمانە، زۆر بەکار دەهێنێ. پەیڤەکەش کورتەو لە دوو پیت پێکهاتووە، سەرەڕای ئەوەش مۆسیقایەکی هەیە، لەسەر زاران خۆشەو زوو گوزەر دەکا. بە پێچەوانەی وشەی (Nein)، کە واتای نەخێر دەدا. بۆیە خەڵکی بێگانە زووتر و زۆر تر (یا) بەکار دەهێنێ، جاری وا هەیە نە پێویستە نە کاتەکەشی ڕێگا دەدا، وەک ئەو کابرا کوردەی تازە هاتووە.

تا لە بیرم نەچووە، ژنێکی کوردی ڕۆژهەڵات ماوەیەکە لە ئەلمانیا بووە، ئەویش زۆربەی (ja)ی لەسەر زاران بووە. جارێکیان لەگەڵ پیاوەکەی لە فەرمانگەیەک دەبن، هەر چەند ئەلمانی باش نازانن و بەهەزار حاڵ لە یەکتر حاڵی دەبن، کەچی کاتێ فەرمانبەرە ئەلمانییەکە قسە دەکا، ژنەکە هەر دەڵێ (ja). پیاوەکەش بە پلارەوە پێی دەڵێ: ئەرێ ژنەکە ئەو هەموو (ja) چییە بەکاری دەهێنێ، بێ ئەوەی تێی بگەی، وریابە نەوەک داوای یەکێکت لێبکا! تۆش بڵێی (ja) !

کابرای لەمەڕ خۆشمان ڕۆژێک لەگەڵ خزمەکەی لە ماڵی دایکی کچە دۆستەکەی بانگهێش کرابوون. خێزانێکی تا ڕادەیەک گەورە بوو. دایکەکە لەگەڵ کچێکی دیکەیدا لە ماڵە گەورەکە بوون، ئەوانی دی ژنیان هێنابوو، یان شوویان کردبوو، بەڵام ئەم ڕۆژە هەموو پێکەوە بوون. تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ کابرا نازانێ چ بۆنەیەک بووە. دایکی کچە کە بەتەمەن هەشتای تێپەڕکردبوو، نەیدەتوانی زۆر لەسەر لاقەکانی ڕاوەستێ، بۆیە زۆربەی کات لەسەر کورسی کەمئەندامان بوو. ئەو ژنە وەک کوڕو کچەکانی باسیان دەکرد، تا ڕادەیەک زۆربڵێ بوو، هەرچەند پێشیان دەگوت خەڵەفاوە. ئەو ئێوارەیە هەرچی دەچوو بۆ لای زوو خۆی ڕزگار دەکرد. یەکێکیان بیری کردەوە، کەوا کابرای کوردی لەگەڵ دابنێن. بەدەم قاوە خواردنەوە ژنە لەگەڵ کوردە دەست پێدەکا، بێ ئەوەی بزانێ ئەلمانی نازانێ. ژنە دەستی بە ئاخاوتن کرد:

- منداڵی ئەو سەردەمەی زۆر بێ روحمن.

بێگومان ئەو تێناگا، بەڵام لەبەر ئەوەی زوو فێرە (ja)یە، یەکسەر دەڵێ:

Ja -

- هیچ ئاگایان لە دایک و باوکیان نییە.

Ja -

- ئەوانە تێناگەن، کە ئێمە لەو تەمەنە پێویستمان بە خەڵک و گفتوگۆکردن هەیە.

Ja -

سەرتان نەیەشێنم ژنە هەر قسەی کردو کابرای کوردیش هەر گوتی(ja). بێگومان کەس ئاگای لە دانیشتنی ئەوان نییە،لە پڕ هاوارێک پەیدا بوو، کە ئاوڕدەدەنەوە، ژنەکە کوپە قاوەی بەتاڵی بەدەستەوەیە و کابرای کوردیش هەموو دەم و چاو و بەرۆکی قاوەیە.

تومەز ژنە لە کۆتاییدا دەڵێ: دەزانی ئەوان پێم دەڵێن خەڵەفاوە.

ئەویش لە مەراقان کوپە قاوەکەی پێدا کردووە. ئەوەش چارەنووسی زۆر بەکارهێنانی (ja).

هونەری بەدرخان Bedirxan

بلاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: سەرباز سیامەند
ژمارە ٦١ - ١٥٣، ٢٠١١/٢/٢٢ی زایینی

# ڕۆڵی سروود و گۆرانی نیشتمانی لە شۆڕش و بزووتنەوەی کورددا



عەبدولواحید ئیدریس شەریف

**تـەوەری یەکەم: ڕۆڵـی سروود لە کۆماری کوردستاندا** (١٩٤٦/١/٢٢ ـ ١٩٤٦/١٢/ )

شـۆڕش و بـزووتـنـژەوە و ڕاپـەڕینـەکـانـی کورد، ئەو کاتانە کاریگەری خۆیان هەبووە، کە زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵ تیادا بەشداربوون، بە تایبەت بەشداری ڕۆشنبیر و ڕووناکبیر و شاعیر و هونەرمەندانی نیشتمانپەروەر، کە شیعر و سروودی شۆڕشگێڕانەیان هەوێنی جۆشدان و کۆکردنەوەی جەماوەر بووە لە شۆڕش و بزووتنەوەکان، ئێمە لەم باسەدا زیاتر ئاماژەمان بەو سروودانە کردووە، کە لە کۆماری کوردستان و شۆڕشەکانی دواتردا بڵاو بوونەتەوە.

بەر لە دامەزراندنی کۆمار، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ ـ ک) وەک کانییەکی پاکی کورد بوون لە ناخی مەهاباد هەڵقوڵا، هەر بە نیازی تینوێتی شکاندن لەم کانییە، ڕۆشنبیر و نووسەر و مامۆستا شۆڕشگێڕەکانی باشووری کوردستان خۆیان گەیاندە شاری مەهاباد، بۆ ئەوەی بەو توانا ڕووناکبیرییەی هەیانە، لە سێبەری ئەو ئازادییەی هەیە، خزمەت بە کۆمەڵی کوردەواری بکەن بۆ پێشخستنی بزووتنەوەی کوردایەتی بە بیری پێشکەوتووانە.

جەلیل گادانی دەڵێت: **"مامۆستاو شاعیر و نووسەرانی کوردستانی باشوور وەک نووری ئەحمەد تەها، عوسمان دانش، قانع، سەعید ناکام، محەمەدتوفیق وردی، کەریم زەند، و.. بەشداری دیار و بەرچاویان هەبوو لە کردنەوەی مەدرەسە و بڵاوکردنەوەی سروودی نیشتمانی، سەرەتا قوتابخانەکان بە دزی ڕژێم کرانەوە و بە شەو دەمانخوێند، ئەو کاتە من قوتابی بووم، وەک مەدرەسەی گەلاوێژ کە لە ماڵی ئێمە بوو، دواتر مەدرەسەی تر بە ڕۆژ کرانەوە لە گەڕەکەکانی** (**قولە قەبران، هەرمەنیان**)"[1]

لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ١٩٤٦ لە ڕێی ئەو قوتابخانە و قوتابییە لاوانەی ئەو سەردەم بە هەوڵ و کۆششی مامۆستا دڵسۆزەکانی کوردستانی باشوور و مامۆستا نیشتمانپەروەرەکانی تر، چەند سروودێک لە بۆنە و ئاهەنگەکان، لە قوتابخانەکان دەوترانەوە، وەک (ئەی ڕەقیب، خوایە وەتەن ئاوا کەی، نیشتمانم ڕەنگینە، براینە لەخەو هەڵسن، شاخی ڕەنگاوڕەنگ، ئاڵای بەرزی کورد و.. هتد)[2]. ئەو سروودانە زۆربەیان پێشتر لە کوردستانی باشوور سەریان هەڵداوە و دواتر لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەکاتی کۆمار، بڵاوبوونەتەوە.

**ا ـ ئەی ڕەقیب:** لە بەشی دووەمدا بە درێژی قسەمان لەسەر کردووە، ئەم سرووده ڕاستە لە کەرکووک هۆنراوەتە و ئاوازەکەی دانراوە و دواتر لە بەغدا لە ئاهەنگێکدا بۆ یەکەمجار لە لایەن خوێندکارانی ماف و ئەندازیاری و خانەی مامۆستایان لە ساڵی ١٩٤٣ وتراوە[3]، بەڵام لە کۆماری کوردستاندا بۆتە مارش و سڵاوی کۆمار و لەکاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە گۆڕەپانی چوارچرا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار و ئاهەنگی نەورۆز، بە کورس لە لایەن تیپی مۆسیقای سەربازی وتراوە، لەو کاتەوە سروودی "ئەی ڕەقیب" بۆتە مارسلێزی نەتەوەی کورد لە یادە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بەم سرووده مەراسیم دەستی پێ کردووە.

**ب ـ سروودەکانی** (**خوایە وەتەن ئاوا کەی، براینە لەخەو هەڵسن، شاخی گۆیژە...**) لە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا باس کراون، بەڵام وەک جەلیل گادانی دەڵێت: "شاخی ڕەنگاوڕەنگی کوردانمان دەوت، نەک (شاخی ڕەنگاوڕەنگی گۆیژە)"، دیارە دەقەکە هەمان دەقە کە شیعری (بێکەس)ی نەمرە، بەڵام ئەو گۆرانەی کراوە(گۆیژە) کراوە بە (کوردان). ئەمەش سروودەکەی گشتگیرتر کردووە وەک ئەوەی هەر تایبەت بێ بە (گۆیژە) کە شاخێکە لە ناوچەیەکی دیاریکراو لە شاری سلێمانی، بەڵام شاخی (کوردان) هەموو ئەوشاخانە دەگرێتەوە کە لە کوردستاندان، ناوەڕۆکی سروودەکە شاخی کوردان دەچوێنێ بە ئاڵای کوردستان، لە بەشی دووەم سروودەکە شی کراوەتەوە.

**پ ـ سروودی** (**ئاڵا**) **لە کاتی هەڵکردنی ئاڵا بەم شێوەیە وتراوە:**

**"ئاڵای بەرزی کوردبا بلەرێ لە ئاسمان**
**ئەو ئاڵا بەرزەی کە لەری ئەلەرزێنێ گشت جیهان**
**هەر دەبێ سەرکەوێ کورد سەرکەوێ"**[4]

واتای ئەم سروودەش شاراوە نییە، کە چەند بەرز ئاڵای کوردان دەنرخێنێ، دڵنیایی ئەوە دەبەخشێ کە کورد هەر بە ئامانج دەگات، کە سەربەخۆیی و ئازادییە وەک گەلان.

**ت ـ سروودی** (**پۆلی لاوان**): ئەم سروودە کە ئامادەیی و دڵسۆزی لاوانی کورد نیشان دەدات بەرامبەر کۆماری کوردستان و پێشەواکەی (قازی محەممەد)، کە هەمیشە یەک دەنگ و یەک ڕەنگ لە خزمەتی نیشتماندا دەبن و لە خەبات دانابڕێن و لە دوژمن سڵ ناکەنەوە:

**"ئێمە پۆلی لاوان و ڕۆڵەی وڵات**
**بە قەلبێکی پڕخوێن، بە عەزم و خەبات**
**هەتا ئێمە ماوین لە ئاست پێشەوا**
**وەفادار ئەبین یەکدڵ و یەک نەوا**
**بژی بژی کوردایەتی لە ئازادیا**
**بژی بژی ڕۆڵەکانی بە دڵ شادیا"**[5]

جگە لە سروودی "ئەی ڕەقیب" ئەم سروودەش لەکاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بە کۆرس وتراوە، بەڵام ئەم سروودە لەگەڵ کوژانەوەی چرای کۆمار، نەیتوانیوە درێژە بە بوونی خۆی بدات و لە شۆڕش و ڕاپەڕین و یادە نیشتمانی و نەتەوەییەکان ببێتەوە بە بەستەی سەر زاری گەل.

**تەوەری دووەم: شۆڕشی ئەیلوول و ڕۆڵی سروود:**

١ ـ سروودەکانی سەرەتای شۆڕش

أ ـ یەکەم سروودی شۆڕشی ئەیلوول لە زیندانی (عەبدولکەریم قاسم)

هۆنراوەتەوە و ئاوازەکەی لە لایەن خالید دلێر دانراوە و یەکەم سروودە کە بۆ پێشمەرگە وترابێ:

**"پێشمەرگەین بە هەڵمەتین پاڵەوانی میللەتین**
**شێری ڕۆژی زیللەتین**
**لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان**
**بەخت ئەکەین گیانمان، ماڵمان"**

سەبارەت بە کاتی دانانی ئەم سروودە خالید دلێر دەڵێت: "لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٦١ عەبدولکەریم قاسم لە دەربەندیخان وتارێکی دا، دەیوت: ئەوانە یاخی بوون، پیاوی ئیستعمار و حلفی سەنتۆن و هەموویانم لەناو بردن، ئەوەی ماویشە بۆ باوەشی (حلف سنتۆ) ئاودیوی ئێران بوون، ئاگام لە هیچ نەبوو، بەڵام بڕوایی تەواوم بە جەماوەری گەلەکەمان هەبوو، کە گوێم لە وتارەکەی عەبدولکەریم بوو، بڕیارم دا وەڵامی بدەمەوە، لەو کات و ساتەدا، یەکەم سروودی (پێشمەرگەم) دانا..."[6]

ئەم سروودە وەڵامێکی شۆڕشگێڕانەی دوژمنانی کوردە، کە نەک سازش لەسەر خاک و نیشتمان ناکەین، بەڵکوو لە پێناوی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بێپەرواین لە بەخشینی گیان و سەروەت و سامانمان، چونکە دڵنیاین ئەگەر ئازاد نەبین، هەرگیز چێژ لە سامان و ژیانی دیلی نابینین.

**ب ـ سروودی من پێشمەرگەی کوردستانم:**

لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕش لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ شاعیر و نووسەر و ڕووناکبیرە بەشداربووەکانی شۆڕش دەرکیان بەوە کردبوو، کە سروود و گۆرانی شۆڕشگێڕی چۆن دڵ و دەروونی گەل دێنێتە جۆش و هانیان دەدا پشتگیری لە شۆڕش بکەن و پێشمەرگە لەباوەش بگرن، لە ساڵی ١٩٦٣ دوای دانانی ئێستگەی (ڕادیۆی دەنگی کوردستان) پەیتا پەیتا شیعری شۆڕشگێڕی و نیشتمانی بۆ ئێسگە دەنێردران، تا بڵاوبکرێتەوە و لە ڕێی ئەو شیعرانەوە جۆش و خرۆش بکەوێتە ناو گەل، سروودی (من پێشمەرگەی کوردستانم) لەو ساڵەدا ئیبراهیم ئەحمەد نووسیویەتی و ڕەوانەی ئێسگەی کردووە و هۆمەر دزەیی ئاوازی بۆ داناوە و لەگەڵ کۆرس لەم ئێسگەیەی تۆماری کردووە:

**"من پێشمەرگەی کوردستانم، ئامادەی جەرگەی مەیدانم**
**بە سەر و ماڵ و ژیانم، ئەیپارێزم نیشتمانم**
**دەس لە چەکم، دەست لە چەکم، هەڵناگرم**
**یان سەرئەکەوم یان ئەمرم"**[7]

سەبارەت بەم سروودە هۆمەر دزەیی دەڵێت: "ساڵی ١٩٦٣ یەکەم ئێستگەی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە ئەشکەوتێکی، کێوێکی سەخت بە ناوی (گردەڕەش) لە نزیک عیساوێ لای ماوەت کرایەوە و بەندەش ئەو ساڵە گەڕابوومەوە بۆ کوردستان و... وەک تەرجۆمان لای مەکتەبی سیاسی بووم، کە ئەوسا لە دێی (عیساوێ) بوو، مامۆستا برایم ئەو هاوینە دوو پارچە هەڵبەستی دانا و بۆ لای ئێمەی نارد، کە لە ڕادیۆ بیانخوێننەوە (من پێشمەرگەی کوردستانم) منیش کە خوێندمەوە زۆر کاری تێ کردم و هەر یەکسەر چوومە پەنا داربەڕوویەک و پشتم بە دارەکە دا و ئەو ئاوازەم بۆ دانا کە بیستووتانە، ڕۆژی پاشتر برادەرانی ئێسگە بوون بە کۆرسم، بۆ یەکەم جار لە ئێسگەی دەنگی کوردستان بڵاومانکردەوە و مامۆستا برایمیش زۆر ڕای لێ بوو".[8]

ئەم سروودە ناخی پێشمەرگەیەک دەخاتە ڕوو، کە ئەوەندە دڵسۆزی نیشتمانە، کاتێک دەست لە چەک هەڵدەگرێ، ئەوەندەیان بە سەر دوژمندا سەرکەوتووە، یان لە ڕێی خەبات شەهید بووە، ئەگەرنا ئەو بەردەوامە لە تێکۆشان، چونکە هەرگیز بە ژینی ژێردەستی ڕەزا نابێت و تا ڕزگاری یەکجاری دەست لە چەک هەڵناگرێ، بۆیە چەکیشی لا پیرۆزە، چونکە دەیپارێزێ لە هەڕەشە و گەفی ناحەزانی گەل و خاکەکەی.

**پ ـ پێشمەرگەین:** سێیەم سروود کە بۆ پێشمەرگە وترابێ، لە لایەن مەدحەت بێخەو دانراوە و فواد ئەحمەد ئاوازی بۆ داناوە و تۆماری کردووە و لە ساڵی ١٩٦٣دا ڕەوانەی ئێسگەی دەنگی کوردستانی کردووە، بێخەو دەڵێت: "لەگەڵ کردنەوەی ئێسگەی کوردستان و بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول هەستم بە لێپرسینەوە کرد و هەستی نەتەوایەتیم پاڵی پێوە نام، کە سروودێکی شۆڕشگێڕی بەجۆش و خرۆش بۆ ڕادیۆی شۆڕش دابنێم، ئەوە بوو کە شیعرەکەم دانا، خێرا ناردم بۆ ئێسگەی کوردستان و لەوێ پەسندیان کرد و لە لایەن هونەرمەند فواد ئەحمەد، تۆمار کرا".[9] ئەم سروودە ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لەسەر جۆشدانی دڵ و دەروونی گەل و وەک مارش بەکار دەهات لە کاتی کردنەوەی ئێسگەدا، فوئاد ئەحمەد دەڵێت: "وەختی خۆی فیکرم لا کردەوە کە میللەتی ئێمە پێویستی بەو سروودەیە، کە دیم پێشمەرگە خوێنی خۆی بۆ مەسەلەیەکی پیرۆز دەڕێژێ، ئەوکات لەسەر کوردستان گەلا سروود هەبوو، بەڵام لەسەر پێشمەرگە نەبوو، بە نهێنی ئەو سروودەم تۆمار کرد لە شیعری بێخەو، کاسێتێکی کۆنی بەکرەیی بچکۆلە کە بە هەزار حاڵ پەیدام کرد، هێنامە ماڵەوە، چوار بەتانیم لە پەنجەرەکان دا و هەموویم گرت تا دەنگ دەرنەچێ، چەند هونەرمەندی وەک (مونیر داود) و دوو سێیەکی تر کە ئێستا ناویانم لەبیر نییە سروودەکەم تۆمار کرد، دانەیەکم لای خۆم هێشتەوە و دانەیەکیشم بە وایەر نەقڵ کرد و بە دەستی پێشمەرگەیەک ناردم، بۆ ئێسگەی شۆڕش و پاش چەند مانگ بڵاو کرایەوە".[10]

**"ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لە ژێن**
**نیشتمان ئازاد دەکەین لە خوێن مژێن**
**دوژمنی ناپاک هەزار هێزی هەبێ**
**ئەیبەزێنین، ئەیرمێنین نابەزین**
**نیشتمان خوێنی شەهیدانی دەوێ**
**شەرتە تاکوو سەربەخۆیی نەسرەوین"**[11]

سروودەکانی (پێشمەرگەم، من پێشمەرگەی کوردستانم، ئێمە پێشمەرگەین) هەر سێ سروود باس لە کۆڵنەدان و بەرەنگاری و خۆبەخت کردن و گیانبازی تێکۆشەرانی ڕێی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، کە لە کۆماری کوردستانەوە ناوی پیرۆزی (پێشمەرگە)ی بۆ دانراوە، باس لە ئازایەتی پێشمەرگە و ترسنۆکی ئامێرەکانی دوژمن دەکەن و میللەت هان دەدەن لەچوونە ناو شۆڕش و سەر نەوی نەکردن بۆ مەرامە گڵاوەکانی داگیرکەرانی نیشتمان.

**ت ـ** چەند سروودێکی تر لە لایەن خالید دلێر و فوئاد ئەحمەد لە نێوان ساڵانی١٩٦٢ ـ ١٩٧٠ دانران وەک (ئێمە ڕۆڵەی کوردین)، ئەو سروودەش بەرهەمی ناو زیندانی (تسن)ی کەرکووکە، خالید دلێر دەڵێت: "هەر لەم ژوورەدا لە مانگی ٣ی ساڵی ١٩٦٢ سروودی (ئێمە ڕۆڵەی کوردین، ئێمە ڕۆڵەی کاوەی نەبەردین)م دانا، سروودەکە بە شەو و ڕۆژێک تەواو بوو، بە دانانی سروودەکە خۆشیی و دڵشادییەکەم ئەوەندەی تر بە جۆش هات، من بزانم ئەو کاتە یەکێک لە کاتە هەرەخۆشەکانی سەردەمی ژیانم بێ، ئەگەرچی هەشت مانگ بوو لە (گرتووخانەی تەنیایی)دا بووم!".[12]

**"ئێمە ڕۆڵەی کوردین، ئێمە ڕۆڵەی کاوەی نەبەردین**
**بۆ سەندنی مافی گەل و پاککردنەوەی وڵاتمان**
**لە داگیرکەر و خوێنمژان، دزی ڕەنج و بەراتمان**
**شۆڕش ئەکەین، هەوڵ ئەدەین،**
**بە جۆش ئەکەین خەباتمان"**.[13]

سروودبێژ چەندە قارەمان و بەبڕوا و خۆڕاگر و بەهیوایە کە نیشانی دوژمنی دەدات، هەرگیز زیندان و پەت و سێدارە کۆڵ بە میللەت نادات و چەندی جەللادەکان تاوانی نامرۆڤانە ئەنجام بدەن، دوارۆژ هەر بۆ گەلە و گڕی شۆڕش دەیانسووتێنێ و گەل بە ئاواتی خۆی دەگات.

سروودی (کوردستان یا نەمان) هەڵبەستی مەجید ئاسنگەر و ئاواز و وتنی فوئاد ئەحمەد:

**"بۆ گەلی کوردی قارەمان**
**سوێندم بە خاکی نیشتمان**
**بە سەر لوتکەی کێوی بارزان**
**لە ئەشکەوت و جێی نەبەزان**
**لە بێتواتە و چەمی ڕێزان**
**یا کوردستان یا خود نەمان..."**[14]

**بەشی یەکەم**

# فەرهاد عەونی: خۆم بە پارێزەری یەکەمی ئازادی رۆژنامەنووسی دەزانم

**سازدانی: حەمید بەدرخان – ئەورەحمان مارف**
**فەرهاد عەونی یەکێکە لەو کەسە هێمن و لەسەرخۆیانەی، کە زۆر بە جددی کارەکانی خۆی رایی دەکات و بەتایبەتی ئەو وەک پارێزەر و یاساناسێک لەنێو کایەکانی دنیای رۆژنامەنووسی لێرەو لەوێ وەک سەرنووسەر و لەپاشانیش وەکو نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسان بۆ ماوەی ١١ساڵ کاری کردووە. هەروەها لەگەڵ دنیای کتێب و کتێبخانەش باوەرناکەم کەس تاقەتی ئەوی هەبێ. لەسەروبەندی سازکردنی سێیەمین کۆنگرەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە تەلاری سەندیکا بەر لە خواحافیزی بەچەند رۆژێک ئەم دیدارە رۆژنامەنووسییەمان لەگەڵی سازکرد...**

*** فەرهاد عەونی وەک رۆژنامەنووس یا پارێزەر؟**
- پارێزەری رۆژنامەنووسان.

*** چۆن؟**
- خۆم رۆژنامەنووسم، لەساڵی ١٩٧١ەوە کاری رۆژنامەنووسی دەکەم، سەرەتا لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان، دواتر لە "ألتآخي" و برایەتی. پاش راپەرینیش وەک سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی و پاشان لە گۆڤاری "الصحفي" و رۆژنامەنووس و کوردستان الیوم و ژینۆ، کە بە سەدان وتار و رێپۆرتاژ و دیمانەم ئەنجامداوە. لەهەمان کاتیشدا وەکو ئەرکێکی سەندیکای رۆژنامەنووسان، دەتوانم بڵێم خۆم بە پارێزەری یەکەمی ئازادی رۆژنامەنووسی و رۆژنامەنووسانی کوردستان دەزانم.

*** پاش یازدە ساڵ لە ئەزموون و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکگرتنەوەی هەردوو سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتی رۆژنامەنووسان.. چەند خولێک تێپەڕی، دەپرسین کێ رۆژنامەنووسە؟**
- زۆرجار ئەو پرسیارە دەکرێت، بەپێی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە"٤"ساڵی ١٩٩٨ و هەموارکردنی، رۆژنامەنووس ئەو کەسەیە کاری رۆژنامەنووسی لە دەزگایەکی راگەیاندن دەکات، هەندێ وردەکاری دیکەش هەیە، ئەویش پێویستە رۆژنامەنووس لەو دەزگایە کاری سەرەکی رۆژنامەنووسی بکات، بەو مانایەی کە هیچ کاری دیکەی نەبێت، پێویستە بەپێی ماددەی"٢٤"ی سەندیکا، یەکێ لەو چواردە ناونیشانەی هەبێت، کە دیاریکراون، وەک: سەرنووسەر، سکرتێری نووسین، پەیامنێر، وەرگێری رۆژنامەنووسی، وێنەگر و..هتد. بەڵام هەندێک جار ئەو سنوورە یا ئەم چوارچێوەیە بەزێندراوە، بۆیە ئێمە لە سەندیکای رۆژنامەنووسان زۆر بەوە تاوانبار دەکرێین، کە ژمارەی رۆژنامەنووسەکانمان زیادکردووە. من لەرێگای رۆژنامەکەی ئێوەوە"بەدرخان" دەڵێم: ئەوە شتێکی بنەڕەتییە دەزگاکانی راگەیاندن لە کوردستاندا رۆژنامەنووس لەلایەن خۆیانەوە دەپاڵێون و رەوانەی لای ئێمەیان دەکەن، پەسەندکردن و واژۆی کەسی یەکەمی دەزگاکەی بە هەموو شتێکەوە بەسەرەوەیە، لەپاڵیدا کۆمەڵێک بەڵگەو نووسین و رێپۆرتاژ و شتی لەمجۆرەشی لەگەڵدا دەنێرن، ئینجا ئێمە بەراوردی دەکەین و هەندێک جار بەدواداچوون و تەلەفۆنیش بۆ ئەم و ئەو دەکەین، ئەوکاتە بریاری کۆتایی دەدرێت. بەڵام بەداخەوە هەندێک دەزگاو رۆژنامەو گۆڤار دەتوانم بڵێم فێڵمان لێ دەکەن، کە هەندێک ئیمزاو خەتم لەسەر هەندێک لە نووسین و شتی ساختە دەدەن، لەوەشدا ئێمە نەمانتوانیوە بەربەستی سەداسەدی ئەم پێشێلکارییانە بکەین، کە بەرامبەر بوونە ئەندام کراوە.

*** لە دوو خوولی بەر لە یەکگرتنەوە دوو خولی یەکگرتنەوە، لەشکرێک لە رۆژنامەنووسان رووبەڕووبۆتەوە هەستتان بەچی کردووە؟**
- دامەزراندنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە ١٩٩٧/١/٧ هاتە ئاراوە، لە ئاکامی ئەو بانگەوازەی رۆژنامەی"دەنگی میللەت"بڵاوی کردەوە، کۆبوونەوەیەکی گشتی لەبارەگای رۆژنامەی دەنگی میللەت گرێدراو پاشان لەبارەگای رۆژنامەی برایەتی، کە ئەوکاتە من سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی بوو، هەموو هیواو ئامانجم، کە سەندیکایەکی سەرتاسەری لە کوردستان دابمەزرێت، سەرەڕای دوو ئیدارەیی ئەوکاتە بەداخەوە لەکوردستان هەبوو، بەڵام من و برادەرانم لەو دەستەی دامەزرێنەرە هەوڵمانداو ئەوەبوو سێ جار شاندێکی رەسمیمان نارده سلێمانی بەمەبەستی بانگهێشتکردنی ئەوان و بەیەکەوە کارکردن، بەڵام بەداخەوە هەندێک هۆکاری سیاسی ئەم ئامانجەی ئێمەی بەدەست نەهێنا، کەچی ئێمە دیسان لەهەوڵدابووین، بۆئەوەی ئەو سەندیکا سەرتاسەرییە، ئەوکاتە هەستم دەکرد، ئەو سەندیکایەی ئێمە دروستمان کرد تەنیا لەسەر قاچێک دەڕوات، چونکە هەموو کوردستانی نەگرتبۆوە، بەڵام لە خولەکانی پاش یەکگرتنەوەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان، هەستدەکەم کە سەندیکا لەسەر دوو قاچی خۆی راوەستاوە، بەو هیوایەی ئەو سەندیکایە بەهیچ لایەنێکی سیاسیدا نەشکێتەوە، تەنیا ئەرکە پیشەییەکەی خۆی جێبەجێی بکات، چونکە ئێمە لە کوردستان پێویستمان بەوە نییە هیچ سەندیکایەک بکەینە سەندیکای حزبی، ئەگەر کردمانە حزبی، ئەوا خودی سەندیکاکە زیانی لێدەکەوێت، پێویستە سەندیکای ئێمەش وەک سەندیکاکانی پیشەیی چالاک بێت، بۆیە من ئەگەر جارێکی دیکە ئەوەیان خستە بەردەستم، کە سەندیکای رۆژنامەنووسان دروستبکەم، بەو واتایەی ئەگەر جارێکی دیکە مێژوو گەڕایەوە دواوە، ژیان گەڕایەوە، من لەوانەیە بۆچوونێکی دیکەم هەبێت بۆ دروستکردنی سەندیکا، ئەویش ئەوەیە: پێویستە ئەندامانی سەندیکا، سەندیکا بەڕێوە ببەن، سەندیکا لەسەر داهات و گیرفانی خۆی بژی، بەهیچ شێوەیەک سەندیکا پارەو خەرجی لە حکومەت وەرنەگرێت، بۆ نموونە من سەردانی بارەگای رۆژنامەنووسانی بەریتانیا و سوید و قاهیرەو یۆنان و سویسرام کردووە، لەوێ تەنیا ئەندامانی سەندیکایەکە خۆیان پارە دەدەن، بۆ نموونە لە بەریتانیا ٨٪ مووچە یان دەرماڵەی یان ئەو پارەیەی رۆژنامەنووس وەریدەگرێت، دەدرێت بە سەندیکا، چونکە هەرکاتێک هەر سەندیکایەک پشت بەپارەی حکومەت ببەستێت، تا رادەیەک ناتوانێ ئەرکە پیشەییەکەی خۆی بپارێزێت. بۆیە هیوادارم لە ئاییندەدا برادەرانی پاش ئێمە دێنە ئەنجومەنی سەندیکا بیر لەو مەسەلەیە بکەنەوە، کە جۆرە پەیوەستی و ئیلتیزامێک لەلایەن ئەندامەکانەوە بۆ سەندیکا برەخسێ، ئەویش بەوەی خۆیان سەندیکاکە بژیێنن.

*** زۆر تەئکید لەسەر ئەخلاقی رۆژنامەوانی دەکەیتەوە، لە هەر فێستیڤاڵ و کۆنفرانس و کۆبوونەوەکان تۆ جەختت لەسە ئەوە کردۆتەوە، ئەمە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**
- لەئاکامی ئەو پاشاگەردانییەی، کە ئێستا لەناو ئەزموونی رۆژنامەنووسی کوردیدا سەری هەڵداوە، بۆ نموونە زۆرجاران خەجالەت دەبم بەرامبەر هەندێک بابەت، کە لە هەندێ رۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاودەکرێتەوە، شەرم دەکەم بیبەمەوە ماڵی خۆم، ئێمە میللەتێکین لەوەتەی هەین ستەممان لێ دەکرێت و دابەشکراوین، لەوەتەی هەین بەهیچ شێوەیەک مافمان نەبووە، سەیرکە ئەوە باشووری سودانیش بووە حکومەت، بەڵام ئێمە هەر لە چوارچێوەیەکدا دەسوڕێینەوە، پێویستمان بەوە هەیە، کە ئێمە لە خەڵکانی دیکە باشتر و رێک و پێکتربین، یەکریزیمان زیاتر بێت، زیاتر یەکگرتووبین، ئاوات و ستراتیژمان گەورەتر بێت، لەبەرئەوەی ئێمە بەچەند ساڵ و سەدە لەدوای خەڵکەوەین. وادیارە تائێستا لەسەر مێزی دەسەڵاتدارانی ئەم دنیایە کێشەی کورد نەگەیشتۆتە ئەو رادەیە، کە دەوڵەتێکی بۆ دابمەزرێنن، کە ئێمە هەموومان خەونی پێوە دەبینین. من پێم سەیرە هەندێک بۆچوون هەیە لەملاو لەولا دەوروژێنرێت، لە رۆژنامەو گۆڤارەکان باس لەوە دەکەن، کە هیچ مەترسییەک لەسەر دۆزەکەمان لەئارادا نییە، من بەپێچەوانەوە دەڵێم: ئێستا پیلان لەسەر کورد هەیە، پلان لەسەر ئەوە هەیە، کە ئەو رەوشەی لە هەرێمی کوردستان هەیە نەمێنێت. من ناڵێم دەستی بێگانە، بەڵکو بەدەستی خۆمان دەمانەوێ ئەو رەوشە ئاراستە بکەین، کە لە بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان نییە، هیوادارم هەموو لایەکمان، هەر لە پارتە سیاسییەکان و ئۆپۆزسیۆن وەکو دەسەڵات، رۆژنامەنووس، وا بیربکەینەوە یەکریز و یەکگرتوو بین و بەرژەوەندی لەوەدایە، بۆیە زۆرجار نیگەرانم کە هەندێک بابەت دەوروژێندرێت تەنیا وەکو وروژاندن بۆئەوەی ئەو گۆڤارە یان رۆژنامەیە پرفرۆش بێت، ئەم بیرکردنەوەیە گوناهە لە مێژوو و ئاییندەی وڵاتەکەمان بە گران دەوەستێت. هیوادارم ئیتیکی رۆژنامەنووسی و ئەخلاقیاتی رۆژنامەنووس لەبەرچاو بگرین، ئەوا دووساڵە لە ئەوروپاو دنیا فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسان کار لەسەر ئەخلاقیاتی رۆژنامەنووسی دەکات، ئەگەر ئەوە لە ئەوروپا پێویست بێت، ئێمە زۆر زیاتر پێویستمان بەوە هەیە.

*** لەوماوەیەی بەرێزت نەقیب بوویت، بێگومان کۆمەڵێک ئاستەنگتان هاتۆتە رێ و کۆمەڵێک دەستکەوتیش هەن، ئێستا هەست بەچی دەکەیت؟**
- خوا وەکیلە لەدوای ژنهێنانم منداڵی یەکەممان کوڕ بوو، کە پێیان گوتم: کوڕێکتان بووە، زۆر دڵخۆشبووم، ئێستاش بەقەد ئەوە دڵخۆشم، کە دەستکەوتێک بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان دابین دەکەم، زۆرجار بەرگری ئەوەم گرتووە، کە ئیهانە بکرێم لەپێناو رۆژنامەنووسان، سلم نەکردۆتەوە لە هەوڵ و کۆششکردندام هەمیشە شەرم کردووە، زەریبەشم زۆر داوە. بەڵام من چونکە سوێندم خواردووە لە شوێنێک بم دەبێ خزمەت بکەم، خزمەتی رۆژنامەنووسانی کوردستانم کردووە، من ناڵێم پاش من خەڵکانی دیکە نایکەن، من ئەو هەموو تواناو دەسەڵات و نفوز و کارتەی خۆم لەپێناو یەک شت بەکارهێنا، ئەویش چۆن بتوانین رۆژنامەنووسانی کوردستان بگەیەنینە ئاستێک، بۆیە دەبینین هەندێک جار لەوانەیە جۆرە نارەواییەک هەبێت، من ناڵێم پیاوێکی بێ خەتاو بێ گوناهم، بەڵام دەبێ تەقدیری ئەوەش بکرێت، زۆرجار ئەو شتانە بە تەنیا دەکەم، راستە برادەرانم لەگەڵن. بەڵام زۆربەی کارەکان من بەتەنیا رام پەڕاندوون. هەندێک جار کاک مستەفا ساڵح کەریم، کاک حامد محەمەد عەلی، هاوکاری زۆر رێک و پێکم بوون، برادەرانی دیکەو ئەنجومەنەکانی دیکە، وەکو دەبینن کەسی موتەفەرغ، ئەمەش بە هەوڵ و تەقەللای تەواوی برادەران بووە، کە لەپێش هەموویانەوە چەسپاندنی رۆژنامەنووسییە بە یاسا.

هەروەها مەسەلەی سندوق و مەسەلەی وەرگرتن لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی، وەرگرتنی زەوی بۆ رۆژنامەنووسان، لەو چەند ساڵە زیاتر لە"١٦٠"ملیۆن دینارمان هاوکاری رۆژنامەنووسان کردووە، بەڵام دەبێ رۆژنامەنووسان ئەوە بزانن، من بێجگە لەو پارەیەی راگەیەندراوە، بە دەیان و سەدان دۆلارم بۆ رۆژنامەنووسان لە حکومەت لە کابینەی پێنجەم و شەشەم وەرگرتووە، لەکاتێکدا بەپێویستمان نەزانیوە رایبگەیەنین و بڵاوی بکەینەوە.

*** ئاستەنگەکان چی بوون؟**
- ئاستەنگی یەکەم: عەقڵییەتی هەندێک، چ لەو برادەرانەی کە لەگەڵ من کاریان کردووە لەهەموو قۆناغەکان، چ لە هەندێک رۆژنامەنووسان، بیرکردنەوەیەکی تەسکی حزبایەتی. زۆرجار زۆربەی لایەنەکان و بەتایبەتی لایەنە گەورەکان، بەجۆرێک کەسانی ناو ئەوان و ئەو لایەنانە زۆر بێزاریان کردووم.

ئاستەنگی دووەم: من هەرگیز نەمویستووە بەناوی حزبایەتی لەناو سەندیکا کاربکرێت، بەڵام هەندێک کەس بۆخۆمان و بە پشتیوانی حزبایەتی کاریان بۆخۆیان کردووە. هەر لایەنێک بیەوێت قۆرغی سەندیکا بکات، بەرای من سەرناکەوێت، ئەو سەندیکایە تەنها هی کورد نییە، بەڵکو هی تەواوی دانیشتوانی کوردستانە، هی کورد و تورکمان و ئاشورییە، هی عەرەبە رەسەنەکانە، کە لە کوردستان نیشتەجێ بوون لە پێکهێنانە سیاسییەکانی لەوپەڕی چەپ تا ئەوپەڕی راست، لەوپەڕی دیموکرات، ئەوپەڕی عیلمانی، ئیسلامی، هەموو لایەنێکی تێدا جێ بۆتەوە. بەهۆی قۆرغکردنەوە، ئیدی لەبەرامبەردا چەندین سەندیکای دیکە دروستدەبن.

*** زۆری نەماوە بۆ کۆنگرە، تۆ پێتوایە هەموو ئەو رۆژنامەنووسانەی لە لقەکانن رۆژنامەنووس بن.**
- من بەشێوەیەکی گشتی قسەم کرد، گوتم: هەندێک لە دەزگاکانی راگەیاندن فێڵیان لێ کردووین. هەندێ جار بە ساختە نامەم بۆ هاتووە. من ناڵێم ئەندامانی کۆنگرە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو پێنج هەزار ئەندامانەی کە هەمانە، بەشێکی تێدایە کە رۆژنامەنووس نین، بۆ نموونە نووسەرە، چونکە جیاوازی هەیە لەنێوان نووسەر و رۆژنامەنووس. لە راپۆرتەکەشمان ئاماژەمان پێکردووە. کێشەی گرێنەدانی کۆنگرەی یەکێتی نووسەران بۆماوەی ١٨ساڵ، ئەو دەستکەوتانەی کە سەندیکا بەدەستی هێناون و هەروەها زیادبوونی دەزگاکانی راگەیاندن، ئێمە زیاتر لە ٤٠٠ متمانەمان بە رۆژنامەو گۆڤار داوەو چەندین تەلەڤزیۆن و رادیۆشمان هەن، سەرجەمیان دەگاتە نزیکەی ٨٠٠ دەزگا لە کوردستان، ئەگەر یەکی"١٠"کەس کاری تێدا بکەن، دەکاتە"٨٠٠٠"کەس، لەئاکامی کۆنفرانسی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە ئەوەمان بۆ دەرکەوت، ئێمە تەنیا"٣٠٠٠"ئەندامی کارامان هەیە، "٢٠٠٠"نەهات هەر بڵێ سەندیکا لەکوێیەو کۆنگرە دەبەسترێت و ئابوونە بدات، زۆریش هەیە چۆتە ئەوروپا، هەندێک برادەر بەداخەوە کۆچی دواییان کردووە. هەندێک وەکو خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەو گۆڤارەکان ئەندامەکانی مەکتەبی سیاسی حزبەکانن و لەراستیدا ئەوانە رۆژنامەنووس نین و بەلاشیەوە نایێن، هەندێکیشیان وازیان لە رۆژنامەنووسی هێناوە، ئەوەی بەلای منیشەوە و بۆی دەچم لە"٣٠٠٠"ئەندام تێپەڕ ناکات.

*** پەیامت چییە بۆ رۆژنامەنووسان لە کۆنگرەی داهاتوو؟**
- پەیامی یەکەمم: پێش ئەوەی پەیامێکی پیشەیی بێت، پەیامێکی سیاسییە، پاراستنی ئەزموونی گەلی کوردستان بە پلەی یەک دێت. خوانەخواستە ئەم ئەزموونە تووشی هەر نسکۆیەک بێت، ئێمە هەموومان لە پاپۆڕێکداین و یەک چارەنووسمان هەیەو هەموومان دەخنکێین، کەس وا تێنەگات ئەو رزگاری دەبێت. دووەم: پێویستە پەیامی رۆژنامەنووسانی کوردستان یەکریزی میللەتی کورد بێت، من هەمیشە لە زۆر جێگا دەیلێمەوەو ئەو شیعرەی شوکری فەزلیم لەبیرە: سەرەتای ئیش هەموو یەکبوونە، ئەویش نابێ، هەتا هەر برینێکی لەدڵدا هەیە سارێژ نەبێ، ئەوە پێویستە ببێتە دروشمی هەموومان، ببێتە پەیامی هەموومان، یەکریزی دەمانگەیەنێتە ئامانج و دەمانپارێزێت. پەیامی سێیەمم: پەیامێکی پیشەییانەیە: پێویستە رۆژنامەنووسانی کوردستان لەچوارچێوەی پیشەیی کاربکەن، واتا خۆیان نەکەنە بەدیلی حزبێک، یا ئۆپۆزسیۆنێک، یا دەسەڵاتێک، هەندێکجار تەماشا دەکەیت رۆژنامەنووسانی ئێمە خۆیان بوونەتە لایەنێک، لەراستیدا رۆژنامەنووس نابێت ببێتە لایەنگر، رۆژنامەنووس دەبێ هەواڵ زۆر بێلایەنانە بگوازێتەوەو سەربەخۆیی بپارێزێت، کە لایەنگری پێوەدیاربوو، ئیدی لەوە لادەدات، کە رۆژنامەنووسێکی سەربەخۆیە، بۆیە هیوادارم رۆژنامەنووسانی ئێمە ئەوە بەهەند وەربگرن، راستە ئێمە کەم ئەزموونیش بووین، بەڵام دەخوازم بەهەموومان بیر لەو مەسەلانە بکەینەوە، کە رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ ئەو رۆژنامەنووسەیە، کە هەواڵ و رێپۆرتاژ زۆر بەبێ لایەنی بڵاودەکاتەوە..


فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

*** وێڕای ئەو دەستکەوتانە، تۆ شتێکی دیکەشت لەدوای خۆت بۆ سەندیکا جێ دێڵی، ئەمەیان چییە؟**
- کاتی خۆی کاک جەمال خەزنەدار بە سەردانێک هاتە سەندیکا، بەو بۆنەیەوە من حیکایەتێک هەیە دەیگێڕمەوە، ساڵی ١٩٧٣ وەکو رۆژنامەنووسێک لە رۆژنامەی"التاخی" لەلایەن رۆژنامەی ناوەندی حزبی شیوعی رۆمانی داوەتکرابووین. ئەوە بەدەستمەوە بوو ئەو کتێبەی رابەری رۆژنامەگەری کوردی جەمال خەزنەدار بوو، کە بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بوو، کە دوو دانەم لەگەڵ خۆم بردبوو، لەوێ چەندین کۆڕ و سیمینار سازکرا، لەهەموو میوانەکان و "١٣-١٤" رۆژنامەنووسانی داوەتکراو لە وڵاتان، کەسیان وەک ئەو کوراسەی ئێمەی پێنەبوو، چۆن نەتەوەیەکی ئاوا مەزلووم و بێ دەرەتان، کارێکی ئاواشیان لەدەست هاتووە، بەڵام ئەوەش فەزلەکەی بۆ کاک جەمال خەزنەدار دەگەڕێتەوە، ئەوەشم لەزۆر شوێن باسکردووە، تکام لە کاک جەمال کرد، کە ئێمە وەکو سەندیکا ئەمکارە دەکەین و ئەم مەسەلەیە بەهەند وەربگرە. ئەوە خەریکە بەرگی یەکەمی بە"٦٠٠"لاپەڕە تەواوبووە، ئەوانی دیکەشی دواتر چاپی دەکەین. شتێکی دیکەش دەڵێم: ئێمە یەکەم سەندیکاین کە راپۆرتی دارایی خۆمان بەر لە کۆنگرە زۆر بە روونی و شەفافانە بڵاو دەکەینەوە، ئەوەش دەڵێم نزیکەی چل هەزار دۆلاریشمان پاشەکەوت کرووە.

*** دوا پرسیار سەبارەت بە دەزگای بەدرخان و فێستیڤاڵەکانی بەدرخان؟**
- بەراستی بەدرخان یەکێکە لەو بڵاوکراوانەی، کە چاوەڕوانی دەرچوونی دەکەم، چونکە بەراستی هەست دەکەین چەندین بابەتی هەمەجۆری مێژوویی و رۆژنامەنووسی تێدایەو دەستتان خۆشبێ، سەبارەت بە فێستیڤاڵەکانیشی هەر لەسەرەتا من پشتگیری فێستیڤاڵی بەدرخانم کردووە، کاتێ لە فێستیڤاڵەکانی "١، ٢، ٣" لە "سلێمانی و دهۆک و هەولێر" ئەندامی لیژنەی باڵا بووم، کاری زۆرباش کراوەو دەستتان خۆشبێ. بەڵام تکا دەکەم بۆ چالاکی و فێستیڤاڵەکانی دەرەوەی کوردستان با ناوەکان دووبارە نەبێتەوە لە دەستنیشانکردنی میوانەکان وردبن، ئەگەرنا دەزگای بەدرخان چەندین شانازی تۆمارکردووە.

# حەسەن زیرەک

**بڵاوکراوەیەکی هونەریی تایبەتە بە یادی هونەرمەندی گەورەی کورد حەسەن زیرەک لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ**

بەسەرپەرشتی: دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن

**ژمارە ١١ - ١٥٣، ٢٠١١/٢/٢٢ی زایینی**


# ساواک بۆچی "حەسەن زیرەک"ی کوشت!؟!



**لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەیی شیکارییە.**
**لێکۆڵەر: دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن**

**تێبینییەکی پێویست:**

**هونەرمەند حەسەن زیرەک، بەهۆی ئەوەی کە ژیانێکی ئاسایی نەژیاوە و لە نێوان دەربەدەری و ئاوارەیی و هەڵاتن و بەندیخانە و برسییەتی و بێکاریدا ژیانی بەسەر بردووە، ژیانی ئەو هونەرمەندە لە نێو جوگرافیایەکی فراوان و ناجێگیر سووڕاوەتەوە زۆر رووداوی بەسەر هاتووە، لەگەڵ زۆر کەسایەتی جۆراو جۆر کەم و زۆر ژیانی بەسەر بردووە، هەروەها نەبۆخۆی نەهیچ کەس بۆی نەکراوە، ئەرشیفی ژیان و هونەری ئەم کەسایەتییە بە تەواوی کۆ بکاتەوە، بۆیە بە دڵنیاییەوە لەسەر ئەو باوەڕەین، کە زۆر رووداوی گەورە و نهێنی گرنگ لە ژیانی زیرەکدا ماون و هێشتا بڵاونەکراوەتەوە، ئەگەر هەموو بەڵگەکان لەبەر دەست بوونایە، لێکۆڵینەوەکە، زۆر لەوە گرنگترو دەوڵەمەندتر دەبوو، هەر بۆیە ئێمە لەسەر ئەو نووسین و بەڵگانە کارمان کردووە، کە دەستی ئێمە کەوتوون، چونکە لەوەش دڵنیاین کە هەموو ئەوەی لە بارەی ژیان و هونەری زیرەک نووسراوە، بە تەواوی دەست ئێمە نەکەوتووە، ئەوانەش کە هەن لە رووی مێژووی رووداوەکان پاش و پێشی تێکەوتووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەوڵمانداوە کە سەرەداوی ئەم "کوشتن"ەی زیرەک هەڵبکەینەوە و زۆرتر پشت بە بەڵگە نووسراو و گوتراوەکان ببەستین و ئەگەر لە جێگایەکیش بۆ چوونێکمان هەبێ، ئەوا لەسەر زەمینەی رووداوەکان و لە نێو فەزای بەڵگەکانەوە هەڵمانوێنجاوە.**

هەر لەم گەڕانەوەی حەسەن زیرەک دەوڵەتی عێراق دەیگرێ و هەژدە مانگ دەیخاتە بەندیخانەو ئازار دەدرێ، ئازارێک بە زاڵمانەتر شێوەو بە ناشیرینترین شێوە، زیرەک زۆر بە برینداری و خەمەوە دەگێڕێتەوە، کە چۆن لەنێوان بەغداو موسڵ و کەرکووک و هەولێر و سلێمانیدا لەو بەندیخانەوە دەیبەنە نێو ئەم بەندیخانە"هێنامیانە سلێمانی شەش مانگ مەخلەس لەژێر ئەشکەنجەو تەعزیبی بەغدا بووم، خوا رەحمی کرد لەهیچدا نەبووم، خوا هاوار بەس من هاوار"، هەر لەم کاسێتەی ئەبو سەباح زیرەک بەردەوام دەبێ دەردی دڵی خۆی هەڵدەڕێژێ:"هێنامیانە"کەرکو وک"بردمیانە"موسڵ" بە قەراغ"هەولێر"ی جواندا کە رۆیشتم- ئەی هاوار کوردی هەولێر، کەسێ بەدەرەوە نییە لەحاڵم بپرسێ و بڵێ: چ کارەی؟ لەناو قەفەزی پۆلیسخانەدا- تەنیا نەفەرێک وەک"خولەپیزە"یان گرتبێ"هەژدە پۆلیس"منیان برد، ئەی هاوار لەم ماڵە بووم، لەو ماڵە بووم، تەماشام دەکرد پەنجەرەکانیان دیاربوو، ئەمما ئەی هاوار"بەشەر" نەبوو بڵێ: حەسەن زیرەک بۆ کوێ دەبەن.

بەشەر نەبوو بڵێ حەسەن زیرەک بۆ کوێ دەبەن، باوکم بۆ من خولە پیزەم، بەڵێ ئەمما ئەمانە هەمووی بەدبەختییە، قەیناکا هێنامیانەوە کەرکووک"١٨"شەو لە بەندیخانەی کەرکووک بووم، بۆ باوکم" پاش ئەم هەموو شار گۆڕین و بەندیخانە گۆڕین و ئازار گۆڕینە لە عێراقەوە بە گیراوی تەسلیمی ئێرانی دەکەنەوە.

هەر خاتوو میدیای زەندی لە پێشەکی چاپی دووەمی"چریکەی کوردستان"دا دەنووسێ:"لە ئێرانیشدا، ساواکی ئەوکاتە گرتی و زۆری ئەشکەنجەدا، کە بەدەنگی خۆی باسی ئەوکاتانەی تۆمارکردووە"و ساواکیش لە بەڵگەیەکدا دەڵێ: بە تاوانی جاسووسی خرایەوە بەندیخانە!؟!.

بەڵێ! حەسەن زیرەک گەورەترین هونەرمەندی کورد و لێهاتووترین هونەرمەند کە گەشەی بە رادیۆی بەغداو تاران و کرماشان و تەورێز و مەهاباد دا، ئەم هونەرمەندە رۆژگارێک پایتەختی دوو دەوڵەتی بە دەنگە زووڵاڵەکەی دەلەراندەوەو"کەوو کەوبار دەخوێنێ لە ئێستگەی رادیۆی بەغداو تاران"ئێستا هەردوو دەوڵەت لەیەک کاتدا، نەک گۆرانی بۆ تۆمار ناکەن، دەرگای رادیۆشی بەڕوودا دادەخەن و لەوەش خراپتر لە بەندیخانەی دەپەستن و دوور لە هەموو یاسایەک بەجۆرێک ئەشکەنجەی دەدەن، کە رووی گێڕانەوەی نییە، هەریەکەش بە جاسووسی ئەوەکەی تری تاوانبار دەکات. ئەم هەموو بەندکردن و ئازاردانە بۆچی، لەم دیوو و لەو دیو؟ حەسەن زیرەک چی کردبوو، جاسووسی نێودەوڵەتی بوو؟ مافیای پیاوکوژ بوو؟ تریاک فرۆش بوو؟ چ گوناحێکی هەبوو؟! زیرەک زۆر راستگۆیانە دەڵێ:"خوا کردی من لە هیچا نەبووم!" بەڵێ! زیرەک هیچ گوناهێکی نەبوو لەهیچ دا نەبوو! تەنیا گوناهی زیرەک ئەوەبوو هونەرمەندێکی گەورەی کورد بوو، دەیویست بەئازادی بۆ کورد بخوێنێ، دەیویست بەو هونەرە بەرزە، کە بە ئازار پێی گەیشتووە دڵی خەڵکانێک خۆش بکات. بەڵام، میللەتی دواکەوتوو، وڵاتی داگیرکراو، حکومەتی دیکتاتۆر، ئەو زەمینە نییە، کە بە ئاسانی گوڵی هونەری تێیدا بپشکوێ و بولبوولی شادی ئازاد تێیدا بچریکێنێ.

ئێران و عێراق بەم کارە نایاسایی و نامرۆڤانەیان بەرامبەر بە هونەرمەند حەسەن زیرەک و هەردووکیان لەیەک کاتدا، مرۆڤ بۆ ئەوە دەچێ، کە ئەم دوو وڵاتە لەسەر ئەوە رێککەوتبن، کە رۆحییەتی ئەو هونەرمەندە تێکبشکێنن! ئایا هەر تەنیا رێککەوتە لە ئێران لە رادیۆ دەری دەکەن و دەرگای بەڕوودا دادەخەن و گۆرانی بۆ تۆمار ناکەن!؟ هەر لەو ماوەیە کە دێتە عێراق و دەچێتە بەغداو رادیۆی کوردی وەریناگرنەوەو لەوێش گۆرانی بۆ تۆمار ناکەن؟! ئایا هەر رێککەوتە، لە عێراق دەیگرن و دەیخە بەندیخانەو زۆر نامرۆڤانە ئەشکەنجەی دەدەن، لەکاتێکدا هیچ گوناحێکی نییە؟! بەهەمان شێوە لە ئێرانیش ساواک دەیگرێ و بەندی دەکاو ئازاری دەدات و تاوانی جاسووسی دەداتە پاڵ!؟

ئەگەر حەسەن زیرەک بە ئازارەوە باسی گیران و ئەشکەنجەدانی خۆی دەکات لە"عێراق" و لە"ئێران" بابزانین"ساواک"ی ئێرانی لەنێو بەڵگەکانییەوە لەبارەی زیرەک چی دەنووسێ: لە کتێبی"جنبش چپ در ایران به روایت اسناد ساواک"مجلد اول – تهران ١٣٧٨ لە لاپەڕە "١٩"دا دەنووسێ:".. بەگوێرەی راپۆرتی١٣٤٦/٢/٢٦ حەسەن زیرەک گۆرانیبێژی پێشووی رادیۆی تاران و کرماشان، بەهۆی دەزگا ئەمنییەکانی عێراق و بەهاوکاری پیاوانی.. بەتۆمەتی دەرچوون لە عێراق و چوون بۆ میسر بەمەبەستی کارکردن لە رادیۆی میسر بۆ جاسووسی بە قازانجی ئێران دەستگیرکراوە، پاش ئەشکەنجەدان رەوانەی زیندان کراوە، لەسلێمانی زیندانی کراوە، لە رێکەوتی ١٣٤٦/٧/٤ لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە لە مەرزی خەسرەوی رادەستی ئێران کراوەتەوە، بە تۆمەتی جاسووسی خراوەتە زیندان"ئەوەتا ساواکی ئێرانی لە بەڵگەنامەکانی خۆیدا باسی گیرانی زیرەک دەکا لە عێراق لەساڵی ١٩٦٧ و هۆی گیرانەکەشی ئاشکرا دەکات، کە عێراق بە تاوانی دەرچوون لە عێراق و چوون بۆ میسر و کارکردن لە رادیۆ بەمەبەستی جاسووسی بۆ ئێران!!! هەر ئەو بەڵگەنامەیەی ساواک باسی ئازاردانی زیرەک و زیندانی کردنی لەعێراق و سلێمانیدا دەکات. واتا حەسەن زیرەک لە عێراق بە تاوانی جاسووسی بۆ ئێران گیراوە. کەچی عێراق لە رێکەوتی١٣٤٦/٧/٤دا لە مەرزی خەسرەوی بەگیراوی دەیداتە دەست ئێران، هەر ئەو بەڵگەیەی ساواک دەنووسێ لە ئێران- بە تاوانی جاسووسی خراوەتە زیندان، دیارە ئێرانیش کە تاوانی جاسووسی دەداتە پاڵ حەسەن زیرەک دەبێ جاسووسی حکومەت و لایەنێک بێت دژ بە ئێران!! لەم راپۆرتەی ساواک پشتگیرییەکی تەواو بۆ قسەکانی زیرەکی تێدایە، کاتێ لە کاسێتی"ئەبو سەباح"زیرەک باسی گیرانی خۆی دەکات لە عێراق و ئێران و زۆر بە راستگۆیی و دڵ پڕ لە حەسرەت و ژانەوە دەڵێ:"خوا کردی من لەهیچا نەبووم"ئەگەر کەسانێک هەن ئێستاش گومان لەو هەموو ئازار و راستگۆییەی هونەرمەند حەسەن زیرەک دەکەن! ئەی بۆ ئەم بەڵگانەی ساواک چی دەڵێن!؟ ئایا زیرەک جاسووسی کام دەوڵەت بووە؟! ئێران یان عێراق؟!؟ ئەرێ هیچ بەڵگەیەکی دیکە پێویستە بۆ بێ گوناهی هونەرمەند حەسەن زیرەک!! ئەرێ بەڵگە لەم بەڵگەیەی ساواک راست و روونتر هەیە!؟!

ژیانی زیرەک، رێک وەک ژیانی میللەتەکەیەتی، میللەتی کورد! زیرەک- لە هونەر هیچی کەم نییە! بەڵام، ئەوەتا لەگەرمەی تەمەنی جوانی و داهێناندا، ئێران و عێراق پێکەوە لەیەک کاتدا دەرگای هونەر و ژیان بەڕووی زیرەک دادەخەن، دەرگا داخستێک، کە رۆژ بەڕۆژ ژیانی زیرەک ناخۆشتر و زەحمەتتر و دەربەدەرتر دەبوو، لەگەڵ ئەم ژیانە دۆزەخییەش هونەرەکەشی دەکەوێتە قۆناغێکی تر.

لە ئەنجامی ئەو زووڵمە دوو دەوڵەتییە، زیرەک لە"میدیای زەندی"جیا دەبێتەوەو ئەو ماڵەی کە لە گۆرانییەکدا دەڵێ:"چەندم پێخۆشە ناوماڵ"دەرگای ئەو ماڵەشی بەڕوودا دادەخرێ و لەنێو ئەو ماڵەدا"ساکار و ئارەزوو"هەر بە خونچەیی بەجێدێڵێ و سەردەمی"بولبول ئەو ساڵ یمن زۆر بەختیارم" زۆر زوو بەسەردەچێ و جارێکی تر"گلەیی دەکەم بەلای خوداوە"دەستپ یدەکاتەوەو:"جێم نییە تێیدا بسرەوم خاکم بەسەر بێلانەخۆم" زۆر بەتووندی یەخەی دەگرێتەوە، رۆژ بەڕۆژ لە"هێندەم نەماوە بمنێنە گوێزێ"نزیک دەبێتەوە.

### لە لێدانەوە تا ژەهر!!

پاش ئەم هەموو دڵشکاندن و رووشکاندن و دەرگا بەڕووداخستن و گرتن و لێدانە، زیرەک ژیانی خێزانیشی لێ تێکچوو و کەوتەوە قۆناغێکی پڕ لە بەدبەختی و کوێرەوەری. لەم قۆناغەدا نووسینەکانی دۆستی و دڵسۆزو نزیکی زیرەک"میرزا کەریم خۆشناو"باشترین سەرچاوەن، چونکە میرزا کەریم لەم ماوەیەدا دراوسێ و دۆستی گیانی بەگیانی و تێکەڵی خێزانیان هەبووە، بەرچاوترین بەدبەختییەکانی زیرەک ئەم هەموو شەڕ پێ فرۆشتن و ئەم هەموو لێدانەیە کە یەک لەدوای یەک و بە بەرنامە ژیان لە زیرەک تاڵ دەکات. زیرەک لە شوێنێکدا بۆ میرزا کەریم دەگێڕێتەوەو دەڵێ:"جا برا ئەمن زۆرم تێهەڵدان دیوە، بێ ئەوەی بزانم بۆچی لێم دەدەن". لێرەدا میرزا کەریم فرمێسکی بەچاویدا دێتە خوارەوە بۆ زیرەک، زیرەک"دەسماڵی لەگیرفانی دەرهێناو چاوی میرزا کەریمی سڕی و گوتی: گوێبگرە کاکە گوێبگرە. دەستی دایە دەفەکەی و بە غەریبی ئەم گۆرانییەی گوت:

قەت لە دنیادا نەبوو بێجگە لەناخۆشی بەشم
ئەی خودا چەند بێکەس و بەدبەخت و چارە رەشم

کە زیرەک گۆرانییەکە تەواو دەکا دەڵێ: کاکە عادزی پێناوێ بەخودا تا سەر مابێ لەش تێهەڵدانی هەر دەبێ.

بەڵێ لێرە بەدواوە بەشی زیرەک هەر لێدان و تێهەڵدانە! ئەوانە کێن لە زیرەک دەدەن؟! بۆچی لێی دەدەن؟ چۆنی لێدەدەن؟!

### نێرەکەو

زیرەک هونەرمەندێکی گەورەو پیاوێکی خۆڕاگربوو، پاش ئەم هەموو کارەساتە، ئەمجارە روو لەکانی مەلا ئەحمەد دەکات و لەوێ چایخانەیەک دادەنێ و کاسبی دەکات، بەڵام!، تۆ بڵێی ئەوانەی لە رادیۆ دەریان کردوو ماڵیان لێ تێکداو لە پایتەختیان دەرپەڕاند، لەم سەرسنوور و لەم شوێنە دوورەش لێی بگەڕێن!!

عەرەب گۆتەیەکیان هەیەو دەڵێ:"پیرۆزی شوێن، لە پیرۆزی ئەو کەسەوەیە کە لێی دادەنیشێ"بۆیە بەهاتنی زیرەک کانی مەلا ئەحمەد ناوێکی تری پەیدا کردو رەونەقێکی تری گرت!جگە لە خوێندەوار و رۆشنبیرانی ناوچەکە، وەک میرزا کەریم باس دەکات، کە دەهاتن بۆلای زیرەک، ئەوا هونەرمەندانی کورد و فارس و تورکیش لە هەموو ئێرانەوە روویان دەکردە"کانی مەلا ئەحمەد"و بەبۆنەی زیرەک و لەسایەی زیرەک و لە پەنای زیرەک، ئاهەنگیان دەگێڕا، ئەگەر هونەرمەندە فارسەکان تەنیا بە فارسی گۆرانیان دەگوت، تورکەکان بە تورکی و فارسی گۆرانیان دەگوت: ئەوا زیرەکی هونەرمەند جگە لە زۆربەی لەهجە کوردییەکان وەک هونەرمەندێکی مەزن بە کوردی و فارسی و تورکی زۆر سەرکەوتووانە کۆڕی شادی و گۆرانی گوتنەکانی گەرم دەکرد، دیارە لەم کۆڕو کۆبوونەوانە ئەوانەی کۆدەبوونەوە، زۆربەیان ئەو کەسانەبوون زیرەک ئاسا دەوڵەت پێیان رازی نەبوو، جگە لەوەش لەو کۆبوونەوانەدا گۆرانی و بابەتی وا دەهاتنە پێشەوە، ئەوانیش بەدڵی دەوڵەت نەبوون!!

میرزا کەریم دەنووسێ: هەرچی خاوەن دڵێکی زیندوو بوو کۆڕی ئاواز و گۆرانی پێ خۆشبووایە رووی دەکردە گازینۆی"حەسەن زیرەک"زۆرجار گۆرانیبێژی کورد و تورک فارس سەردانی زیرەکیان دەکرد، لەکاتی ئەم کۆبوونەوانەدا خەڵکی شاری بانەش دەوریان دەدان"کە نۆرەی زیرەک دەهات هەروەک نێرەکەو دەیقاچپاند بەسەریاندا، ئەوەندەش بە سۆز و لەناخی دەروونییەوە دەستی بە گۆرانی گوتن دەکرد، کە مرۆڤ مووی لەشی رێک وەک نیشتەر دەوەستا".

لە یەکێ لەم کۆبوونەوەوانەدا گۆرانیبێژێکی"لوڕ"کە دەنگێکی خۆشی دەبێ و مۆسیقاژەنێکی باشی لەگەڵ دەبێ، گۆرانیبێژی لوڕ دەست دەکا بە گۆرانی گوتن، هەندێ گۆرانی تازەو مۆد دەڵێ، زیرەک هەر تەنیا سەر بادەدا، تا دەگاتە گۆرانی"دایە. دایە"کە گۆرانییەکی سیاسی کوردییەو لەکاتی راپەڕینی شێرە ژن"قەدەم خێر"گوتراوە:

**دایە دایە وەختی جەنگە**
**قیتارکی باڵا سەرم پڕ فشنگە**

گەنجەکان هەموو بۆیان دەگێڕایەوەو لەدڵدا نارەحەت بوون، بۆچی زیرەک وەڵامی ئەم گۆرانیبێژە ناداتەوە؟ لەپڕ زیرەک بەهەمان کێش و ئاوازی دایەو دەستی پێکرد:

**لایە لایەت بۆ دەکەم**

←

# حەسەن زیرەک

**بەڵکو خەو بتباتەوە**
**دەست خەمە نێو مەمکۆڵانت**
**شەو تا رۆژ بەلاتەوە**
**ئای خلخاڵ بم بەپاتەوە**

هێندە بەخۆشی و رێکی ئەم گۆرانییەی گوت، دانیشتوانی کۆڕەکە مات و مەبهوت سەیری دەمی"زیرەک"یان دەکرد، لە کەیفان وەک سەرخۆشیان لێهاتبوو.

زیرەک لەگەڵ گۆرانیبێژە لوڕەکە زۆر گۆرانی دەڵێن، هەرچی دەڵێ، زیرەک بەهەمان کێش و ئاواز وەڵامی دەدایەوە. پاش ئەوەی کۆڕەکە تەواو دەبێ، بە زیرەک دەڵێن! ئەم گۆرانییە وەڵامی دایە. دایە نەبوو!؟

زیرەک گوتی: بەڵێ وایە گۆرانییەکەی ئەو هەڵقولاوی جەنگەکەی"قەدەم خێری بیرانەوەند"ە، خۆشم دەزانم! جەوابی بدەمەوە، بەڵام! ناوێرم چونکە ئەوەندەیان لێداوم هەرجارەی بە بەهانەیەک، ئەی بۆ ناڵێن دەمێکە کاکی میوان گۆرانی دەڵێت و منیش گوێم بۆ شلکردووە، ئەزانی جەوابەکەشیم ئامادە کردبوو، کە لێی دەپرسن توخوا زیرەک وەڵامەکە چی بووە، دەڵێ:

**لایە لایەت بۆ دەکەم با غیرەت بتباتەوە**
**دەس کەیتە تفەنگی بڕنەو شەو تارۆژ بی یاڵەوە**
**جا کەوش ئەبووم بەپاتەوە.**
**بەڵام، بەڕاستی ئەگەر شتێگم گۆتبا چ لەوشەو زووترنەبوو سەت جووت شەقیان تێم هەڵدەداو بەهانەیەکی چاکیشیان بۆ دەدۆزیمەوە"**

لێرە لەم قسانەی زیرەک بەدەردەکەوێ، کە لەوێش لە کانی مەلا ئەحمەد"گازینۆی حەسەن زیرەک"زیرەک هەر لەژێر چاودێری ئیتلاعات و ساواک بووە، ئەگەر شتێکی گوتبێ و بەدڵیان نەبووبێ، هەنجەتێکی چاکیان بۆ دۆزیوەتەوەو خراپ لێیانداوە.

### دیسان لێدان

کانی مەلا ئەحمەد ئێستا بە گازینۆی"حەسەن زیرەک"دەناسرێ، حەسەن زیرەک هونەرمەندێک لە عێراق و ئێران لەسەرئاستی فەرمی خەڵکەوە ناسراوە، زۆرکەس بە هونەرمەند و رۆشنبیر و خەڵکی ئاساییەوە، لە کورد و فارس و تورک و هەموو خەڵکی ناوچەکەوە ئاواتەخوازن لە نزیکەوە زیرەک ببین و گوێیان لەدەنگی ئەو هونەرمەندە مەزنە ببێ. ئێستا زیرەک لەشوێنێکی شەعبی و بەبێ"پاسەوان"و بەبێ"سکرتێر" و "پرسگە"یەو خەڵک رۆژانە هاتووچۆی گازینۆکەی ئەو دەکەن و کاتێکی خۆش بەسەردەبەن، گازینۆی حەسەن زیرەک گازینۆیەکی ئاسایی نییە، زۆرجار هونەرمەندان و رۆشنبیران لێرە کۆدەبوونەوە، هەربۆیە چ حەسەن زیرەکی هونەرمەند خۆی، چ گازینۆکەی و چ هەموو ئەوانەی بەردەوام و ناوە ناوە لەم گازینۆیە کۆدەبنەوە، لەژێر چاودێری"ئیتلاعات"دابوون، هەرکارێکیش روویدابووایە، تاوانی گەورە دەدرایە پاڵ زیرەک و هەر زیرەکیش بەهۆی سەرەکی دادەنرا. بۆیە"ئیتلاعات"بیری لەوە کردۆتەوە، کە زیرەک لێرە هەڵبقەنێنێ بۆئەوەی ئەو کۆبوونەوە گومانیاوییانە، چیتر لێرە روونەدەن و زیرەکیش ئەم"کاسبی"یەی لەدەست بچێ و بێکار بکرێ و برسی بکرێ و ناچار بکرێ. جا بۆئەوەی کە زیرەک ناچار بکەن ئەم شوێنە بەجێبێڵێ،"ساواک" چەقوکێش و شەقاوەی تێبەردەدا.

میرزا کەریم خۆشناو دەگێڕێتەوەو دەڵێ: بەیانییەکی زۆر"رابیعە خانم" و شاگردێکیان لە زەنگی دەرگایان دا، دەرگام کردەوە، رابیعە خانم گوتی: ببەخشە ئا لەم وەختە موزاحیمت بووین، گوتم: تۆ لەم قسانە گەڕێ بڵێ بزانم چیتان بەسەرهاتووەو لەکوێ دێن و چی روویداوە؟ رابیعە خانم گوتی: ئەمشەو شەڕیان لەگەڵ کردین، هەندێکیشیان لە زیرەک دا، هەڵبەت ئەویش دەستی کردەوە خوا هەڵناگرێ شەڕێکی چاکی کرد، بەڵام، تالایان کردەوە کوڕە کوڕەی"بانە"یی لێیان وەدەستهاتن و سەرو گوێلاکی هەموانیان بەخوێنداهێنا، هەی رەبی خوا بمکات بەقوربانی دەستەکانیان هەزارجار، وایان لێکردن هەر خوا خوایان بوو نەجاتیان بێت لەدەستیان هەریەکەی بەلایەکەوە هەڵاتن، ئێمەشیان بە ماشێنی خۆیان بردە ژاندارمەری و شکاتیان پێکردین و شایەتیشیان بۆ داین و ژاندارمەریش زۆریان دڵنەوازی کردین و بەڵێنیان پێداین ئەم شەڕفرۆشانە بدۆزنەوەو بەزووترین کات سزای توندوتیژیان بدەن و لەمەودواش هەرکەسێ دەستدرێژیمان بەسەردا بکەن دەستیان ببڕن، ئا بەم قسە خۆشانە ئێمەیان هەناردەوەو ئێستا لەوێ دێینەوە.

میرزا کەریم دەپرسێ، ئەمانە کێن شەڕیان لەگەڵ کردوون؟ رابیعە خانم دەڵێ: وەڵڵا بڵێم چی کاکە هەندێکیان جلی خاکیان لەبەربوو، هەندێکیشیان"کۆت و شەرواڵ"و بەفارسی قسەیان دەکرد، بەڵام بەخوا وابزانم یان"ئیتلاعات"ی یان"زدی ئیتلاعات"بوون، شێوەیان زۆر لە جینایەتکار دەچوو.

پاشتر میرزا کەریم زیرەک دەبینێ و بەپێکەنینەوە لێی دەپرسێ: زۆریان لێداوی یان نا؟ زیرەک پێکەنی گوتی: وەڵڵا زوو فریام کەوتن، بەڵام منیش چاک لێیان وەدەست هاتم، کاکە تەورزینێکم هەیە دەستم دابوویە بەدەوربەری خۆما دەمسوڕاند، کە ئەممالی بەناوشانی هەر یەکێکیان وەک گا دەیانبۆڕاند، ئەمما وەختێ دەوریان لێدام و تەورزینەکەیان لەدەست گرتم پەکم کەوت و شاگردەکەم هاواری کرد و گوتی: کوڕینە وەرن"زیرەک"یان کوشت!! کاکە. کەدیم هەر کوڕە لاوەو بە قیزیکەوە هەندێک کورسی بەدەستەوە بوو، هەندێک بەشەق، هەندێک بەشاب بەربوونە گیانی شەڕکەرەکان و هەڵیان بڕین و کردنیان بەبەردی برا برای و هەر دوو سێ کەس بەدوای نەفەرێکیاندا رای دەکرد و دەیگوت:"وایسەپدەر....."واتا راوەستە هەی بابەکەت.

زیرەک لێرە زۆر بە دڵخۆشییەوە باسی بەدەست هاتنی کوڕانی بانە دەکات و دەڵێ:"بەم تاریکە شەوە بوو بە نەڕۆی نەڕۆیەک و پێکەنینێک وەک جەنگی مەغلوبەی لێهاتبوو، وەڵڵا باوەکو زۆریشیان تێهەڵدابووم، ئەمما ئەوەندەم لەزەت لەم"سەحنە"یە کرد کە دەمبینی هەریەک لە شەڕکەرەکان کەوتبووە دەست دو سێ نەفەرەی خۆمان لێیان دەدان و وامدەزانی ئەم دنیایە خودا تازە بۆمنی خەلق کردووە. ئێش و ئازاری خۆم لەبیر چووبۆوە، لە خۆشیان هەر پێدەکەنیم، هەروەک مشکێک بەدەست کلکی بگریت و لە لیتەی قوڕی هەڵکێشی و بەرەڵڵای بکەی، کە نازانێ چۆن هەڵبێت و روو لە کام لا بکات، ئا ئەوهایان لێهاتبوو، میرزا کەریم خۆزیا چاوێکت لێیان بووایە وای وای لەو هەڵوێستە پیاوانەیەی کە پێی هەڵسان قەت لەبیرم ناچێتەوەو مەمنوونیانم.

میرزا کەریم دەڵێ: زیرەک زۆر لەناخەوە هەستی خۆی دەردەبڕی و زۆر رازی بوو، منیش گوتم: زیرەک دەنا هەموو سەرو گوێلاکیان شین و مۆر کردوویەتەوە، زۆریش سوپاس بۆ خوا هەر بەوە کۆتایی هات و ئیتری بەدواوە نەبوو، زیرەک پێکەنی و وتی: کورە بەقوربانی کوڕە"بانە"یی بم، ئەگینا ئێستا دەیانکردم بە"ماری ژنان کوشتوو"، وتم: زیرەک بەشەڕهاتن لەگەڵ تۆ چ جێ پێیەکی بۆ دەدۆزیتەوە؟ زیرەک وتی: یانی چی؟ وتم: شەڕەکەیان لەسەر چی بوو؟ زیرەک وتی: بەخوا کاکە سەربەخۆ شەڕیان پێ فرۆشتم بێ ئەوەی هیچ خەتایەکم هەبێ!!

لەم پرس و وەڵامە بەردەوام دەبن، تا زیرەک دەڵێ:"جا کاکە ئەگەر بڵێم بێ گوناح لێیانداوم و نیوەی عومریشم هەر بەتێهەڵدان بردووەتە سەر لەوانەیە، باوەڕ نەکەی!

میرزا کەریم دەڵێ: زیرەک زۆر نهێنی هەبوو، نەیدەوێرا بیدرکێنێ، هەروەها دەڵێ: پیاوانی"زدی ئیتلاعات - مخابرات" ئەوساکە راویان نابوو، وەک خۆی دەڵێ: لەهیچ جێگایەک نەیاندەهێشت جێگای ببێتەوەو بە ئاسوودەیی بژی. ئازاریان دەدا.

رۆژێک هەندێ گۆرانی بۆ گوتم منیش تۆمارم کرد. لەدوای گۆرانییەکە هەستم پێکرد کە زیرەک زۆر بێ ئومێد بووە خەریکە دەگریێ لەدەست چەرخی زەمانە وەک پاڕانەوەیەک گۆرانییەکەی دەگوت: وەک بڵێ لە جیهانێکی ترەوە کەوتۆتە بەردەستی دووژمنە بێ بەزەییەکان و لەهەمان کاتیشدا بۆمی بەدیار دەخست کە هیچ گوناحێکی نییە، تەنانەت ئەوە نەبێ کە کوردێکی بێ غەل و غەشە وەک خۆی دەڵێ سەنگی مەحەکم بۆ چییە رەقیب لێم گەڕێ بە ویژدان کوردی بێ غەل و غەشم.

ئەگەر بە ووردی ئەم رووداوو لێدانەی حەسەن زیرەک شی بکەینەوە دەگەینە ئەوەی کە:

**یەکەم:** ئەوانەی کە لە"هونەرمەند حەسەن زیرەک"یان داوە، "ئیتلاعات – زدی ئیتلاعات"بوون.

**دووەم:** وەک رابیعە خانم دەیگێڕێتەوە، کە کوڕە بانەییەکان دەیانبەنە ژاندارمەری- لەوێ ژاندارمەری بە قسەی خۆش بەرێیان دەکەن و بەتەوسەوەش پێیان دەڵێن: لەمەودواش لێناگەڕێین کەس لێتان بدات، وەک ئەوەی دەزانن، ئەوانەی کە لێیان داون کێن و هەر ئەوانە وازیان لێناهێنن و لەمەودواش شەڕیان پێ دەفرۆشن!؟!

**سێیەم:** وەک میرزا کەریم باس دەکات، زیرەک زۆر نهێنی لەدڵدا بووە، بەڵام، نەیوێراوە باسیان بکات، ئەو نهێنیانەش هەر ئەو زوڵم و زۆرەی ئاشکراو نهێنی ئیتلاعات بووە، کە ژیانی لە زیرەک تاڵکردووە، دەنا زیرەک هیچ گیروگرفتێکی لەگەڵ کەس نەبووە، ئەوە هەر رژێمە دیکتاتۆرەکانن، زوڵم لە هاووڵاتیان دەکەن و هاووڵاتییەکانیش ناتوانن دەردی دڵی خۆیان بۆ هەموو کەس باس بکەن.

**چوارەم:** هیچ گوناحێکی نەبووە، جگە لەوەی کوردێکی بێ غەل و غەشەو دەیەوێ ئەو بێ غەل و غەشییەی خۆی بپارێزێ.



**حەسەن زیرەک، ئەم وێنەیە بۆ یەکەمین جارە بڵاو دەکرێتەوە**

میرزا کەریم زۆر بە دڵسۆزییەوە، زۆر نهێنی ژیانی زیرەکی بۆ ئاشکرا کردووین، ئەوەتا پاش مردنی زیرەک دەچێ چەند پرسیارێک لە"حوسێن زیرەک"ی برای حەسەن زیرەک دەکات و ئەویش لەوەڵامدانەوەدا راستییەکان بەتەواوی ئاشکرا دەکات. میرزا کەریم دەنووسێ لە"حوسێن زیرەک"م پرسی! برام زیرەک خراپەی کەسی نەبوو، حەزیشی لە شەڕو گێچەڵ نەبوو، بۆچی تا لەبانە بوو دوو سێ جار شەڕی کرد؟

حوسێن لەوەڵامدا دەڵێ: ئێمە چەندجار پێمان گوت: کاکە ئەتو تەنها خۆت و براژنە"رابیعە"ی ژنتەو ئارەزوو و ساکاریش لای دایکیانن، ئێمە زۆرچاک دەتوانین بەخێوتان بکەین، یان وەرە لێرە کاسبی بکەو ئێمەش یارمەتیت دەدەین و چاویشمان لێت دەبێ کەسیش ناتوانێ بێ خود شەڕت پێ بفرۆشێت، زیرەک پێکەنی و گوتی: باوکم خۆ منیش ئەوەی تۆ دەیڵێی دەیزانم و زۆریشم بەلاوە چاکە، بەڵام، ئێوە شتێک دەزانن و مینیش زۆر شت، من بەڵاتان لێ وەدوور دەخەمەوە، حوسێن دەڵێ منیش گوتم: بەڵای چی کاکە ئەو هەموو مودەتە ئێمە ئاگاییمان لە مردن و ژینی یەکتر نییە! ئەو بەڵایەی بۆتۆ دێتە خوارەوە با ئێمەش شەریکی غەم هەڵگرتنت بین و غەمێکت بۆ بخۆین.

"زیرەک"تەماشایەکی ئەولاو ئەملای خۆی کردو بەدەنگی نزم گوتی: حوسێن"زدی ئیتلاعات" ئەزیەتم دەدات و دەڵێ: دەبێ بچیتە ئەودیوو ئیشمان بۆ بکەی! چەندی دەڵێم باوکم ئەمن هی ئەوجۆرە شتانە نیم و"سەووادیشم"نییە! ئێوە چۆن ئیستیفادە لەمن دەکەن؟!

دەڵێن ئەتو بەماڵەوە بڕۆ بۆ عێراق ئێمە پارەیەکی زۆرت دەخەینە ئیختیار و خۆشمان خەڵکت بۆ دەنێرین و تۆش هەرچی زانیاریت هەیە پێیان بڵێ و ئەوانیش بۆ ئێمەی دەهێننەوە! هەڵبەت خۆشت دەزانی ئەمجۆرە شتانە بەمن ناکرێت و ئەگەر پێشم بکرێ نایکەم با ساڵی دوو سێ جار تێم هەڵبدەن و بە هەژاریش دەژیم و بەڵام"ئەو کانییەی ئاوم لێ خواردووەتەوە هیچ کاتێک بەردی تێ ناخەم و خیانەت بە خاکەکەی عێراقیش ناکەم" لەناو خەڵکیش سەربەرز دەژیم، لەدواییدا بە شۆخییەوە پێکەنی گوتی: بەتەنیا بەر بەرەکانێی دەوڵەتیش دەکەم..!

بەڵێ کرۆکی مەسەلەکە لێرەدایە، ئیتلاعات دەیەوێ زیرەک ئەو ناوو دەنگ و هونەرەی کە هەیەتی بۆ ئەوان بەکاری بێنێ و خیانەت لە براکانی خۆی بکات. لە بەرامبەریشدا چەند پارەی بوێ بیدەنێ، بەڵام، زیرەک دەڵێ: ئەوە کاری من نییەو هیچ کاتێک بەرد ناخەمەوە ئەو کانییەی، کە ئاوم تێیدا خواردووەتەوە، با ساڵی دوو سێ جار تێم هەڵبدەن و بە هەژاریش دەژیم و لەناو خەڵکیش سەربەرز دەبم، بە تەنیا بەر بەرەکانێی دەوڵەت دەکەم.

بەڵێ: زیرەک خیانەتی نەکرد و بە هەژاری ژیا، بەڵام دەوڵەت"ساواک"بە ژەهر کوشتی، راستیشی کرد بەتەنیا بەر بەرەکانێی دەوڵەتی کرد و گیانی خۆی لەسەر دانا.

لێدانی کاوبۆیی!!

ماوەیەک بەسەر لێدانی"حەسەن زیرەک"تێپەڕیبوو و ئازار و ناڕەحەتییەکانی لەبیر چووبووەوە، دەستی کردبوو بە کاسبی. هەڵبەت ئێمەش هاتووچۆمان دەکرد وەک جاران، رۆژێک بەیانی رابیعە خانم هات بۆ ماڵی ئێمەو گوتی: کاکە ئێمە لێرە نامێنین، لەگەڵ قسەکردنیش دەستی کرد بە گریان.

میرزا کەریم دەنووسێ: منیش زۆرم پێ سەیر بوو گوتم: بۆ لێرە نامێنن رابیعە خانم، فرمێسکەکانی سڕیەوەو گوتی: کاکە وابزانم ئەگەر چیتر لێرە بمێنینەوە لەوانە شەوێک هەر بشمانکوژن!! گوتم: ئاخر چی بووە چی روویداوە با منیش بیزانم؟!

رابیعە خانم گوتی: ئەمشەو ئەوەندەیان بە لوولەی تفەنگ لە"زیرەک"داوەو هەرچی پوولیشمان هەبوو هەموویان لێ سەندووەو هیچمان نەماوە، میرزا کەریم دەچێتە کانی مەلا ئەحمەد بۆلای زیرەک، سەیر دەکات زیرەک لەسەر کورسییەک دانیشتووە، چاوی بە میرزا کەریم دەکەوێ، دەزانێ بۆ زیرەک پەرۆش و ناڕەحەتە، بە پێکەنینەوە دەڵێ: ئەمە بەهاوارمەوە هاتووی؟

میرزا کەریم دەڵێ: ئەوە چیت بەسەرهاتووە؟

بەشی دەیەم

کەڵچەری بەدرخان Bedirxan
بڵاوکراوەیەکی رووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
سەرپەرشتیاری کەلچەری بەدرخان
د.ئازاد حەمە شەریف
راوێژکاری رووناکبیریی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان
ژمارە ٨٠ - ١٥٣ - ٢٠١١/٢/٢٢ی زایینی

# خاتوو رەوشەن بەدرخان یەکەمین ژنەنووسەر و رۆژنامەنووس و شۆڕشگێڕی کورد

**ئەردەڵان عەبدوڵڵا**

ماڵباتی بەدرخانیەکان ئەو چیا بەرزەن، کەلە هەموو بوارەکانی ( سیاسی، ئەدەبی، فەرهەنگی) سەری هەموو کوردێکیان بەرزکردۆتەوە. هیچ ماڵباتێکی کوردی، هێندەی ئەم ماڵباتە قارەمان و شۆڕشگێڕە، ئازارو ئەشکەنجەیان بە دەستی داگیرکەران نەچەشتووە. دیارە مەزنی ئەم ماڵباتە لەوەوەیە، کەوەکوو ماڵباتێکی تەقلیدی کوردی نەبوون، تەنها چاویان دیوەخان و عەشیرەتەکەی خۆیان ببینێت، بەڵکە ئەمان چاویان هەموو بەشەکانی کوردستانی بینیوە. هزریان لەناو بەرژەوەندی خێڵ و ناوچەکەیان قەتیس نەماوە. هیچ سەرکردەیەکی کورد، هێندەی ئەمان لە بینینی داهاتوو و ستراتیژدا دووربین نەبوون . هەربۆیە داگیرکەرانی کورد، لەپێش هەمووشیانەوە توورکە فاشیستەکان، بەهەموو شێوەیەک هەوڵی لەناوبردن و کوشتن و ئاوارەکردنیان بوون . لێ هەموو ئەم سیاسەتە درندانەی دوژمنانی کورد،کاری لە ماڵباتی بەدرخان نەکردووە، بەڵکە بە پێچەوانەوە هێندەی تر وورەی بەرزتر کردوونەتەوە. خاڵێکی تری پرشنگداری ئەم ماڵباتە مەزن و قارەمانە، بۆچوونی مۆدێرنە و پێشکەوتنخوازەیان بۆ ژن بووە. هەر لەم ماڵباتە کورد پەروەرەدا، کۆمەڵێک ژنی ئەم ماڵباتە بەشداری ژیانی سیاسی و ئەدەبی و رۆژنامەگەری و فەرهەنگی کوردیان کردووە. یەکێک لەو ژنە قارەمانانەش خاتوو رەوشەن بەدرخان بووە.

بەرێکەوت چاوم بە کتێبی ( الاعمال الكاملە) رۆشن بەدرخان کەوت . ئەم کتێبە کە بە زمانی عەرەبی نووسراوە، کۆمەڵێک بابەتی ئەدەبی و سیاسی و مێژووی لە خۆگرتووە. ئەم کتێبە هەموو کارو چالاکیەکانی خاتوو رەوشەن بەدرخان باس دەکات . دیارە جگەلەوەش کۆمەڵێک نووسەری کوردیش بۆچوون و دیدی خۆیان بۆ خەبات و چالاکیەکانی خاتوو رەوشەن بەدرخان نووسیوە، لەوانە ( دکتۆر کەمال مەزهەر، دکتۆر بەدرخان سندی، کونی رەش، میرحاج، دلاوەر زنگی. ). خاتوو رەوشەن بدرخان لە ١١ تەموز١٩٠٩ لە شاری قەیسەری لەدایک بووە. ( صالح بدرخان) باوکی،یەکێک بووە لە میرەکانی بدرخان . دایکی ( سامیە بدری پاشا) کەئەویش یەکێکە لەنەوەکانی میر بەدرخان . هەروەک چۆن خۆر ناتوانێت واز لە گەرمایی و رووناکی خۆی بهێنێت، ماڵباتی بەدرخانیش نەیاندەتوانی واز لە خەبات و کوردایەتی بهێنن، هەربۆیە جارێکی تریش تووشی میرغەزەبە خوێنمژەکانی تووک بونەوەو ساڵی ١٩١٣ مالباتی بەدرخانیەکان، لەناو ماڵ و گەلی خۆیان دەردەکرێن، بۆ ناوچەکانی شام و میسر دووردەخرێنەوە. ماڵی رەوشەن خانم بەر وڵاتی شام دەکەون . بەڵام دوژمن خەیاڵ پووچ دەرچوو، چونکە ئەم ماڵباتە قارەمانە، چووبێتنە هەرشوێنێکەوە دەستیان لەخەباتکردن لەدژی داگیرکەرانی توورک بەرنەداوە. سالح بەدرخانی بابی، خاتوو رۆشن بەدرخان دەنێرێتە قووتابخانەوە و پلەکانی خوێندنی ئەوکات تەواو . ساڵی ١٩٢٣، لە دیمەش دەچێتە ( پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان). خاتوو رەوشەن یەکێکە لە ژنە مامۆستا یەکەمەکانی وڵاتی سووریا و ئوردون . لەنێوان ساڵانی ١٩٢٥ تا ١٩٢٨ لە لە رۆژهەڵاتی ئوردون و شارەکانی عەمان و کرک لە قووتابخانەکاندا دەرس بە منداڵان دەڵێتەوە. ساڵی ١٩٢٨ دەگەڕێتەوە بۆ دیمەشق دەستدەکات بە خوێندی زمانی فەرەنسی لە قووتابخانەی ( اللایک فرنسی) . پاشان لە قووتابخانەکانی دیمەشق وەکوو مامۆستا دادەمزرێت، لە چەندین قووتابخانەی ئەو شارەدا، منداڵان فێری خوێندن دەکات . بەتایبەت لە قووتابخانەکانی ( خولە بنت الازور، لیلی الاخیلیە) بۆ ماوەیەکی زۆر وانە دەڵێتەوە.

**چالاکیە سیاسی و فەرهەنگیەکانی:**

خاتوو رەوشەن بەدرخان تەنها لە بواری پەروەردەدا چالاک نەبوو، بەڵکە لە زۆر بواری تردا جێ پەنچەی دیارە . لە ساڵی ١٩٣٤ دەبێتە ئەندامی یەکەمی رێکخراوی ژنانی سووریا . پاشانیش لە ساڵی ١٩٤٤ دا دەبێتە نوێنەری سووریا لە کۆنگرەی قاهیرە. ساڵی ١٩٤٧ یش، لە ئیزگەی سووریا کاردەکات و بەرنامەیەکی تایبەت بە خێزان و منداڵان پێشکەش دەکات .

یەکەمین ژنە نووسەرو رۆژنامەنووسی کورد: هەروەک چۆن ئەم ماڵباتە قارەمانە یەکەمین رۆژنامەی کوردیان کردە دیاری بۆ گەلەکەیان . بەهەمان شێوەش یەکەمین قەڵەمی ژن کەلە بواری نووسین و رۆژنامەگەریدا کاری کردبێت،دیاری بەنرخی ئەم ماڵباتە قارەمانەیە. خاتوو رەوشەن بەدرخان هەر لەگەڵ دروستبوونی گۆڤاری (هاوار) دا، بەشداریەکی جدی لە بواری نووسین و ئامادەکردنی ئەم گۆڤارە کردووە. لەساڵی ١٩٣٢، گۆشەیەکی تایبەت بۆ ئەم خانمە دانرا بە ناوی ( خێزان) . ئەم گۆشەیە کەتایبەت بوو بە هۆشیاریکردنەوەی کورد، لەبواری خێزان و ماڤەکانی ژن دا. خاتوو رۆشن لەم گۆشەیەدا بە راشکاوی باسی کێشەوگرفتەکانی ژن و خێزانی کوردی دەکرد.

**بەرهەمەکانی:**

خاتوو رۆشن بەدرخان کۆمەڵێک کتێبی نووسیوە. لەهەمان کاتیشدا لە بواری وەرگێرانیشدا دەستێکی باڵای هەبووە. ئەو بەرهەمانەی کە ئەم خانمە بەرێز چاپیکردوون ئەمانەن .

١. صفحات من الادب الكردی . ساڵی ١٩٥٤

ئەم کتێبە خاتوو رەوشەن بەدرخان لە ساڵی ١٩٥٤ دەربارەی ئەدەبی کوردی بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی . ئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبە نایابەکانی، هەوڵێکی گەورەیە بۆ ناساندی ئەدەبی کوردی بە خوێنەری عەرەبی . هەروەک بەرێزیشیان لە کتێبەکەیدا دەڵێت :

( قضيت سنين طويلة افكر بعمل يتيح للعالم العربى التعرف على جيرانه الاكراد الذين تجمعه واياهم روابط كثيرة فى هذه الحياة،،، ص ١٦٠)

دیارە سەرچاوەی سەرەکی ئەم کتێبەشی، کتێبە نایابەکەی مامۆستای هێژامان علادین سەجادی بووە . هەروەک خۆشیان دەڵێن :

( عندما وصل الى يدى كتاب تاريخ الادب الكردى الذى جمعه الاستاذ الفاضل علاء الدين سجادى ، وجدت الفرصة سانحة لاقوم بترجمة البعض مما جاء فيه لاضعه بين يدى قراء اللغة العربية ،،، ١٦٠)

لەم کتێبەدا خاتوو رۆشن هەوڵیداوە باسی مێژوویەکی کورتی ئەدەبی کوردی بکات، لەهەمان کاتیشدا باسی شاعیرانی کوردی کردووە. لەوانە ( بابەتاهیر هەمەدانی، ئەحمەدی خانی، جەزیری، حاجی قادر کۆیی، نالی، ئەحمەد موختار جاف، حەمدی، گۆران، زێوەر، فایەق بێکەس،هەژار، جگەرخوێن، قەدری جان ) . نووسەر لەم کتێبەدا هەوڵیداوە، بۆ هەر شاعیرەو پارچەیەک لە شیعرەکانی بکات بە زمانی عەرەبی .

بەدڵنیاییەوە ئەمە یەکەمین هەوڵی کوردبووە بۆ ناساندنی ئەدەبی خۆی بە گەلانی عەرەب . ئەمەش لە مێژووی گەلەکەماندا، بە هەوڵێکی گرنگ و مەزن دادەنرێت .

**١. مذكرات معلمة او عصفورة السياج ( تاليف رشاد بگ نورى . فى ثلاثة اجزاء. ترجمة. روشن بدرخان . سنة. ١٩٥٤ )**

**٢. غرامى والامى ( تاليف : مكرم كامل، ترجمة : روشن بدرخان . ١٩٥٣ )**

**٣. مذكرات امراة ( تاليف : كوزيدا خبرى . ترجمة : روشن بدرخان . ١٩٥٣. دمشق. طبعة الثانية . دمشق. ١٩٩٦ )**

**٤. رسالة الشعب الكوردى للشاعر گوران ( ترجمة . روشن بدرخان . ١٩٥٤)**

**٥. مذكراتى: صالح بدرخان . ترجمة : روشن بدرخان . ١٩٩١ .**

**٦. رسالة الى الغازى مصطفى كمال باشا ( تاليف الامير جلادت بدرخان . ترجمة روشن بدرخان . ١٩٩٠)**

**٧. الرد على الكوسموبوليتيه. تاليف عيسى ذبيحى . ترجمة روشن بدرخان.**

**٨. نظرة الى التاريخ العثمانى . د. نورى ديرسمى . ترجمة . روشن بدرخان .**

**٩. الامير بدرخان . تاليف. لطفى. ترجمة : روشن بدرخان .**

دیارە جگە لەمەش کۆمەڵێک ووتاری گرنگی لەبارەی سیاسەت و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نووسیوە. لەوانە ( خێزان و مامۆستا. ) کەلە ژمارە ٢٧ . ساڵی ١٩٤١ . لە گۆڤاری هاوار بڵاوکردەوە. هەروەها ووتارێکی گرنگی تر بەناوی ( المراه والسعاده ) کەلە ژمارە ٣٠ ساڵی ١٩٤٠، لەگۆڤاری هاوار بڵاوکردەوە. دیارە جگە لەکۆمەڵێک ووتاری تر، کەزۆریان خۆی نووسیونی، بەشێکیشیان وەرگێران بووە.



رەوشەن بەدرخان و سینەم خانی کچی لە پاریس

یادەوەریەکانم لە کۆنگرەی ئەسینا دژی کۆلۆنیالیزم . ٠١,١١,١٩٥٧

بەشێکی تری ئەم کتێبە کەزۆر بەدڵم بوو، یادەوەریەکانی خاتوو رۆشن بەدرخان بوو لە کۆنگرەی ئەسینا دژی کۆلۆنیالیزم ( داگیرکەران) . ئەوەی لەم کۆنگرەیەدا بەرچاوم کەوت، لای من کەمێک نامۆ نەبوو، چونکە لە زۆر کۆنگرەو کۆنفرانسدا بەشداربووم و هەڵوێستی فاشیستانەی وەفدە عەرەب و تووک و فارسەکانم بینیوە . خاتوو رۆشن لەم نووسینەیدا باسی قۆناغێکی گرنگی ژیانی خۆی دەکات، کە رۆڵێکی گرنگی لە ناساندنی دیرۆکی گەلەکەمان هەبووە. لە ٠١,١١,١٩٥٧ لە ئەسینا کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لەدژی کۆڵۆنیالیزم سازدەکرێت . خاتوو رۆشن بەدرخان بەهەوڵی خۆی دەتوانێت بەشداری ئەم کۆنگرەیە بکات . هەروەک خۆشی دەڵێت، بڕیار وابووە کە بەرێز ( مام جەلال) یش لەم کۆنگرەیەدا بەشداربێت، لێ بەخت یاری نەبوەو نەیتوانییوە بەشداری بکات. لەم کۆنگرەیەدا خاتوو رۆشن وەکوو تاکە نوێنەری گەلی کورد بەشداری دەکات و ئاڵای کوردستان بەرزدەکاتەوە. ئەوەی کە بۆ خوێنەری کورد گرنگە، خاتوو رۆشن باسی ئەو دژایەتی و هەوڵە نەگریسانەی وەفدی میسری و لوبنانی و سووری و جەزائیریەکان دەکات، کەچۆن نەیانهێشتووە ئەم خانمە بەشداری بکات و ئاڵای کوردستان هەڵبکات . دیارە لەم کۆنگرەیەدا میشێل عەفلەق بەشداربووەو زۆر دژایەتی ئەم خانمە قارەمانەی کردووە. گاڵتەجاری گەورە لەوەدایە خاتوو رۆشن باسی ئەو دژایەتییە گەورەیەی وەفدی جەزائیری دەکات . دەڵێت نوێنەرەکەی جەزائیر بەهیچ شێوەیەک رازی نەدەبوو من وەکوو کورد بەشداری ئەم کۆنگرەیە بکەم، هەرەشەی بەجێهێشتنی کۆنگرەکەیان دەکرد ( ل. ٥٤/٤٤) .

دیارە لەم هەڵوێستەشدا، وەکوو هەمووجارێک ( ئینگلیز و فەرەنسیەکان) پشتگیریان کردوون. لێ سەرۆکی کۆنگرەکە کەسێکی مرۆڤ دۆست و شۆرشگێرێکی یۆنانی بووە، زۆر پشتگیریی خاتوو رۆشنی کردووە. گاڵتەجاری گەورە لەوەدایە، ئالەوکاتەدا جەزائیر خۆی بەدەستی داگیرکەری فەرەنسیەوە دەیناڵاندو داوای سەربەخۆیی دەکرد کەچی ئابەم شێوە فاشیستانە دژایەتی گەلی کورد دەکەن . بە دڵنیاییەوە هەوڵ دەدەم لەم ماوەیەدا ئەم بیرەوەریانەی خاتوو رۆشن بکەم بە کوردی، چونکە لەرووی مێژوویی و سیاسیەوە، گرنگی و بایەخێکی زۆریان هەیە .

**دەرئەنجام:**

دیارە لەم چەند دێرەی مندا ناتوانین وەسفێکی تەواو، ناسینێکی باش بۆ خەبات و تێکۆشانی ئەم خانمە قارەمانە بکەین، لێ هیوادارم کە توانیبێتم کەمێک رۆشنایی بخمە سەر ژیانی ئەم خانمە قارەمانە . لەکۆتاییدا پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە وەزارەتی رۆشنبیری و دەزگاکانی تری فەرهەنگی ( نووسەران، رۆژنامەنووسان)، ساڵانە یادی ئەم خانمە بکەنەوەو خەڵاتێکیش بەناوی رۆشن بەدرخان دابنێن بۆ نووسەرانی ژن، چونکە خاتوو رۆشن بەدرخان یەکەمین ژنە نووسەری کوردە . هەروەک چۆن ئەم ماڵباتە قارەمانە یەکەمین رۆژنامەی کوردیان دامەزراند، یەکەمین ژنە نووسەری کوردیش ئەندامی ئەم ماڵباتە قارەمانەبوو. هەربۆیە جارێکی تریش داواکارم کە خەڵاتێک بەناوی ئەم خانمە دابنرێت، بۆئەوەی لەلایەک ئەم خانمە لەبیر نەکرێت، لەلایەکی تریش هانی ژنانی کورد بدرێت بۆ نووسین و رۆشنبیری، خاتوو رەوشەن بکەنە پێشرەوی خەباتی خۆیان .

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی خاتوو رۆشن بەدرخان و گشت ئەندامانی خانەوادەی بەدرخان.

**سەرچاوە:**

روشن بدرخان . الاعمال الكاملة . ٢٠٠٩/١٩٠٩.
اعداد : نازدار جزراوى . دار سپيريز للطباعة و النشر . ٢٠٠٩ .

## وەرزی تۆران

**شەقامەکان**
**لە دەفتەری بەتاڵ دەچن،**
**درەختەکان**
**لە قەڵەمی شکاو دەچن،**
**ئەستێرەکان**
**لە دەریای بێ ئاو دەچن.**

**بێ تۆ هەموو شەوەکانم**
**وەک مۆمێکی کوژاوەیە،**
**بێ تۆ هەموو رۆژەکانم**
**ئازارێکی نەبڕاوەیە.**

**بۆ رۆیشتی..**
**بۆ جێت هێشتم؟!**
**بۆ بە تەنیاییت سپاردم؟!**
**لە پایزە تەمەنی جوانیم،**
**سڵاوێکت بۆ نەناردم؟!**

**بڕوا بکە کەسێ نییە**
**وەکو من تۆی لا ئازیز بێ.**
**ئاخر پێم بڵێ چۆن دەبێ**
**ئینسان لە رۆحی خۆی زیز بێ؟!**

**من چی بکەم**
**تۆ کە نزیکێکی دووری،**
**تەنیا عەشقی تۆ شک دەبەم**
**بە دڵم بەخشێ سەبووری!**

**هەولێر – ٢٠١١/٢/١٩**



**عەبدولڕەحمان بێلاف**

# محەڕەم محەمەد ئەمین: نووسەری بە هەڵوێست و شەهیدی وشە



**د. ئازاد حەمە شەریف**

دیاردەیەکی یەگجار دانسقە و دەگمەنە لە ئەدەبی کوردی و رۆژهەڵاتی دا نووسەرێک بتوانێت لە هەموو بوارەکانی نووسین دا بەقەد نووسەری شەهید (محەڕەم محەمەد ئەمین) باڵادەست بێت. ئەم دەگمەنی و دانسقەییەش بۆ ئەو رۆشنبیرییە بەرفراوانە و ئەو ئەزموونە بەربڵاوەی کە نووسەر لە نیوەی یەکەمی ژیانیدا بەدەستی هێنابوو دەگەڕێتەوە. سەرباری ئەوەی کە ئەو رۆشنبیرێکی راستەقینە و راستگۆ بوو لەگەڵ خۆی و کۆمەڵگەکەی، مامۆستا (محەڕەم) هەموو ساتێک ئامادەبوو زۆر راستگۆیانە لە پێناو ئەو بیروباوەڕانەدا خەبات بکات کە بڕوای پێیان هەبوو. هەر لە پێناوی ئەو بیروباوەڕانەشی بوو کە بەخشندانە سەری دانا.

نووسەری شەهید (محەڕەم محەمەد ئەمین) جگە لەوەی کە چیرۆکنووسێکی ورد و بەتوانا و دەستڕەنگین بوو، رۆژنامەنووسێکی پلە یەک و وەرگێڕێکی دانسقەش بوو. چیرۆکەکانی ئەو نووسەرە ئازا و بوێرە نەشتەرئاسا دیاردە خراپ و دزێوەکانی کۆمەڵگای سەردەمی خۆی بە تەکنیکی نوێباو و بە زمانێکی کوردی بەپێز و پتەوەوە پێشکەش دەکات. چیرۆکەکانی (مام هۆمەر)، (شای قەرەجان)، (مردووی زیندوو)، (پەتیارە) و (سەیرانێک لە ئەزمر) پراوپڕن لە خەم و مەینەتییەکانی مرۆڤی چەوساوەی ئەو رۆژگارە و هەر رستەیەک لەو چیرۆکانە هاوارێکی نارەزاییە بە رووی ستەم و زۆرداری ئەو سەردەمە. ململانێی چینایەتی و کێشەی نەتەوەیی دوو تەوەرەی زۆر بایەخدارن لە سەرجەم چیرۆک و نووسینەکانی ئەم نووسەرە وێژدان زیندووە. چیرۆکەکانی (گردی شەهیدان) و نۆڤلێتی (رێگای ئازادی) دەنگی راستگۆیی نووسەرێکە کە پەیامی خۆی بەچاکی بە خوێنەران دەگەیەنێت.

لەبەرئەوەی ئەدەب و رۆشنبیری هیچ میللەتێک بەبێ وەرگێڕان پێشناکەوێت، نووسەری رۆشنبیر (محەڕەم محەمەد ئەمین) هەر زوو هەستی بەم راستییە کردووە و هەوڵی داوە ئەوەندەی لەتوانایدا بێت ئەم کەلێنە فراوانە بە وەرگێڕانی کۆمەڵە بەرهەمێکی دانسقە و کاریگەر پڕ بکاتەوە. نیو سەدە پتر لەمەوبەر کە کەم نووسەری کورد هەبوون ناوی (دیستۆیڤسکی)یان بیست بێت، ئەو دەستی داوەتە وەرگێڕانی رۆمانۆکەی (یادی گۆڕستانەکە) و پێشکەش بە خوێنەرانی تامەزرۆی ئەدەبی جیهانی کردووە. ساڵێک دواتر کتێبی (شۆرشی بەرزان)ی (هەمزە عەبدوللا)ی کردۆتە کوردی کە ئەمیش کەلێنێکی لە کتێبخانەی هەژاری کوردی پڕکردۆتەوە. ساڵی دواتر کتێبێکی زۆر بەسوود و کاریگەر و مێشک کەرەوەی وەرگێڕاوە کە (مەبدەئە بنەڕەتێیکانی فەلسەفە)ی جۆرج پۆلیتزەر و جی بێس و مۆریس کاڤینج بوو. ساڵی ١٩٧٢ کتێبێکی بەسوودی تر کە (مافی بڕینەوەی دوارۆژ بەپێی تیلایی چاوی یاسای دەوڵەتی) ی لە نووسینی (د. مصباح الدین خیرۆ)ی لە عەرەبییەوە کردۆتە کوردی. هیچ گومانی تێدا نییە کە وەرگێڕانی ئەم چوار کتێبە بەشێک بووە لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی مامۆستای شەهید (محەڕەم محەمەد ئەمین) چونکە هەر چوار بەرهەم بەرهەمی مرۆڤانی پێشکەوتنخواز و شۆڕگێڕ بوون و بۆ ئەو سەردەمەی رۆشنبیری کورد لە پێویست پێویستتر بوون.

خۆ ئەگەر سەیرێکی نووسینە رۆژنامەوانییەکانی ئەو نووسەرە بلیمەتە بکەین و بەوردی لێیان بکۆڵینەوە دەگەینە ئەو راستییەی کە چ وەرگێڕانەکان و چ چیرۆکەکان و چ بابەتە رۆژنامەوانییەکان هەر هەموویان بەدەوری بابەتی پێشکەوتنخوازی و شۆڕگێڕیدا خوول دەخۆن. ئەو بابەتانەی کە نووسەر لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی ساڵانی پەنجا و شەست و حەفتاکانی سەدەی رابردوو بەتایبەتی لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی (ژین)، (بلێسە)، (رۆژی نوێ)، (بەیان) و (سلێمانی) و ئەوانی تر بڵاوی کردوونەتەوە باشترین بەڵگەن بۆ ئاستی بەرز و مێشکی فراوانی ئەم نووسەرە دڵسۆزە بۆ کوردو کوردایەتی و مرۆڤایەتی. رێزە نووسینەکانی نووسەر لەبارەی "جەژنی نەورۆز" و یادکردنەوەی شۆڕگێڕانی کورد وەکو "حەمە قودسی" و خەباتی گەلانی بەشخوراو وەکو "گەلی ئێرلەندا" و داواکردن بۆ "سەربەستی ئافرەت" و داکۆکیکردن لە مێینە و ژنانی بەشخوراوی رۆژهەڵاتی هەمیشە لەودیوو بیرکردنەوەی نووسەری شەهید (محەڕەم محەمەد ئەمین) بوون.

بابەتەکانی تر کە لە بارەی "فەلسەفەی چیرۆک" و "هونەری چیرۆک" و "چیرۆک لە مێژوودا" و "زانستی دەروون و ئەدەب" و "بیرکردنەوەی عیلمی" و "پەیدابوونی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و پێشکەوتن" و دەیان بابەتی تر کە یان بەخۆی نووسیوویێتی یان وەریانی گێڕاون بۆ کردنەوەی مێشکی خوێنەری کورد و فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەی رۆشنبیرانی ئەو سەردەمە گەورەترین کاریگەرییان هەبوو.

ئەوەی یەگجار تووشی سەرسوڕمانی کردووم ئەوەیە کە بۆچی دەیان نووسەری تری زۆر لە خوارەوەی نووسەری شەهید (محەڕەم محەمەد ئەمین) هەن کۆڕ و سیمینار و رێزلێنان و فێستیڤاڵیان بۆ سازدراوە کتێبیان لەسەر چاپکراوە و گەیەنراونەتە کەشکەلانی فەلەک کە نەک ئەوان ئاستی نووسینیان بەقەد ئەو بەرز نەبووە، بەڵکو بگرە تۆزقاڵێک بەقەد ئەو دڵسۆز نەبوون بۆ کورد و کوردایەتی و مرۆڤایەتیش.

ئایا وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوەیە کە میللەتی دواکەوتوو تەنیا رێز لە کەسە بێ توانا و نادڵسۆز و خۆفرۆشەکان دەنێت و نووسەر و رۆشنبیرانی بلیمەت و دڵسۆز و پایەبەرز هەمیشە دەبێت بەوە چاکەی بدرێتەوە کە یان پشتگوێ بخرێت یان بە دەردی (دەروێش عەبدوللا)کەی (گۆران) ببردرێت:

**بەلێ دیارە، لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار**
**وەکو عەکسی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لیخندا، (١)**

هاوار و فیغانی (هێمن)ی شاعیریش بۆ خۆی و بۆ هەموو هونەرمەندان و شاعیران و روناکبیران و رۆشنبیرانە، چونکە نووسەرانی راستگۆ و دڵسۆز هەمیشە لەلایەن میللەتانی دواکەوتوو و دەسەڵاتدارانەوە تووشی کێشە و ئارێشە کراون. لە ژیاندا ئەوەندە ئازار دەدرێن کە تامی هەموو شتێکی خۆش لە بیر بکەن:

**بزانە تۆ ئەوی ئەهلی هونەر بێ**
**دەبێ یا دەسبەسەر یا دەربەدەر بێ**
**هونەرمەند و ژیانی خۆش محاڵە**
**هونەرمەند رەنجەڕۆیە، ژینی تاڵە ! (٢)**

کەواتە هیچ سەیر نییە ئەگەر دوای ٣١ ساڵ بەسەر تێپەڕینی شەهیدکردنی ئەو نووسەرە بلیمەتە کە گەورەترین خزمەتی روناکبیری لە کاتە هەرە تاریکەکاندا پێشکەش بە میللەتەکەی خۆی کردووە و سەری لە پێناو وشە و راستگۆیی دانا و بەدەستی بەعسییەکان دوای لێپێچانەوە و ئەشکەنجەدانێکی زۆر لەلایەن دایەرەی ئەمنی سلێمانییەوە لە ناوبرا. تا ئێستاش بەبەردەوامی لە وێژدانی هەمووماندا شەهید دەکرێتەوە و کەسیش یادی ناکاتەوە.

سڵاو ئەی برای شەهیدم کاکە (محەڕەم)، رەنگە هەمان چارەنووس خۆی بۆ هەموو روناکبیرێکی وێژدان زیندووی دەسەڵاتنەخوازی ئەم وڵاتە دانووساندبێت و تا ئەو رۆژەی وێژدانی خەوتووی ئەم خەڵکە واگادێتەوە پێڵووی چاوانت لێک بنێ و ئێمەش وا خەریکە بۆ لای ئێوە بەرێ دەخرێین.

**هەولێر ٢٠١١/٢/١٥**

**سەرچاوە**

١- گۆران،دیوانی گۆران (بەرگی یەکەم) کۆکردنەوەی محەمەد مەلا کەریم (بەغدا: چاپخانەی کۆری زانیاری عیراق،١٩٨٠) ل ١١٩

٢- هێمن موکریانی،بارگەی یاران (بەرگی یەکەم) بەسەرپەرشتی:بەدران ئەحمەد و عوسمان دەشتی (هەولێر:چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٣) ل١٠٦.

*** لەساڵی ١٩٢١ لە گەڕەکی دەرگەزێنی سلێمانی لەدایک بووە.**
*** لەساڵی ١٩٤٣ قوتابخانەی دواناوەندی تەواوکردووە.**
*** پانزە رۆژ لەکۆلێژی حقووقی بەغدا خوێندوویەتی، بەڵام لەبەر هەندێ تەنگوچەڵەمەی تایبەتی بەجێیهێشتووە.**
*** لەساڵی ١٩٧٧ خانەنیش بووە.**
*** دوای لێپێچانەوە و ئەشکەنجەدانی لەلایەن دایەرەی ئەمنی سلێمانییەوە. لەرۆژی ٢٣ی تەممووزی ساڵی ١٩٨٠دا بۆ دوجار ماڵئاوایی کرد.**




www.kurdipedia.org



# بەدرخان لە دورگەی کریتی یۆنان

## ئێمە وەفدێکی بیانی ببەینە سەر گۆڕ و مۆزەی کام نووسەر و شاعیری کورد

**ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل***

گەشت و سەفەر، سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ فێربوون و زانیاری وەرگرتن و، شارەزایی لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا. لەلایەکی دیکەوە بۆ گەلێ مەبەست و قازانج دەشێ و بەکاریش هاتوون. هەر لەسەرەتاوە مرۆڤ ویستوویەتی و کەڵکەڵەو حەزی دیتن و گواستنەوە لەجێگای خۆیەوە کەوتۆتە سەر، لەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ چووەو ساراو چیا بڵندەکانی بڕیوە هەتا هەوایەکی دیکەو ژیانێکی دیکە تاقی بکاتەوە، لەو مەنزڵگایەی شتێکی نوێتر فێربووەو ژیانی باشتر پێ گوزەراندووە...

تۆ بڕوانە ئەو گەڕیدەو ڕۆژهەڵاتناسانە، کالاّیان لەپێ کردووەو گەرماو سەرمایان بەلاوە ناوە، چیاو بیابانی چۆڵ و قرفەیان بڕیوە تاکو لە کلتوور و نەریت و خووی ئەو میللەتانە بکۆڵنەوە بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە لایەنە بەسوودەکان و کۆکردنەوەی کەلەپووری ئەو شوێن و میللەتانەی دەیانبینین، یان بەمەبەستی سیخوڕی بۆ وڵاتەکەی خۆیان، تا شارەزایی جیۆپۆلیتیکای ئەو شوێنە بن و لایەنە لاوازەکانیان دەستنیشان بکەن، تا بۆ مەبەستی خۆیان بەکاری بهێنن..

گەشت و سەفەر، تەنها دیتنی سەرپێیی باخچەی ڕازاوەو تەلاری بەرز و دیمەنی شەپۆلی دەریاو چیای دامێن سەوز نییەو ببڕێتەوە. گەشت و سەفەر وردبوونەوەیە، هەڵسوکەوتی شارستانیانەی ئەو شوێنەی بۆی دەچی، سەرسام بوونە بە سیستەمی ترافیک و ڕێزگرتنی خەڵکی لە گڵۆپی سوور و سەوز. فڕێ نەدانی پارچە کاغەزێک لەجێگای دیاریکراوی خۆی نەبێ، بێزارنەکردنی خەڵکی بە هۆڕن لێدان"چوار ڕۆژ لە شارێکی سویسڕا بووم هۆڕنێکم گوێ لێ نەبوو!!"، پاک و خاوێنی چێشتخانەکانە "ئەی بۆ وەزارەتی شارەوانی و تەندروستی و گەشتوگوزار ئاوڕێک لە چێشتخانەکان نادەنەوە"!

گەشت و سەفەری، گروپێکیش "بە هەر مەبەستێکەوە بێ"جیاوازە لە گەشت و سەفەری تاکە کەسی. دەبێ بەر لە بەڕێکەوتن بەرنامەیەکی داڕێژراوی هەبێ لێی دەرنەچێ، لە مەبەست و ئامانجەکانی بکۆڵێتەوە. دواتریش کە گەڕایەوە پێشنیازەکانیان بەلایەنە پەیوەندیدارەکان و وەزارەتەکان بدەن. نایکەن؟ با نەیکەن...



ڕەوا حەمەکەریم، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، دڵزار حەسەن - ٢٢//١/٢٠١١ دورگەی کریت

من لەم گەشتەمدا لەگەڵ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخاندا. بیرم لە وانەی سەرەوە نەکردەوە. لایەنێکی دیکە ئازاری دەدام.

ئایا ئێمە شاعیری بەرز و نووسەری بەتواناو هونەرمەندی لێهاتوومان نییەو نەبووە؟!!.

ئەی بۆ هیچ شاعیرێکی کۆچکردووی کورد شوێن و جێگایەکی بۆ تەرخان نەکراوە، دەستنووس و شتە کەسایەتییەکانی کۆنەکراوەتەوە، میوانێکی بیانی، یا وەفدێکی ڕۆشنبیری هاتە کوردستان پیشانی بدەین.

ئەی بۆ تابلۆکانی هونەرمەندێکی کورد، بۆ نموونە"محەمەد عارف سیامەنسوری"لەشوێنێکدا دانەنراوە. هەوڵێکی ئاوا کاری کام لایەنە؟ کێ دەیکا؟ ئەی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ ئەم کارە ناکات؟ خۆ خەرجی دوو سیمیناری بێ سوودی تێناچێ.. دەباشە، کورد نە شاعیری هەبووە، نە هونەرمەندی تێدا هەڵکەوتووە بیانییەک سەردانی ئێرە بکات وا دەڵێ...

من لەسەر گۆڕی کازانتزاکیس، لەناو مۆزەکەیدا، بیرم لە پیرەمێرد و مەحوی و مەسعود محەمەد و شکور مستەفاو سیامەنسوری و دەیان نووسەر و بەهرەمەندی کۆچکردووی کورد دەکردەوە. بەداخەوە...

*** نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەندامی وەفدی میوان بۆ کریت.**



وەفدی ڕوناکبیرانی کوردستان لە دەروازەی گۆڕی نیکۆس ٢٠١١/١/٢٢



ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و نوێنەری ڕێکخراوی نیکۆس

www.ariyakurdi.org

# دەزگای بەدرخان و نیکۆس کازانتزاکیس





بەهەڵپەڕکێکانیان یۆنانییەکان سەراسیمەی کوردەکانیان کرد ٢٠١١/١/٢١ کریت

**شیلان یاسین***

زۆرن ئەو نووسەر و چیرۆکنووسانەی، کە لە خەم و ئازاری گەلەکەیان ژیاون بەدرێژایی تەمەنیان بەربەرەکانیانکراوە، لەسەر نووسینەکانیان. نیکۆسی شاعیر و نووسەر و رۆماننووسی یۆنانی نموونەیەکی بەرچاوە. ئێستاش نووسینەکانی خوێنەرێکی زۆری هەیە و بە بایەخەوە هەڵدەسەنگێنرێت لە نێو میللەتان و کوردیش یەکێکە لەو میللەتانەی کتێبەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و گرنگی بەو کەڵە نووسەرە داوە، هەر بۆیەش شەوی بیست ویەک لەسەر بیست و دووی مانگی رابردوو ٢٠١١/١/٢١ لە وڵاتی یۆنان و لە دورگەی کریت چالاکییەکی کەلتووری و ئەدەبی لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی بەدرخان بە هاوکاری یەکێتی کوردانی کریت لە ژێر دروشمی ( زایەڵەی ئازادی لە کوردستانەوە بۆ کریت نیشتمانی نیکۆس کازانتزاکیس) بە ئامادەبوونی نووسەر و رۆژنامەنووسانی کوردستان و هونەرمەندان و جەماوەرێکی زۆر لە کورد و یۆنانی بەڕێوەچوو.

لێرەدا من نامەوێت باسی نیکۆسی نووسەر بکەم، بەقەد ئەوەی دەمەوێت باس لە دەزگای بەدرخان بکەم و گرنگی بەو کارو چالاکییانەی بدەم، کە جگە لەوەی لە کوردستان کاردەکات و بڵاوکراوە دەردەکات، ئینسکلۆپیدیای هەولێریش کارێکی ناوازەی دەزگای بەدرخانە، بەڵام ئەو کارو چالاکییانەی دەرەوە زۆر گرنگە و مایەی دەستخۆشییە. ئاخر چۆن وا نەڵێم دەزگایەک کە بتوانێت بەو توانا کەمەیەوە ئەو کارە گرنگانە ئەنجامدەدات. بەدرخان بەو کارانەی کوردو کوردستان بەگەلان دەناسێنێت. جگە لەوەش یارمەتی رۆژنامەنووس و هونەرمەند و رۆشنبیران دەدات بۆ بینینی وڵاتان و شارەزابوونی کەلتووری گەلان و شوێنەوارەکانیان. ئەگەرچی هیچ لایەنێک نییە پاڵپشتی دارایی بەدرخان بکات بۆ ئەو گەشتانە، بەڵام نە بەدرخان پەکی دەکەوێت و نە رۆژنامەنووسانیش سڵ لەوە دەکەنەوە، لەسەر گیرفانی خۆیان بڕۆن مادام بەدرخان هیممەت دەکات و سەفەر و چالاکی رێکدەخات پەکمان ناکەوێت.

ئەگەرچی من لە نزیکەوە ئاگادارم کە دەزگای بەدرخان چەندە گەشت دەکەن و کاری گرنگییان کردووە، بەڵام ئەوەی دوورگەی کریت یەکەمجارە هاوڕێیان بم بۆ سەفەر و لێشی پەشیمان نییم، چونکە دەزانم نەبێتە پێداهەڵگوتن کاک حەمید بەدرخان و د. ئازاد حەمە شەریف چەندە ماندوو بوون بۆ ئەنجامدانی سەفەرەکە. دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە برادەرانی ئەوێ ( یۆنان) کاکە رەوا و کاک مینە وسو سەرۆکی رێکخراوی یەکێتی کوردانی کریتی لە یۆنان چەندە خاکییانە کاریان کردبوو لە پێناو بەڕێوەچوونی ئەو چالاکییە و هێنان و کۆکردنەوەی یۆنانییەکان و کوردەکانی ئەوێ و هۆڵگرتن و رێکخستنی مەراسیم. من دەستخۆشی لەبەڕێزیان و هەر کوردێک دەکەم کە بۆ بەرژەوەندی کورد و ناساندنمان کاری کردووە و دەیکەن. خواهەڵناگرێ من و کاک حەمیدیش بە جلی کوردییەوە پتر چاومان لەسەر بوو ئاخر لە دوورگەیەکی ئاواو مەراسیمێکی بەم جۆرە چۆن جلی گەلەکەمانیان پێنەناسێنین و لەبەری نەکەین. دواتریش بەشایی و هەڵپەرکێی کوردی برادەرانی بەشداربوو مەراسیمەکەمان بەجۆشتر کرد. چوونی ئەو وەفدە و کارکردن بۆ کەڵە نووسەرێکی کریتی و ناساندنی بەدرخان و بەشێک لە کارەکانی و پێدانی بڕوانامە و گۆڕینەوەی راو سەرنج خۆی لە خۆیدا خزمەتێکی گەورەی رۆشنبیری کوردییە و هیوادارم بەدرخان نموونەی زۆربێت و دەزگاکانی دیکەش چاوی لێبکەن. مادام کوردستان ئازادە و رێگەی سەفەر هەیە با بیکەین و ئەو دەرفەتە لە دەست نەدەین.

*** نووسەر و رۆژنامەنووس ئەندامی وەفدی میوان بۆ کریت.**



شیلان کاتێ خەڵات دەکرێت



کاتێ مامۆستایەکی شوێنەوار ناسی باس لە شوێنە پیرۆزەکانی کریت دەکات - ٢٠١١/١٠/٢٢

# کریتییەکان نیکۆس بە ناسنامەی وڵاتەکەیان وەسف دەکەن



کاتێ مەدالیای نیکۆس پێشکەش بە یۆنانیەکان دەکرێت



لەکاتی پێشکەش کردنی یاداشتەکان

**سمکۆ عەبدولکەریم - حەمید بەدرخان**

ئێوارەی ڕۆژی ٢٠١١\١\٢١ ژمارەیەک نووسەرو ڕۆژنامەنووس لە شاری هەولێرو سلێمانییەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکییەکی کلتوری و ڕۆشنبیری و هونەری بە ناونیشانی (زایەڵەی ئازادی لە کوردستانەوە بۆ کریت، نیشتمانی کازانتزاکیس) گەیشتنە دوورگەی کریت لە وڵاتی یونان.

چالاکییەکە بریتی بوو لە پێشکەشکردنی چەند وتەیەک کە لە لایەن حەمید بەدرخان سەرۆکی دەزگای بەدرخان و کاکەمین وسو سەرۆکی ڕێکخراوی یەکێتی کوردانی کریتی و هەریەکە لە ڕەوا حەمە کەریم ڕێکخەری چالاکیەکە و وانی بەرپرسی کەلتووری شارەوانی کریت و سەرۆکی شارەوانی کریت و نوێنەری ڕێکخراوی نیکۆس کازانتزاکی لە نەمسا پێشکەشکرا،هەروەها دوو لێکۆڵینەوە لە بارەی نیکۆس کازانتزاکیسی ڕۆماننووسی ناوداری یونانی لە لایەن هەریەک لە دکتۆر ئازاد حەمە شریف بە ناونیشانی (کاریگەری نیکۆس کازانتزاکیس لە سەر ئەدەبی نوێی کوردی) و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل بە ناونیشانی (کوردیش نیکۆس کازانتزاکیسی خۆش دەوێت) پێشکەشکرا.

هەر لەو چالاکییەدا پێشانگایەکی هونەری بۆ هەریەک لە شێوەکارانی کورد ئیسماعیل خەیات و دارا محەمەد عەلی و دەشتی جەنگی کرایە.

بەشێکی چالاکییەکە بە گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردی و یونانی لە لایەن گرووپێکی هونەرییەری یونانییەوە بەڕێوەچوو، کە تێیدا چەندین جۆر لە شێوازو کلتووری جۆراوجۆری کوردی کریتی یونان نمایش کرا .

لە میانی چەلاکییەکەدا سەرۆکی بەشی کلتووری و هونەری لە سەرۆکایەتی شارەوانی لە لێدوانیکدا نیکۆس کازانتزاکیسی بە ناسنامەی گەل و وڵاتەکەی وەسفکرد.

شایانی باسە بەهۆی بیرو باوەڕی جیاوازی نیکوس لە سەردەمی خۆیدا، ڕێگا نەدراوە تەرمەکەی لە گۆڕستانی کلیسا بنێژرێ، بۆیە تەرمی خۆی و خێزانەکەی لەسەر گردێکی گوندەکەیدا بە تەنیا نێژراون

چالاکییەکە لە لایەن دزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان بە هاوکاری یەکێتی کوردانی کریتی ئەنجامدرا، کە ١٥ نووسەرو ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند لە کوردستان بەشداریانکرد،بە ئامادەبوونی سەرۆکی شارەوانی کریت و سەرۆکی دەستەی هاوڕێیانی کازانتزاکیس و ژمارەیەکی بەرچاو لە میوانانی یونانی لە هۆلی شارەوانی بۆ بۆنەکان بەڕێوەچوو، لە کۆتایی چالاکییەکەشدا لە لایەن دەزگای بەدرخانەوە میدالیاو ئارم و شهادەی فەخری نیکۆس کازانتزاکیس بە ئیمزای سەرۆکی شارەوانی دورگەی کریت بە سەر ژمارەیەک لە چالاکوانانی کریتی یونانی و میوانی کوردستان دابەشکرا.

ڕۆژی دواتریش وەفدە کوردییەکە سەردانی گۆڕو مۆزەخانەی نیکۆسیان لە گوندەکەی خۆی کرد، دواتر گرووپی هونەری و کلتووری ئاهەنگێکی تایبەتی بۆ میوانە کوردستانییەکان ڕێکخست، کە ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە کریتییەکانی یۆنان ئامادەی بوون و بە گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردی و یۆنانی ئەو شەوە ڕازێنرایەوە.

تا ئێستا ٩ لە ڕۆمانە هەرە بەناوبانگەکانی نیکۆس وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، ئەمە جگە لە کتێبێک لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی کە وەفدەکە پێشکەشی مۆزەخانەی نیکۆس کازانتزاکیسیان کرد و ئەوانیش لەسەر سایتی مۆزەخانەکەی بڵاویانکردەوە و بڕیاریشیاندا لەساڵی ئایندە ئەو کتێبە کوردیانە بخەنە توتوێی ئەو دەلیلەی کە ساڵانە لە مۆزەخانە چاپی دەکەن، هەروەها لەلایەن بەڕێوەبەری مۆزەخانەکەوە چەندین کتێبی نیکۆس بە زمانی ئینگلیزی و یۆنانی پێشکەش بە سەرۆکی وەفدەکە حەمید بەدرخان کرا، لەدواجاردا فیلمێکی دیکۆمێنتاری سەبارەت بە ژیانی نیکۆس پێشکەش بە میوانانیان کرد.

مەبەست لە سازدانی ئەم چالاکییە ئەوەبوو لەو ڕێگایەوە ئەوە بۆ یونانییەکان ڕوون بکرێتەوە، کە کورد میللەتیکی ئاشتیخوازەو بە درێژایی مێژووش هەمیشە چەوسێندراوەتەوە، بۆیە ئەگەر هەڵەیەکیش ڕوویدابێت وەک ئەوەی نیکوس لە هەردوو ڕۆمانی براکوژی و زۆربادا باسی کردووە، بە دەستی خۆی نەبووە و دەسەڵاتدارانی عوسمانی لەو سەردەمدا ئەو هەڵانەیان پێ کردووە، چونکە کورد لەم قۆناغەدا ژێر دەستی عوسمانییەکان بووە.






وەفدی ڕوناکبیرانی کوردستان خەڵاتیان پێشکەش بە پەرلەمانتارانی یۆنان کرد

# زومی کامێرامانانی کورد لە حزووری نیکۆس کازانتزاکیس لە کریت


حەمید بەدرخان ئەو سەربازە یۆنانیانە دەهێنێتە سەر گۆڕی پێشمەرگە ونبووەکان


ئەوانە کەل و پەلی شاعیرانی کوردنییە, ئەوانە هی نیکۆسن


وەفدەکە لە نێو خۆشەویستانیدا


تێڕامان لە تابلۆ کوردییەکان


وەفدی روناکبیران لە سەر گۆڕی نیکۆس ٢٠١١/١/٢٢


هۆڵی چالاکییەکە لە کریت ٢٠١١/١/٢١ کریت

# دەزگای بەدرخان..
# دەرگایەکی گەورەی ناساندنی کورد



هەژار سدیق لە سەر گۆڕی نیکۆس ٢٠١١/١/٢٢ کریت

**هەژار سدیق** *

بەدرێژایی مێژووی داگیرکاری و بن دەستی گەل و خاکی کوردستان، چەند هۆکارێک بوونە مایەی مانەوەو بەردەوامی ژیان لەسەر خاکێک، کە لەنێوان چوار دەوڵەتی داگیرکەر دابەشکراوە، بێگومان ئەویش راپەڕین و شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی گەلەکەمانە. کە لە بەرخودانی بەردەوام دابووە لەبەرامبەر سیاسەتی لەناوبردن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییدا.

گەلی کورد لەچوارچێوەی خەباتە رەواکەیدا، جگە لە تیرۆر چەندین رێگای بەکارهێناوە بۆ سەرخستنی هەوڵەکانی لەپێناو رزگاری و ئازادیدا.

لێرەدا دەمەوێت هەڵوەستە لەسەر یەکێک لەم شێوە خەباتە پێشکەوتنخوازانەیەی گەلەکەمان بکەم، کە بۆتە هۆی ناساندنی دۆزی رەوای گەلەکەمان، کە ئەویش بەشداریکردنی نوێنەرانی کورد بووە لە کۆڕ و کۆبوونەوەو فێستیڤاڵە جیهانییەکان کە لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا لە وارشۆ و مۆسکۆ و ڤیەننا ئەنجام دراون، بێگومان شەرەفی ئەم شێوە خەباتەش بۆ یەکەمجار بەڕێز مام جەلال سەرۆک کۆماری ئێستای عێراق دەکەوێت، کە ئەوکاتە وەک لاوێکی ماندوو نەناس و خوێن گەرم لەم تەمەنە بچووکەیدا وەک سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکار و سەرکردەی رۆژە پێویستییەکان مامەڵەی کردووە، ئەرکی قورس و گرنگی ئەنجامداوە بۆ ناساندنی کێشەی رەوای گەلەکەمان بە بەشداران و ئامادەبوانی ئەم فێستیڤاڵە نێودەوڵەتیانە، کە لە چەندین نەتەوەی جیا جیا پێکهاتبوون.

ئەمڕۆش دوای زیاتر لە نیو سەدە، ئەم شێوە خەباتە لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، بە بودجەیەکی زۆر سنووردارەوە درێژەی پێ دەدرێت، دەزگای بەدرخات تاکە دەزگای رووناکبیری و رۆژنامەوانییە، کە ژمارەیەک فێستیڤاڵ و چالاکی کەلتووری و رووناکبیری لە وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی ئەنجامداوە، کە جێگای دەستخۆشی و پشتیوانیکردن و هاندانی هەموو لایەکی پێویستە.

بەندە وەکو رۆژنامەنووسێک دووجار چانسی ئەوەم هەبووە لەگەڵ دەزگای بەدرخان سەفەری ئەوروپا بکەم، یەکەمیان لە فێستیڤاڵی ساڵانەی بەدرخان لە ئەسینا ساڵی ٢٠٠٩ و ئەمساڵیش لە چالاکییەک کە تایبەت بوو بە رەنگدانەوەی بەرهەمەکانی نووسەری گەورەی جیهانی و یۆنانی نیکۆس کازانتزاکی لەسەر ئەدەبی کوردی لەم چالاکییە سەرکەوتووەدا، ئەوەی مایەی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەر کردنە، ئامادەبوونی ئەم ژمارە زۆرەی نووسەران و رووناکبیران و هونەرمەندانی شاری "ئیراکیلیۆ"ی پایتەختی هەرێمی کریت-ی یۆنان بوو، رۆژی پێش دەستپێکردنی چالاکییەکەش رۆژنامە بەناوبانگەکانی یۆنان و هەرێمی کریت لە لاپەڕەی یەکەم هەواڵی ئەم چالاکییەیان بڵاوکردبۆوە، جگە لە روماڵکردنی لەلایەن کەناڵی ئاسمانی کریتەوە.

لەم چەند رۆژەی کە میوانی کریت و کریتییەکان بووین تەنیا شت جیای دەکردینەوە، ئەویش زمان بوو، ئاکار و رەوشت بەرزی کریتییەکان. داب و نەریت و خواردن و میوانداری و سەماو هەڵپەڕکێ و جوامێری و مرۆڤ دۆستیان لە کۆمەڵگەی کوردییەوە زۆر نزیک بوو، تەنانەت ئاواز و گۆرانییەکانیان ئەوەندە نزیک بوو لەهەست و نەستمان، وا هەستم دەکرد لە کوردستانم.

لەم دوو سەفەرەمدا زۆر شت فێربووم و زۆر شتی نارۆشنیش هەبوو دەربارەی کوردستان لەبەرامبەرەکانمان گەیاند، دەستخۆشی و گەورەییش بۆ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان کە زۆر کەس بە بچووک دەیبینێت، بەڵام ئەم دەزگایە مینارەیەکی باڵابەرز و قەڵایەکی مەزن و دەروازەیەکی فراوانە بۆ ناساندنی هونەر و کەلتوور و مێژوو و لایەنە جیاکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بە کۆمەڵگە جیهانییەکانی دنیا، پێویستە هەموان هاوکار و هۆکاری سەرخستنی پڕۆژەکانیان بین.

*** نووسەر و رۆژنامەنووس ئەندامی وەفدی میوان بۆ کریت.**



هەژار سدیق و سەرۆکی شارەوانی کریت ٢٠١١/١/٢١

**دەنگدانەوەی چالاکییە کلتوورییەکەی دەزگای بەدرخان لە کریت لەیادی نیکۆس کازانتزاکیسەوە**

**کاکەمین وسو لە یۆنانەوە**

کۆمەڵێک پێگەی ئەلیکترۆنی و دەزگاو بڵاوکراوەو رۆژنامەکانی یۆنانی و کریتی سەبارەت بەو چالاکییەی کە لە رۆژی ٢٠١١/١/٢١ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بەهاوکاری یەکێتی کوردانی کریت لە یۆنان سازیدابوو، لەبارەی نیکۆس کازانتزاکیسەوە، ئەو چالاکییەیان بەرز نرخاندبوو و بە رووداوێکی گرنگ و سەرکەوتوویان دانابوو، لەمانە:

١- کۆمەڵەی دۆستانی نێونەتەوەیی نیکۆس کازانتزاکیس، کە نوێنەری کۆمەڵەکە" کاناکیس" وتارێکی سەبارەت بە سازدانی ئەو چالاکییە لەنێو ئاپۆڕەی میوانانندا خوێندەوەو گوتی:"ئیمڕۆ نیکۆس کازانتزاکیس تەنیا نووسەرێکی گریکی نییەو بەس، بەڵکو موڵکی کورد و هەموو دنیایە..."

٢- بڵاوکراوەی "ریسیمینیۆتیکانیا"رۆژی ٢٠١١/١/١٨ لە کۆنفرانسێکدا کە"حەمەدەمین وسو "سازیدابوو، باسی لە گرنگی ئەو چالاکییە کردبوو.

٣- بڵاوکراوەی "خانیۆتیکانیا" لە رۆژی ٢٠١١/١/١٧ باسی ئەو چالاکییەی کردبوو و بەرزی نرخاندبوو.

٤- هەر لەهەمان رۆژدا سایتی "کرێتا لایف " بابەتێکی بڵاوکردبۆوە.

٥- ماڵپەڕی "ئەگۆناس تیس کریتیس"بە ووردی لەو چالاکییە دوابوو.

٦- رۆژانی ٢٠-٢١-١/٢٤/ ٢٠١١رۆژنامەی "پاتریس"زۆر بەووردی بەدواداچوونی بۆ چالاکییەکە کردووەو بە وردەکارییەوە هەموو برگەکانی ئەو چالاکییەی بڵاوکردۆتەوە.

هەروەها بڵاوکراوە ناوەخۆییەکانیش زۆر بە چڕی باسیان لەو چالاکییەو ئەو سەرکەوتنە بێ وێنەی کە بەدەستی هێنابوو کردبوو، لەوانە:

١- کوردستانی نوێ ژمارە کانی "٥٣٩٢" ی ٢٠١١/١/٣١، ژمارە "٥٣٩٠" ٢٨ /٢٠١١/١ و ژمارە "٥٣٨٩" ٢٠١١/١/٢٧.

٢-گۆڤاری هەرێمی کوردستان ژمارە "٥٨٩" ی ٢٠١١/١/٢٥.

٣- رۆژنامەی هەولێر ژمارە "٩٥٩" ی ٢٠١١/١/٣١.

٤- رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە"١٣٩٧" ی ٢٠١١/١/٣١.

٥- هەفتەنامەی چاودێر ژمارە"٣٠٩"لە ٢٠١١/١/٣١.

هەروەها جگە لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەتایبەتی"Pukmedia" و کەناڵی ئاسمانی کوردسات و رادیۆی ئازادی حیزبی شیوعی کوردستان.

# زایەڵەی حەمید بەدرخان بۆ دوورخراوەکەی میر بەدرخان



شیلان ، خەیات ، دارا ، دەشتی ، شیلان ، قاسم نوری

**قاسم نوری***

کریت ئەو دوورگەیەبوو، کە خاڵی چالاکی هونەری و کەلتووری دەزگای بەدرخان لە وڵاتی یۆنانی لانکەی سەرهەڵدانی فەرهەنگی رۆشنبیریی مرۆڤایەتی بوو، مەبەستی دەزگای بەدرخان بزاڤی هونەری و رۆشنبیری کوردییە لە کوردستان و ناساندنی بە دنیا، بۆ دروستکردنی پردی رووناکبیری گەلی کورد و گەلانی دیکە، دیارە لەماوەیەکی کورتی تەمەنیدا ئەگەر چاوێک بخشێنی بە کارو چالاکییەکانی دەبینین خەرمان بەرەکەت، شایستەی دەستخۆشی و راوەستانێکە لە بەرامبەر دەوڵەمەندکردنی ئەرشیفی کوردی بە بڵاوکراوە باش و جوانەکانی ئەویش تۆمارکراوە لە ئەرشیفی کەلتووری میللەتەکەمان، یەکەمین رۆژنامەی کوردی بەناوی"کوردستان" لە ١٨٩٨/٢/٢٢ لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانییەکانەوە بۆ مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی چاپکراوەو تۆمارکراوە.

ساڵی ١٨٤٢ بەدرخان پاشای میری بۆتان دژی دەسەڵاتی شۆڤێنی عوسمانییەکان لە هەوڵی یەکخستنی ناوچەکانی وان، هەکاری، موش، بەدلیس، سەعەرد، موسڵ و جەزیرە، بۆ ئەم مەبەستە پەیمانی پیرۆزی پێکهێنا تا زاڵبێت بەسەر ناوچەگەرێتیدا، راپەڕینێکی سەرتاسەری بەرپاکرد، کە ئامانجی سەربەرخۆیی کوردستان بوو، بەدرخان پاشا خاڵی لاوازی راپەڕینەکانی دیکەی رەچاوکردبوو، وەک لێدانی سکەی پارە، ناردنی خوێندکاران بۆ ئەورووپا بۆ بەدەستهێنانی پسپۆری پێویست، بوژاندنەوەی ئابووری و دادوەری لە فەرمانڕەواییدا، لابردنی باج و سەرانەی قورس و لکاندنی دەڤەرەکانی تر بە بۆتان، بەڵام لەئەنجامدا لە شەڕی یەکلاکەرەوەی نابەرامبەردا لە قەڵای ئارۆخ گەمارۆدراو دوورخرایەوە بۆ دوورگەی کریت.

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخانیش وەک پیشەی خزمەتکردنیان بەردەوام فێستیڤاڵ و بڵاوکراوەو چالاکی رۆشنبیری سازدەکەن، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١ بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر و شەونخوونی بەردەوام تواندرا کەرنەڤاڵێک بۆ نیکۆس کازانتزاکیسی گەورە رۆماننووسی کریتی یۆنانی ئەنجام بدەن، کە کۆمەڵێک نووسەر و رۆژنامەنووس و هونەرمەند بە هەوڵ و ماندووبوونی ئەم دەزگایەو لەسەر گیرفانی خۆیان، لە رۆژی ٢٠١١/١/٢١ چالاکییەکیان ئەنجامدا..

ئەنجامدانی چالاکی کەلتووری گەشت بۆ مرۆڤ زۆر پێویست و خۆشە، بەتایبەتی بۆ نووسەر و هونەرمەندان زیاتر دەتوانێ زانیاری بداو وەدەست بهێنێ و بیرو مەعریفەی قووڵتر دەبێتەوە، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد ماوەی چەندان ساڵە نەک هەر گەمارۆی رۆشنبیری و هونەر، بەڵکو گەمارۆی هەواش دراوین، بۆیە ئەم گەشتە رۆشنبیری و هونەرییانە دنیایەکی گەورەی لێ کردینەوە...

سەرەتا باسێک لە هەولێرەوە تا ئەنقەرە بە قسەی خۆش و گفتوگۆی کۆمەڵایەتی و باس و خواستی رۆشنبیریی و هونەریی و پێکەنینمان زیاتر لە ٢٤کاتژمێر وامانزانی رێگاکە سەعاتێکە.

لە ئەنقەرەش زیاتر من و ئیسماعیل خەیات و دارا محەمەد عەلی و دەشتی جەنگی و شیلان عوسمان سەردانی بازاڕ و بەسەرکردنەوەی هەندێ شوێنی جوان، بەتایبەتی ئەو قەڵایە کۆنەی کە بۆتە جێگای سەرسوڕمانی کلتوورخوازان.

بەرەو ئەستەنبۆل بە رێگای شەمەندەفەر شەوێکی کوردانەمان بەسەربرد و بەیانی لەسەر لێوارەکانی ئاوی ئەستەنبۆل دابەزین، جوانی و شەپۆلی ئاو و تەلاری ئەمبەرو جۆرەها باڵندەی سەری و بە کەشتییەک پەڕینەوە بۆ لاکەی تر، چوست و چالاکی و زمانزانی و لێهاتوویی د. ئازاد و شارەزایی بە ماوەیەکی کورت ئاشنای دەکردین و دەیگەیاندینە شوێنی مەبەست، لە ئوتێل دابەزین و خەوێکی خۆشمان کرد و دواتر دەستمان بە گەڕان و سوڕان کردەوە تا درەنگانی شەو من و ئیسماعیل خەیات و دارا محەمەد عەلی و دەشتی جەنگی و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلی چیرۆکنووس و زمانزان و شیلان یاسین شەوەکەمان لەسەر لێوارو ناو کەشتی ئەمبەرو ئەوبەری ئەستەنبۆل بەسەربرد، بەیانیش یەکسەر لەڕێگای فڕۆکەوە بۆ یۆنان و لە ئەسینا دابەزین و پاش چەند کاتژمێرێک بە فڕۆکە ترانزێتەکە چووینە دوورگەی کریت، لەوێش لەلایەن کاکە رەوا حەمە کەریم لە ئەسیناوە هاتبوو لەگەڵ کاکەمین وسو سەرۆکی کۆمەڵەی کوردانی کریت و لە فڕۆکەخانە پێشوازی کراین، یەکسەر بۆ چێشتخانەیەک، کە جۆرەها خواردنی تێدابوو دۆڵمەشمان خوارد، دواتریش بۆ هەڵواسینی تابلۆی پێشانگای شێوەکاری هونەرمەندان و ئێوارەش مەراسیمی زایەڵەی کوردان بۆ نیکۆس کازانتزاکی و ناساندنی گەلی کورد بە گەلی یۆنان و روونکردنەوەی ئەو نووسین و قسانەی کاتی خۆی بەناوی کورد گوتراوەو نیکۆسیش لەنێو رۆمانەکانی خۆی دایناوە.

بێبەری بوونی کوردی رەسەن لە شەڕو کوشتارەکانداو بەرهەمەکانی کازانتزاکیس بە کورد و هاوسۆزی و زوڵمەکانی مێژووی سەبارەت بە کورد و ئەرمەن و چالاکی تیپی هونەرە میللییەکانی کریت بە سەمای یۆنانی کوردی و رێزلێنانی دەزگای بەدرخان بە پەرلەمانتار و شارەوانی و کەسایەتی کریتی و چەندان وتار و شایی و هەڵپەڕکێی کوردی و یۆنانی ئەنجامدرا، بەیانیش گەشتێکی زانستی بەنێو شارەکانی کریت و تەلار و مۆزەخانەکانی و مۆزەخانەی نیکۆس کازانتزاکی و سەردانی گۆڕی نیکۆس و هێلینی هاوسەری، شەویش لەسەر شەرەفی دەزگای بەدرخان داوەتێکی میللییانەی خواردن و خواردنەوەی یۆنانی و بە ئاواز و گۆرانی و سەمای کوردی و یۆنانی تا درەنگانی شەو لەلایەن ناوەندی کەلتووری شارستانی و شارەوانی کریت ئەنجامیاندا.

ئەم گەشتە رۆشنبیرییە ماوەی هەفتەیەکی خایاند و دواتریش هەریەکەو بۆ وڵاتێک، من و دارا محەمەد عەلی و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و دەشتی جەنگی لە فڕۆکەخانەی ئەسیناوە بۆ وڵاتانی ئەورووپا من و دەشتی جەنگی شێوەکار بۆ سوید و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل بۆ سویسرا و دارا محەمەد عەلی بۆ ئەڵمانیا بەڕێخراین.

زۆر تێبینی و دیتنی وردم هەیە لەسەر گەورەیی ئەم گەشتە چالاکییە هونەری و رۆشنبیرییە، بەڵام ئەوەی کە زۆر جێگای دڵخۆشی و گەورەییە:

١- دەزگای بەدرخان ئەو هەموو خزمەت و چالاکییەی ئەنجامیانداوەو ئەنجامی دەدەن و بەهەوڵی چەند کەسێک لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن، ئەوە چەندان دەزگای تر کە بودجەیان دەقات زیاترەو پڕییەتی لە گەندەڵی و مووچە وەرگرتن و دانیشتن.

٢- ئەو هونەرمەندانەی بە گیرفان و قووتی ماڵ و منداڵیان بۆ چالاکی و ناساندنی هونەری کوردی لە هەندەران، خزمەتی هونەر و رۆشنبیری کوردی دەکەن.

٣- خۆزگە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە، بەتایبەتی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان هەڵسەنگاندنێکی وردی دەکرد لەبەرامبەر ئەو دەزگاو سەنتەرانەی کە کاردەکەن و کار ناکەن..

*** هونەرمەند و ئەندامی وەفدی میوان بۆ کریت.**

# لە"کریت"ەوە. چەندپەیڤێک

**دارا محەمەد عەلی***

هونەرو ئەدەب. هەریەکەو بە کەرەستەی جیا جیا جیهان جوانتر و خۆشتر دەکەن.

"پەڕە مووچەکەی دەستی خۆمم بەپێنووسەکەی دەستی کازانتزاکی دەشوبهاند. چونکە هەردووکیان بۆ مەبەستێک هەوڵدەدەن ئەویش مرۆڤە"هەر لەبەر ئەوەوە لە دوورگەی"کریت"هەردووکمان هەر زووبەزوو یەکترمان خوێندەوە!!

کازانتزاکی دەستی گرتم و بەنێو ئەم دورگەیەداو بردمییە نێو مۆزەخانەکەی خۆی. خۆی پێناساندم. شا گەشکەبووم بەم کەڵە مرۆڤە، کەوا بتوانێ بە پێنووسەکەی"کریت" ئینجا"یۆنان"بەهەموو دنیا بناسێنێ!!

پتر کازانتزاکیم ناسی. هەربۆیە پتریش ئەم دوورگەیەم خۆشویست!! بەڵام ئێمەش درێغیمان نەکرد. چونکە توانیمان چەند بەرهەمێکی"هونەری کوردی"پێی بناسێنین، بەخۆی و بە خەڵکی ئەم دوورگەیە.

جوانی ئەم دوورگەیە لە سروشتە خۆڕسک و دەریاو کوچەو کۆڵانەکانی دەیبردمەوە نێو دنیا هونەرییە شێوەکارە رەنگاڵەییەکەم. بە من بوایە هەروەکو چۆن هونەرمەندی فەڕەنسی"گۆگان" سەری هەڵگرت و چوو بۆ دوورگەی"تاهیتی"تەنیا بۆ مەبەستی کاری هونەری و لەوێش مایەوە، ئینجا هەر لەوێش سەری نایەوەو کۆچی دوایی کرد. بەم شێوەیە منیش بمتوانیبوایە بمێنمەوەو چەند کارێکی هونەری ئەنجام بدەم. بەڵام من هەر ئەوەندەم پێکرا جگە لە پێشانگاکەو لەبری ئەو ئارەزوو و حەزە هونەرییەمدا کارەکانم پتر لەنێو چاوی خۆم و چاوی"کامێرا"کەمدا جێگەم بۆ کردبووەوە..

ئا لەم کاتەداو لەنێو سات و چرکە خۆشانەمدا، لەشوێنێکی بەرزی ئەم دوورگەیەدا خۆم و هاوڕێیانم لەسەر گلکۆی"کازانتزاکی"دیتەوە. دیتەوە..

*** هونەرمەند و ئەندامی وەفدی میوان بۆ کریت.**



دارا محەمەد عەلی،
بەرامبەر پێشانگا هاوبەشەکەی ٢٠١١/١/٢١

# زایەڵەی بەدرخان لە بڵاوكراوە ناوخۆیی و جیهانییەكاندا



رۆژنامەیەكی یۆنانی كە هەواڵی چالاكی دەزگای بەدرخانی تیا بڵاوكراوەتەوە



رۆژنامەیەكی یۆنانی كە هەواڵی چالاكی دەزگای بەدرخانی تیا بڵاوكراوەتەوە



رۆژنامەیەكی یۆنانی كە هەواڵی چالاكی دەزگای بەدرخانی تیا بڵاوكراوەتەوە



رۆژنامەی الاتحاد



رۆژنامەی هەولێر



گۆڤاری هەرێمی كوردستان



رۆژنامەی كوردستانی نوێ



رۆژنامەی ئاسۆ



هەفتەنامەی چاودێر

## بەدەن لە ئیدیۆمیدا



عەبدولوەهاب شێخانی

- پشتی سەریشی چاوە: زۆر وریاو ئاگادارە.
- پشتی سەری بەعاردی كەت: زەرەرو زیانی زۆری پێكەوت.
- سەر: بەرپرس و پێشەنگ.
- سەر گرنگە: بەپرس گرنگە.
- سەر هێشان: ناخۆش و دەردەسەری خۆم تووشی سەرهێشانی ناكەم.
- بن سەر: بەنهێنی دەست تێڕابوون ئەوە لەبن سەری وییە.
- نیو چەوان:
- نیو چەوان خۆش: هەنیە خۆش: رووخۆش.
- نیو چەوانی هەندی دوو پەنجانی لێ مابۆوە: زۆر تووڕە بوو.
- نیو چەوان سێزدە: دمۆر: نیگبەت.
- نیو چەوانم نییە: ئیرە نییە، واتە دمۆرم.
- نیوچەوان گرژ: تووڕەو تۆسن.
- كانێس:
كانێس ئەستوور: بەدەمار.
- بێ روو: بێ شەرم.
- رووی دەوێ: بێ شەرمی دەوێ رووی دەوێ قسەی ناخۆش بكەی.
- رووگرژ: نیوچەوان گرژ: رووی خۆی گرژكرد.
- كوڵم:
- كوڵم دەنووكی كەوێ: كوڵمی سۆرو جوان.
- سەركوڵمت بەلێو دەگرم: بە ئیشتیاوە ماچت دەكەم.
- كوڵمی سێوی لاسوورە: كوڵمی سپیو سووری جوان.
- چاو:
بەسیلەی چاوی سەیری كردم: بەماناوە سەیری كردم.
چاوشۆڕ: شەرمەزار.
- چاوبڵند: سەربەرز.
- چاوبەردانەوە: سەرشۆڕكردن
- چاوقەیم: دلێر: ئازا: قارەمان: بوێر: نەترس: گەرناس.
- چاولێبوون: یارمەتی دان.
- گۆ: گوێی: گوێچكە: گێ.
- گۆراكێشان: گوێ راكێشان: تەمبێ كردن.
- گۆرایەڵ: بەرفەرمان.
- گۆ بڕین: ئەتككردن: ریسواكردن.
- بن گوێی: زۆر نزیك ”لەبن گوێی هەڵێ“
- برۆ:
- برۆ تێك نان: گرژو تووڕە.
- برۆ تراشین: ئەتككردن لەسەر كاری گەند.
- ئاە رەبی كچم برۆت بەتاشین چی.
- كەس ناتوانی بڵێ چاوت دوو برۆیە: كەس ناتوانی قسەی ناخۆشت دەگەڵ بكا.
- روو: شەرم.
- رووم نییە: شەرمێ دەكەم. رووم نییە بچمە لای.
- پەرچەم.
- سووچی چادر: پەرچەم.
- سووچی چادرەكەت لادە: پەرچەمت لادە.

**بەشی دووەم**



## مێژوو

د. محەمەد عەبدوڵڵا
کاکە سوور

### دیکتاتۆرییەت لەنووسیندا

دیکتاتۆرییەت هەر لەبواری فەرمانڕەواییکردندا نییە، بەڵکو لە نووسینیشدا هەیە، ئەگەر دیکتاتۆرەکانی بواری فەرمانڕەواییکردنی دەوڵەت بە ئاگر و ئاسن فەرمانڕەوایی گەل و دەوڵەت دەکەن نموونەی هیتلەر و موسولین و زەینلعابدین ئەوا دیکتاتۆرەکانی بواری نووسین رایەکی خۆیان یان بۆچوونێک یان خەیاڵێکی خۆمان لێی دەکەنە راستەقینەیەکی زانستی، راستە هەندێک بابەت هەیە لە نووسیندا راستی حاشا هەڵنەگرەو جێگای مشتومڕ و رای جیاواز نییە، بۆ نموونە وەکو ساڵی روودانی شۆڕشی فەرەنسی کە ناکرێ ساڵەکەی بگۆڕدرێ. بەڵام هەندێ بابەتی تر هەیە لە نووسیندا مایەی لێکدانەوەو رای جیاوازە. جا ئەگەر ئایەتێکی قورئان، کە دەقێکی پیرۆزە لێکدانەوەو شرۆڤەو تەفسیری جۆربەجۆر هەڵبگرێ بۆ دەبێ لێکدانەوەی جیاواز سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی کەسایەتییەک یان شۆڕشێک یان هەر رووداوێک بەلای هەندێک نووسەرەوە هەر یەک مانا هەڵبگرێ، ئەو را یان بۆچوون یان خەیاڵی خۆیان!؟

نووسەر هەیە رایەکی لاواز سەبارەت بە بابەتێک دەنووسێ، کە هەمووکەس مافی رادەربڕینی هەیە، بەڵام ئەوەی مافی ئەوو هیچ نووسەرێکی تر نییە، کە ئەو رایە بە راستییەکی حاشا هەڵنەگر دابنێ و پێی وابێ نابێ کەس لەدوای ئەو لەسەر ئەو بابەتە بنووسێ، چونکە بەقسەی خۆی روونی کردۆتەوەو سەلماندوویەتی! لەکاتێکدا ئەو تەنیا رایەکی دەربڕیوە لەوانەیە راست بێت یان نا. لەم رووەوە لەسەر خاکەڕایی نووسەری بەناوبانگی مرۆڤایەتی"ابن خلدون"نموونەیەک دەهێنمەوە، کە باسی بابەتێک دەکات و چەندین گێڕانەوە لەسەر ئەو بابەتە دەهێنێتەوە، دوایی رای خۆی پشت بەستوو بەچەند بەڵگەیەک دەخاتە روو، لەکۆتاییشدا دەنووسێ:"والله اعلم"واتا خودا باشتر دەزانێ لەوانەیە رایەکەی منیش راست نەبێ و بوارێکی تێدا دەهێڵێتەوە تاکو ئەگەر لە ئاییندەدا ناڕاستی رایەکەی دەرکەوت تەواو شەرمەزار نەبێ.

مەلاکانیش لەکاتی وەڵامدانەوەی پرسیاری شەرعی زۆرجار لەگەڵ وەڵامەکەدا ئەم خاکە رایانە پیشان دەداو لەکۆتاییدا دەڵێن خودا باشتر دەزانێ"والله اعلم" لە رێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی بەشی مێژوو لە پۆلی یەکەمی کۆلێژ دەخوێندرێ، دەوترێ لێکۆڵەر دەبێ بەهەمان شێوە خاکەڕابێ زۆر بە رەهایی حوکم لەسەر هەموو بابەتەکان نەدات، چونکە لەوانەیە لە ئاییندە زۆر شت ئاشکرا بکات کە ئێستا نایبینین، بۆیە داوا لەو نووسەرە بەڕێزانە دەکەم، کە مەبەستم هەموو نووسەران نییە، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر کەمن، کە خاکەڕابن و دیکتاتۆرییەت نەهێننە بواری نووسین، چونکە خەریکە لەبواری فەرمانڕەوایی کردنیشدا مۆدەی بەسەردەچێت.

# پەرلەمانی یۆنان پێشوازی لە وەفدێکی رووناکبیرانی کوردستان دەکات




لەراستەوە: ئاساناسیۆس ، رەوا حەمە کەریم ، ئازاد سادق، حەمید بەدرخان ، د. ئازاد حەمە شەریف ٢٠١١/١/٢٧ تەلاری پەرلەمانی یۆنان

**راگەیاندنی دەزگای بەدرخان**
**یۆنان - ئەسینا**

رۆژی ٢٠١١/١/٢٧ کاتژمێر"٥"ی ئێوارە لە تەلاری پەرلەمانی یۆنان لە ئەسینا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی یۆنان بەڕێز"ئاساناسیۆس پاپا دۆپولۆس" پێشوازی لە وەفدێکی رووناکبیران کرد، بەمەبەستی دروستکردنی پردی رووناکبیری لەنێوان گەلان، کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان"حەمید ئەبوبەکر بەدرخان، بەرپرسی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، ئازاد سادق- راوێژکاری پەرلەمانی کوردستان، د. ئازاد حەمەد شەریف- مامۆستای زانکۆو راوێژکاری رووناکبیری دەزگای بەدرخان، رەوا حەمە کەریم- رووناکبیرو چالاکوانی بواری کۆمەڵگای مەدەنی لە یۆنان".

پاش ناساندن، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی یۆنان بەخێرهاتنی گەرمی وەفدەکەی کرد و بەناوی سەرۆکی پەرلەمانەوە داوای لێبووردنی کرد کە نەیتوانی لەبەر سەرقاڵی لەو دانیشتنە ئامادەبێ. هەروەها خۆشحاڵی خۆی و پەرلەمانی یۆنانی دەربڕی بۆ ئەوجۆرە چالاکییە کلتوورییانەی کە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ساڵانە لە یۆنان و واشنتۆن و ئەڵمانیاو کریت و قاهیرە، سوید، لەندەن سازیدەدات. بەتایبەتی ئەمجارەیان لە کریت، کە لەبارەی نووسەر و رۆژنامەنووسی گەورەی یۆنانی نیکۆس کازانتزاکیس ئەنجامی دابوو، لەژێر دروشمی"زایەڵەی ئازادی لە کوردستانەوە بۆ کریت، نیشتیمانی نیکۆس کازانتزاکیس".

سەرەتا"حەمید بەدرخان" سەرۆکی وەفدەکە کورتەیەکی لەبارەی لە بزاڤی رووناکبیری کوردستان و ئەو پێشکەوتنە کلتووری و دیموکراتییەی کە لە کوردستانی عێراق هاتۆتە کایەوە بۆ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی یۆنانی باسکرد.

دوابەدوای ئەو بەڕێز"ئازاد سادق" سڵاوی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان"د. ئەرسەلان بایز"ی بە بەڕێزیان راگەیاند و کورتەیەک لە پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستانی وەکو نموونەیەکی جوانی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەڕێزیان باسکرد و ئاماژەی بەوەشدا کە کوردستان بۆتە پەناگەیەکی ئارام بۆ برا مەسیحییەکان و هاوولاتیانی دیکەی عێراق.

ئینجا"د. ئازاد حەمەشەریف" باسی ئەو پەیوەندییە دێرین و مێژووییەی کە لەنێوان هەردوو شارستانییەتی یۆنانی و کوردی هەیە کرد و تیشکی خستە سەر کەلتوور و هەست و ئەدەب و فۆلکلۆر و مۆسیقا و داب و نەریتی هاوبەش و لەیەکچووی هەردوو نەتەوەی کورد و یۆنان. هەروەها پێداگری لەسەر بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییانە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کرد.

پاشان وەفدەکە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە گەلی کورد دەخوازێ گەل و پەرلەمانی یۆنان بە جینۆسایدکردنی کوردان بە رەسمی بناسێنێ و پشتگیری لە دۆزە رەواکەی بکات. هەروەها ئەندامانی وەفدەکە داوای دابینکردنی کورسی خوێندنیان بۆ قوتابیانی کورد لە زانکۆکانی یۆناندا کرد. پێداگریشیان لە سەر ئەوە کرد کە پەیوەندی نێوان یۆنان و کوردستان لە سەر هەموو ئاستەکاندا پەرەی پێ بدرێت.

لەبەرامبەردا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی یۆنان سڵاوو پێزانینی خۆی ئاراستەی گەلی کورد و بەتایبەتی"د. ئەرسەلان بایز"جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرد و هیواشی خواست کە لە ئاییندەیەکی نزیکدا سەردانی کوردستان بکات و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا پتەوتر بێت.

لەکۆتاییدا وەفدەکە دیاری دەزگای بەدرخان، کە بریتی بوو لە "میدالیای نیکۆس کازانتزاکیس"ی پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمانی یۆنان و جێگرەکەی کرد.

هەروەها لەلایەن حەمید بەدرخان ئینسکلۆپیدیای هەولێر پێشکەش بە کتێبخانەی پەرلەمانی یۆنان کراو ئەوانیش دیاری خۆیان پێشکەش بە وەفدەکە کرد کە بریتی بوو لە کتێبی"پێریکلیس - بناغەدانەری دیموکراسییەت لە یۆنان.

شایانی باسە رۆژی ٢٠١١/١/٢١ بە ئامادەبوونی وەفدێکی رووناکبیران و نووسەران و هونەرمەندانی شێوەکار و رۆژنامەنووسان کە ژمارەیان"١٣"کەس بوون بریتی بوون لە"**حەمید بەدرخان، د. ئازاد حەمەد شەریف، ئیسماعیل خەیات، دارا محەمەد عەلی، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، ئازاد سادق، دەشتی جەنگی، شیلان یاسین، شیلان یوسف، سمکۆ عەبدولکەریم، دڵزار حەسەن، هەژار سدیق، قاسم نووری**".

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ئەو چالاکییەی بەهاوکاری یەکێتی کوردانی کریتی لە یۆنان ئەنجامدا کەلەژێر دروشمی"زایەڵەی ئازادی لە کوردستانەوە بۆ کریت، نیشتیمانی نیکۆس کازانتزاکیس"بە سەرکەوتوویی سازکرد.

وەفدەکە جگە لە ئەنجامدانی ئەو چالاکییە، سەردانی گۆڕی نیکۆس کازنتزاکیس و هێلینی هاوسەری نیکۆس و مۆزەخانەی نیکۆسیان کرد. دەبێ ئەوەش بگوترێ ئەگەر هیمەت و ماندووبوون و شەونخوونی کارمەندانی دەزگای بەدرخان و رەوا حەمە کەریم و کاکەمین وسو نەبووایە، هەرگیز نەدەتواندرا ئەو چالاکییە ئەنجامبدرێت. شایانی باسە ئەو چالاکییە لە"١٠"رۆژنامەی یۆنانی لەسەری نووسرا و بڵاوکرانەوە.

بەناوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان سوپاسی یەکە یەکەی ئەوانە دەکەین کە هاوکاربوون لە سەرخستنی ئەو چالاکییە کەلتوورییە، بەهیواین توانیبێتمان ئەو پردە رووناکبیرییەی نێوان گەلی کورد و گەلانی دیکە دروست بکەین.

ئەم چالاکییە لەسەر ئەرکی دەزگای بەدرخان و یەکێتی کوردانی کریت و ئەندامانی وەفدەکە ئەنجامدرا.

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرنامە ئەتۆمییەکانی

**دوو شت لەجیهاندا بێ کۆتایین، گەردوون و گەوجیی ئادەمیزاد، لە کاتێکدا من بۆ یەکەمیان هێشتا دڵنیا نیم.**
**ئەلبێرت ئاینشتاین**

**تایەر عەلی ڕەسوڵ**

تەکنۆلۆجیای ئەتۆمی گەلێک بەسوودە و پیشەسازی دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرز، بەڵام کێ گارانتی ئەوە دەکات، کە بۆ مەبەستی چەکداری بەکارنەهێنرێت، لەجیهاندا بەتایبەتی ئەوروپا و ئەمریکا ژمارەیەکی زۆر کارلێککەری ئەتۆمی (مفاعل نووی) هەیە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا بە پلەی یەکەم ئیسرائیل خاوەنی ئەم تەکنۆلۆجیایەیە و ئێرانیش لە هەوڵ و کۆششدایە بۆ بەدەست هێنانی.

شایانی باسە ئیسرائیل خاوەنی بۆمبی ئەتۆمیشە دیارە بە بۆچوونی خۆیان بۆ بەرگری و مانەوە پێویستە و ئەگەر بۆمب و تەکنۆلۆجیای ئەتۆمیان نەبوایە، لەوانەیە هاوکێشەکان بە جۆرێکی تر سووڕیان بخواردایە.

بەڕای من لەقازانجی ئێراندایە واز لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی کە بەو جۆرەی ئێستا خەریکیەتی بهێنێت و بەرەو ڕۆژئاوا هەنگاو بنێت، هەروەک چۆن لەم ساڵانەی دواییدا وڵاتی لیبیا ئەو هەنگاوەی ناو وازی لە بەرنامەی ئەتۆمی هێنا بەمەش ڕێگایەکی هۆشیارانەی هەڵبژارد وووڵاتەکەی لەلیستی ڕەشی جیهانیدا وەدەرنا، جگە لەوە یارمەتیش دەدرێت بۆ دروست کردنی کارلێک کەرێک لەژێر چاودێری نێونەتەوەییدا.

بەداخەوە خەریک بوونی ئێران بە بەرنامەی ئەتۆمییەوە مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر کوردستان و ناوچەکە، چونکە ئەگەر بەرنامەکە و دامەزراوەکانی تووشی کارەساتێکی تەکنیکی یان هێرشێکی ناوەکی یان دەرەکی هاتن، ئەوە بۆ ئێمەی کورد زۆر مەترسیدارە، ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی ترەوە هەموو کارلێک کەرێکی ئەتۆمی پاشەڕۆی هەیە، دەبێت چارەسەر بکرێت و لەکۆڵ خۆ بکرێتەوە هەروەها ئەو کارلێک کەرانەی ساردکردنەوەیان بە ئاوی سووکە لە دووکەڵکێشەکانیانەوە پاشەڕۆی تیشکدەری ئەتۆمی (اشعاعات نوویە) دەردەکەن بەڕاددەیەک لەماوەی ساڵێکدا بۆ هەر میگاواتیک بەقەدەر بۆمبێکی هیرۆشیما تیشک دەردەکەن، واتە وێستگەیەکی ئەتۆمی ١٢٠٠ میگاواتی کە ووزەی کارەبا بەرهەم دەهێنێت لە ساڵێکدا بەقەدەر ١٢٠٠ بۆمبی هیرۆشیما تیشک و پاشەڕۆ دەردەکەن، کە بەشێکی خێرا شی دەبێتەوە و بەشێکی تری کە پلۆتۆنیۆمی تێدایە هەتا ٢٤٠٠٠ساڵ دەمێنێتەوە.

جگە لەوە هەرگیز سەلامەتی تەواو نییە لەم بوارەدا، چونکە هیچ بەرنامە و هیچ پرۆژەیەک لە جیهاندا ١٠٠% ئەنجام نادات بەدەستەوە و ڕێژەیەک هەیە بۆ هەڵە، ئنجا چ هەڵەی تەکنیکی بێت یان کارەساتی تر، لە تەکنۆلۆجیای ئەتۆمیشدا کەمترین ڕێژەی هەڵە کارەساتی مەزن و فەوتانی ئادەمیزادی لێ دەکەوێتەوە، باشترین نموونە کارەساتی چێرنۆبیلی ئۆکرانیایە.









### تەکنۆلۆجیای ئەتۆمی چییە؟

تەکنۆلۆجیای ئەتۆمی واتە سوود وەرگرتن لە کاردانەوەی ئەتۆمی چەند ماددەیەک.

ئەتۆم (ژرە) بچووکترین یەکەی دروستکەری ماددەیە بە جۆرێک کە ملیۆن بلیۆن ئەتۆممان دەوێ بۆ داپۆشینی نوکی دەرزیەک، ئەتۆمیش لەبەشی تر پێک دێت وەک ناوک کە قەبارەیەکی بچووکی ئەتۆم پێک دێنێت، بەڵام 99،9% ی بارستاییەکەیەتی، ناوکیش لە پرۆتۆن و نیوترۆن پێک دێت.

ئادەمیزاد لەسەرەتای سییەکانی سەدەی پێشووەوە پێکهاتەکانی ئەتۆمی بۆ ڕوون بووەوە، لەو کاتەوە هەموو دەوڵەتێک خەو بە بەدەستهێنانی ئەم تەکنۆلۆجیایەوە دەبینێت، چونکە هەر دەوڵەتێک ئەم خەوەی هێنایە دی، ئیتر جیهان حسابی بۆ دەکەن و ناتوانن دەستدرێژی بکەنە سەری.

بەڵام لەم 10 ساڵەی دواییدا بەهۆی پێشکەوتن لە بواری پەیوەندیدا هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت لە بەرنامەی ئەتۆمیدا بەئاسانی کار بکات، چونکە جیهان خێرا پێی دەزانن و دژی دەوەستنەوە و بۆی هەیە ببێت بە شەڕێکی دۆڕاو بۆ ئەو وڵاتە و زیانی ئابووری لێ بکەوێت و ژیانی دانیشتوانیشی سەخت ببێت.

کاریگەرییەکانی چەکی ئەتۆمی تەنها لە سووتاندن و ڕوخاندندا نییە، بەڵکو لە ڕاددەی تیشکدانەوەکەیدایەتی، کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن هەر بەردەوام دەبێت، ئەم تیشکدانەوەیەش بەهۆی شیبوونەوەی ئەتۆمی ماددەکەوە ڕوودەدات کاتێک ناوکەکەی وردیلەی ئەلفا و بێتا و تیشکی گاما دەداتەوە و لەئەنجامدا دەگۆڕێت بۆ ناوکێکی تر کە پێی دەوترێت ناوکی لەدایکبوو.

ووردیلەی ئەلفا ناتوانێ پێستی ئادەمیزاد ببڕێت یاخود پارچەیەک کاغەز یان کراسێک، بەڵام زۆر مەترسیدارە ئەگەر بچێتە ناو سییەکانەوە لە ڕێگای هەناسەدانەوە.

وردیلەی بێتا بە خێراییەکی ئێجگار زۆر دەردەپەڕێ بەجۆرێک خێراییەکەی نزیک دەبێتەوە لە خێرایی تیشک و زۆر لە وردیلەی ئەلفا بەهێزترە.

لەکاتێکدا ناوکەکە وردیلەی ئەلفا و بێتا دەداتەوە دەچێتە بارێکی ناجێگیرەوە بەهۆی زۆریی وزەی ناوەکییەوە، بۆ ڕزگار بوونیش لەم وزە زیادەیە تیشکی گاما دەداتەوە، ئەم تیشکەش ئاستێکی وزەی زۆر بەهێزی هەیە و دەتوانێ پارچەیەکی ئەستووری قورقوشم ببڕێت.

یۆرانیۆم 235 تەنها ماددەی سروشتییە، کە بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی دەست بدات، ئەو بۆمبا ئەتۆمییەی هێرۆشیمای وێران کرد پێکهاتبوو لە نزیکەی 60 کیلۆگرام یۆرانیۆم 235 وە قەبارەکەشی بەقەدەر تۆپێکی پێ دەبوو، ئەو ماددانەی تر، کە بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بەکاردەهێنرێن وەکو یۆرانیۆم 233 و پلۆتۆنیۆم 239 لەسروشتدا نین و دەبێ بە ڕێگەی پێشەسازی ئامادەبکرێن بەهۆی پیاکێشانی نیوترۆن بە دوو ماددەی پیتاوی پۆریۆم 232 و یۆرانیۆم 238 وە، ئەم ماددانە پێیان دەوترێت پیتا، چونکە دەبن بە سووتەمەنی ئەتۆمی.

ئەو کارلێکانەی ماددەی پیتاو دەکەن بە ماددەی پارچەپارچەبوو پێیان دەوترێت کارلێکی بەرهەمهێن، کاتێک نیوترۆنێکی سەربەست دەچێتە ناو ئەتۆمی یۆرانیۆم 238 دەیگۆڕێ بۆ یۆرانیۆم 239 ئەمیش زۆر ناجێگیر دەبێت و بۆ ئەوەی بچێتەوە باری ئاسایی خۆی، نیوترۆنەکە لە ناوکەکەیدا دەبێ بەپرۆتۆن و ئەلەکترۆنێکی تازە و هەندێک وزە دەردەپەڕێ و لە ئەنجامدا ناوکێکی تر لەدایک دەبێت بە ناوی نپتۆنیۆم 239، کە ئەویش ناجێگیرە و بەهەمان شێوە نیوترۆن دەبێت بە پرۆتۆن و ئەلەکترۆن و وزە دەردەپەڕن و پلۆتۆنیۆم 239 دروست دەبێت.

ئەو بۆمبایەی کە بەکارهێنرا لە وێرانکردنی ناگازاکیدا لە پلۆتۆنیۆم 239 دروست کرابوو، هەموو کەس دەتوانێ بەبێ هیچ مەترسییەک پلۆتۆنیۆم لەنزیک دڵییەوە یان سەرییەوە دابنێت، بەڵام ئەگەر بڕی 0،001 گرام بەشێوەی تۆز چووە ناو سییەکانەوە، ئەوا پاش چەند کاتژمێرێک یان چەند ڕۆژێک دەمرێت و بگرە بڕی 0،000001 گرامیش دەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجەی سییەکان یاخود ئێسقان، چونکە پلۆتۆنیۆم لە ڕێگەی سووڕی خوێنەوە لە ئێسقاندا جێگیر دەبێت و وردیلەی ئەلفا دەداتەوە، ئیتر ئێسقان توانای بەرهەمهێنانی خڕۆکەی سپی نامێنێت.

ئەو گۆڕانانەی بەسەر ئەو ماددانەدا دێن وەکوو پێشتر باسمان کرد دەبنە هۆی پارچە پارچەبوونی ئەتۆمیی زنجیرەیی، چونکە گۆڕانەکە بەردەوام دەبێ وەکوو لە حاڵەتی بۆمبی ئەتۆمیدا بەڵام لەناو (مفاعل نووی) کارلێککەری ئەتۆمیدا، دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت.

### سەرەنجام

ئەم تەکنۆلۆجیایە وڵاتان هەوڵی بۆ دەدەن بە ئاشکرا یان بە نهێنی، بەڵام مەترسییەکە بۆ سەر ژیانی ئادەمیزاد هەتا بێت گەورەتر دەبێت، بارودۆخ ترسناک دەبێت، ئەگەر بکەوێتە دەست کەسانی نامەسئول یان تیرۆریست،چونکە خۆی لەخۆیدا هەبوونی ئەم تەکنۆلۆجیایە یان بۆمبی ئەتۆمی کێشەیە و دەبێت ئەو دەوڵەتانەی، کە ئەم دامەزراوانەیان هەیە سیاسەتی دان بەخۆداگرتن بەکاربهێنن و بیرکردنەوەی بەکارهێنانی ئەم چەکە لە حساباتیاندا وەلابنێن، نەک دوا ڕێگا بێت بۆ هێرشکردن، چونکە کۆتایی دوژمن و خۆیان و هەموو ئادەمیزاد و گۆی زەوی دەبێت.

# دەمەوێ پیاوێکی راستگۆ، هەروەها نووسەرێکی باشیش بم

**ئـیـدواردۆ گـالـیـانـۆ: یـەکێکـە لـە نـووسـەرە بەناوبانگەکانی ئەمریکای لاتین**

**وەرگێر: مستەفا رابەر - لەندەن**

لە رۆژی ٣ی سبتێمبەری ساڵی ١٩٤٠ لـە ئـۆرگـوای لـەدایـک بـووە نـوسـەرو رۆژنامەنوسێکی لێهاتووە، نووسینەکانی بۆ پتر لـە بیست زمـانی زینـدووی دنیا وەرگـێـڕدراوە لـەسـەر بـەرگـی دواوەی کتێبێکی بەناوی {کتێبێک بۆ لە ئامێزگرتن} نووسراوە تێکەڵەیەکە لە پەند .پارادۆکس . خەون و کورتە سەربردەو بەسەرهات ...هتد بۆ ناساندنی ئەو کەڵە نووسەرەی ئەمریکای لاتین ئـەم چەند پـەرەگرافـەم هەڵێنجاوە لەم کتێب و لەو چاوپێکەوتنانەی ئەنجامی داون کە لە بنەڕەتدا بە زمانی ئیسپانی نـووسـراون، بەشی هـەرەزۆری نووسینەکانی کراون بە ئینگلیزی، بەڵام وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی هەندێک دژوارە.

پێموایە بـە گشتی ئـەو دەقـە بیانیانەی ئیدیۆم و وێنـەی ڕەوانـبـێـژی زۆری تیا بەکاربرابیت وەرگێڕانەکەی بۆ زمانێکیتر هەندێک سەختەو تـام و چەشـەی زمانە بنەڕەتیەکەی نـادەن. بەتایبەتی ئەوانەی لەزمانی دووەمەوە تەرجومەکراون.

مەگەر، وەرگێڕ تەواو شـارەزای هەردوو زمانەکە بێت، رەنگە بتوانی بە بەکارهێنانی دەستەواژە و شێوازی کلتووری زمانەکەی خـۆی هاوسەنگیەکی گونجاو رابگرێت، هەرچۆنێبێت وەرگـێـڕان باشترین ڕێگاو شێوازە بۆ ئاشناکردنی مرۆڤ بە کلتوورە جیاوازەکان،وەرگێڕان یەکێکە لەو زانستە سوودبەخشانەی رایـەڵـەی گواستنەوەی زانـسـت و شـارسـتـانـی و خـوورەوشـت هەڵدەبەستن لە نێوان گەلاندا.

دیارە وەرگێر لەوکاتەی خزمەتی زمان و رۆشنبیری گەلەکەی خۆی دەکات پێ بزانی یان نەزانی خزمەتی ئەو زمانەش دەکات کە بابەتی لێی وەرگرتووە خوێنەری بۆ زیاد دەکات.

دکتۆر جەمال شحەیید دەڵێ: ئەو گەلەی زۆرتر وەرگێران بکات زۆر پێشکەوتووترە لەوەی کەمتری ئەکات، هەنگاریا بە نموونە باس دەکات کە ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگاتە دە ملیۆن کەس، سێجار ئەوەندەی بیست و دوو دەوڵـەتـی عـەرەبـی ( ٣٠٠ ملیۆن کەس) وەرگێرانی هەیە وەرگێرانی سەرکەوتوو ئەوەیە خاوەنەکەی چەندین جار بەسەریدا بچێتەوە و پاراوی بکات، پێویستە دەقی وەرگێردراو کتومت وەکو دەقە ئەسلیەکە مانا بدات نەک کلک و گوێی بکریت، یـان وەرگێڕ بەمەبەستی تایبەت ناپاکی لەگەڵ دەقەکە بکات و لەخۆیەوە شتی لاوەکی بخاتە سەر، چونکە وەرگێر لەهەمان کاتدا نووسەریشە واتـا توانای دەست تێوەردانی هەیە لە ماناو مەبەستی دەق.

سـەرەڕای گیرو گرفتی زمـان، هەندی وەرگـێـران هەیە زۆر لە دەقـە بێگانەکەی سـەرکـەوتـووتـرە، بۆ نموونە هەندێ لەو دەقـانـەی دکتۆر عـەزیـر عـەبدولا گـەردی دەیـانـکـاتـە کـوردی تـامـو چـەشـەی زۆر خۆشترە لە دەقی ئەو زمانانەی لە بنەڕەتدا پێیان نـووسـراوە، هـەروەهـا ئـەدۆنـیس شیعرەکنی شاعیری فەرەنسی سان جۆن پیرسی کـردووە بـەعـەرەبـی دەڵـێـن زۆر لـە خـودی شیعرەکانی پیرس روون و ناسکترن.

### ئەمانەی خوارەوەش هەندێک لە راوبۆچونە یاخیانەکانی گالیانۆیە

**فەرامۆشکردن:**

ترس تـەڕایـی لە دەم و زار چک دەکات و وشکی دەکـاتـەوە، ئارەقە بە دەسـت و ناولـەپی مـرۆڤ دەکـات، تـرس تێکدەرو شێوێنەرە .

ترس لە زانین بەرەو جەهالەت دەمانبات. ترس لە ئەفراندن پەکمان دەخاو نەزۆکمان دەکـات، دکتاتۆریەتی عەسکەری و ترس لە بیستن، ترس لە ئاخافتن کەڕولالمان دەکات، ئەمرۆش دیموکراسی وێرای ترسی خۆی تووشی نەخۆشی فەرامۆشکاریمان دەکات، وەکی تریش پێویست ناکات خۆت بە سیگمۆند فرۆید بزانی بۆ ئەوەی بڵێی زبڵ و پاشەرۆی بیرەوەرییەکان بە هیچ بەڕەیەک داناپۆشرێت.

### نکۆڵی کردن لە میرات

گەلی ئیسپان وێنایەکی تەڵخیان بەرامبەر خەڵکی مەغریب هـەیـە نـاویـان لـێ نـاون (مۆرۆ) واتە کۆنە دوژمن بەردەوام باس لە رووداو و پێوەندییەکانی سەردەمی کۆن و نوێ دراوسێەتیان دەکەن.

شەوێکیان لە مەدرید پرسیارم لە شوفێرێک کرد و پێمگووت مـۆرۆ چـی بـۆ ئیسپانیا هێناوە؟

بێ سێ و دوو وەڵامی دامەوە گووتی تەنیا گیروگرفت.

ئەو خەڵکەی پێیان دەڵێن مۆرۆ ئیسپانین، بـەڵام کەلچەریان ئیسلامە، بـە درێـژایـی هـەشـت سـەدە لـە ئیسپانیا ژیـاون واتـە سی و دوو نەوەیان لێکەوتووتەوە لەوێ لێهاتوویی و درەوشاوەیی خۆیان نیشانداوە هەتا ئێستا زۆرێک لە ئیسپانییەکان هەست بە ڕۆشنایی ئـەو درەوشـانـەوەی ئیسلام ناکەن، میراتی ئیسلام زۆر شتی جوانی تیایە وەک لێبووردەیی ئایینی، کە لەسەر دەستی پاشاکانی کاسولیک کۆتایی پێهات.

ئاشی باوەهوا، باخ و جۆگەو جۆبارەکان کە ئێستاش ئـاوی خـواردنـەوە بۆ زۆرێـک لـە شـارەکـان دابـیـن دەکـات و ئـاودێـری کێڵگەکانیان دەکات خزمەگوزاری پۆستە، سرکە، خــەردەل، زەعـفـەران، دارچـیـن، کوارگ و دۆمبەڵان، قامیشی شەکر، زولابیە، کفتە باسوق، شەترەنج، ژمارەی سفر و ئەو ژمارانەی بەکار دێن جەبرو هەندەسە کارو تیۆرەکانی فیساگۆرس، بەتلیمۆس، ئەفلاتون، ئەرستۆ، زۆر نووسەری تر کە بەهۆی وەرگـێـڕانـی نووسراوەکانیان بۆ سەر زمانی عەرەبی لە ئیسپانیاو ئەوروپا بـڵاوبـوونـەوە، تێهەلکێش کردنی چـوار هەزار وشەی عەرەبی لە زمانی کاستلیان (قشتـالـی) کـە زمـانـی ئیسپانیە (زمـانـی ئیسپانی لە جیهاندا بە پێی پۆلینکردنی نەتەوە یەکگرتوەکان دووەم زمانە پاش زمانی ئینگلیزی لەبەر ئەوەی زمانی فەرمی پتر لە ٢٦ دەوڵەتە کە بەشی هەرەزۆریان لە کیشوەری ئەمریکای باشوورن، وەکو مەکسیک، ئەرجەنتین، فەنزوێلا، کۆلۆمبیا، ئـیـکـوادۆر، کـوبـا دۆمـەنـیـکـان، پـەنـەمـا) هەروەها زۆر شاری دڵگیر و دڵڕفێنیشیان هەبوو وەکو شاری گەرناتە کە شاعیرێکی نـەنـاسـراو لـەسـەرەتـای شیعرەکەیدا بەم بڕگەیە باسی جوانی ئەو شارە دەکات:

**ژنەکە خێرێک بەو کوێرە بکە**
**ئاخر لەژیاندا**
**خەم لەوە قورستر نابێ**
**لە شاری غەرناتە پیاو نابینا بێ**

لـە دەقـی بـەرەنـگـاربـوونـەوەدا دەڵـێ: سـەرکـەوتـوو نـەبـوون لـەوەی سـەرمـان پێدانوێنن وەکو خۆیان دەیانویست!

خەڵک لە سەردەمی دیکتاتۆری لە ئۆرگوای لەباتی قاوەلتی ترسیان دەخــوارد، هەر ترس بوو لەباتی نانی نیوەڕۆ شێوان، بەڵام ئەو خەڵکە بە ویستی دوژمنەکانی سەریان دانەنواند، قەبارەی بەرەنگاربوونەوە زۆر لە بارستایی ئاوات و خۆشگوزانی گەورەتر بـوو، گـەلان ئـەگـەر بیانەوێ ئـازاد بژین پێویستە واز لە سادەترین پێداویستیەکانی ژیـان بـێـنـن، بـۆ ئـەوەی بـگـەنـە ژیـانـی سەربەستی و ئازادی، ژیانێک کە خۆیان خاوەنی ویست و ئیرادەی خۆیان بن.

### ئێمە لە قوڕ دروست کراوین

بەپێی بیروباوەڕی کۆنی سۆمەرییەکان دنیا بریتی بووە لە زەویەک لە نێوان میزۆپۆتامیا دوو ئاسمانیش هـەبـووە، لـە ئاسمانی یەکەمدا خـواوەنـدەکـان فرمانیان دەدا بە خوداوەندەکانی ئاسمانی خوارەوە کە کار بکەن بۆ ئـەوان زەحـمـەت بکێشن زۆری پێچوو هەتا خوداکانی ئیشکەر لەژیان و سوخرەکیشان بێزار بوون، هەڵگەڕانەوە، لـەو سـەروبـەنـدەدا یەکەمین مانگرتن لە مێژوی گـەردوون روویـدا پەشێوی و تەنگەژە پەرەی سەند، بۆ ئەوەی لەبرسان نەمرن خوداوەندەکانی ئاسمانی باڵا ژن و پیاوی ئاسمانی ژێریان لە قوڕ گرتن بۆ ئەوەی بەردەوام بۆ ئەوان زەحمەت بکێشن، ژن و پیاو لە لێوارەکانی رووباری دیجلەو فورات زاووزێیان کرد هەر لەو قورەش کتێبی حیکایەتەکان دروست کران بەپێی ئەو کتێبانە مردن واتە بونەوە بەقوڕ

### کورتە چیرۆک

پیاوێک لە شارۆچکەی نێگوای ڕۆخ کەناری دەریا لە کۆلۆمبیا بەرەو ئاسمان هەڵدەزەنێ، کە دەگەڕێتەوە باسی گەشتەکەی دەکات، کە چۆن لەوبانە بیری لە ژیانی ئادەمیزادی سـەر زەوی کـردۆتـەوە، گـۆتـی ئێمە دەریایەکین لە گڕو بریسکە هەروەها وتی جیهان قۆمەتێکە لە خەڵک و دەریایەکە لە گڕو بڵێسە، هەر تاکێک بە هۆی گڕەکەی خۆی ئـەدرەوشـێـتـەوە تـەنـانـەت دوو گڕ لەیەک ناچن گۆتی لەوێ گڕی گەورەو گڕی بچووکم بەدی کرد، گڕی رەنگاوڕەنگیش هـەیـە، بریسکەی هـەنـدێ کـەس ئـەوەنـدە هێمن و متە تەنانەت لەبەر باش پرتەپرت ناکات، لە کاتێکدا ئەوانیتر گڕو بڵێسەیان زۆر پڕشنگدارە. هەندێ بریسکەی گێل و کزیش هەن نە دەسووتێن نە ڕۆشنایی بڵاو دەکەنەوە، هیواش هەیە گڕو بڵێسەیان ئەوەندە بەتینە تۆ هەرگیز ناتوانی بێ چاو تروکاندن سەیریان بکەیت ئەگەر لێشیان نزیک بکەویتەوە نقومی رۆشنایی دەبێت.

### ئیلتیزام

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ سکۆت شێرمان ئـیـدواردۆ گالیانۆ لـە وەڵامـی پرسیارێک دەربارەی ئەزموونی خۆی دەڵێ: من کاتێک دەنووسم کە پێویستم بە نووسین هەبێت، ئەم وانەیەش لە دەمبکچییەکی بەهرەمەندی کۆبایی فێربووم کە جارێکیان پێی گووتم من کاتێ تەپڵ دەکووتم کە هەست بکەم پێویستیم پێی هەبێت، ئەمە نهێنی ئەو بوو بۆی درکاندم، هەر بۆیەش من ئەو کاتانە دەنووسم کە پێویستیم بە نووسین بێت، نەک بەهۆی ئەوەی بە سەرما بسەپێنرێت، جگە لەمەش من تەنیا لەرقی زوڵم و ستەم نانووسم، بەڵکو بۆ خۆشی ژیانیش ئاهەنگ دەگێڕم، ژیان وێڕای دژوارییەکانی زۆر واتای جوانیشی تیایە.

سکۆت شێرمان لێی دەپرسی پێت وایە جان پۆل سارتەر هەڵە بووە کاتێ دەڵێ: نووسەر دەبێ ئیلتزامێکی روونـی هەبێت بەرامبەر لایەنیکی دیاری کراو.

ئیدواردۆ بە راشکاوی گووتی بڕوام وانییە کە دەبـێ نـووسـەر سیاسی بێت، بەڵکو پێویستە راستگۆ بن، واتە راستگۆ بن لەو کارانەی ئەنجامی ئەدەن خۆیان نەفرۆشن بوار نەدەن خەڵکی تر خامەکانیان بکرن، پێویستە نـووسـەر ڕێـزی خـۆی بگرێت، ئـابـڕووی خـۆی بپارێزیت وەکـو مـرۆڤ هـەروەهـا وەکو نووسەرێکی پڕۆفیشناڵ ئەوەی دەینووسێ پێویستە راست و رەوان بێت، وشەکانی لە ناخەوە هەڵقوڵابێت ئەگەر نـا بـەرهـەمـەکـەی ساختەو ناسروشتیە.

کارەسات لەوە دایە فرمانت بەسەردا بکرێ کە دەبێ سیاسی بیت، کە ئەنجامەکەشی ئـەوەیـە کـە پـێـی دەگـوتـرێـت ریـالـیـزمـی سۆسیالیزمی کە زۆر گرنگترە لە ریالیزمی سەرمایەداری.

پ .جەیمس بالدوین لە پێشەکی کتێبەکەی خۆیدا (تیبینەکانی کـوڕی هـاونیشتمانی ڕەسـەن) دەڵـێ: دەمەوێ پیاوێکی راستگۆ، هــەروەهــا نـووســەرێـکـی بـاشـیـش بـم تۆ دەتــەوێ چ جـۆرە پـیـاوێـک و چ جـۆرە نووسەرێک بیت؟

و- هـەروەکو جەیمس بالدوین کە ڕێزێکی زۆرم بۆی هەیە دەمەوێ پیاوێکی راستگۆ لە هەمان کاتدا نووسەرێکی باشیش بم، من لە بەشی سێیەمی کتێبەکەمدا بیرەوەری ئاگر سوودم لە یەکێک لە چیرۆکەکانی ئەو وەرگرتووە کاتێ بالدین لەگەڵ وێنەکێشێکی هاوڕێی بەرێیەکدا ئەڕۆن وێنەکێشەکە دەڵێ سەیرکە ئەویش دەڵێ: چ نابینم تەنیا گۆمە ئاوێکی چڵکاو دەبینم هاوڕێکەی جەختی لێدەکات دەڵێ: باشتر سەیری بکە کە باش لێی مـوورِ دەبیتـەوە دەبینی پەڵەرۆنیک لـەسـەر زەلکاوەکـەیە پەلکەزێڕینەوە و سیمای خەڵکی سەر شەقامەکە بە قەرەج و جـادووگـەر و شـیت و پەلکەزێڕینەی ئاسمانەوە لە سەر رووی ئەو پەڵە رۆنە رەنگی داوەتــەوە و دەجـووڵـێـنـەوە، لەو رۆژەوە بالدوین دەڵـێ فێری ئـەوە بووم چۆن شتەکان ببینم نـەک هـەر سەیریان بکەم. بەلای منیشەوە پەندێکی باش بوو هەمیشە هەوڵ ئەدەم سەیری جیهان بکەم لە رووی گۆمە ئاوە بچووکەکان.

### خانووی وشەکان

هێلینا ڤیلاگرا (ژنـی ئـیـدواردۆ بـووە) خەونێک دەبینی شاعیرەکان دەچنە ناو خانووی وشـەکـان. وشـەکـان لەناو کۆنە بوتڵی شووشە پارێزرابوون، لە چاوەڕێی شاعیرەکاندا بوون، خۆیان پێشکەش کرد، شێت و شەیدای ئەوە بوون هەڵیانبژێرن، لە شاعیرەکان دەپاڕانەوە سەیریان بکەن، بۆنیان بکەن، دەستیان لێبخشێنن، بیان لێسنەوە، شاعیرەکان سەری بوتڵەکانیان کـردەوە بـەسـەری پەنجەکانیان وشەیان هەڵدەسەنگاند و تاقیان دەکـردنـەوە، بۆ چێژکردن لێوەکانیان دەگـەزتـن، لوتیان هـەڵـدەپـشـاوتـن، شاعیرەکان لـەو وشانە دەگـەڕان کە نەیان ناسیبوون یان پێیان ئاشنا نەبوون هـەروەهـا ئـەوانـەی پێشتر دەیان ناسین بەڵام ونیان کردبوون.

هــەر لــە خــانــووی وشــەکــان مـێـزێـک لە رەنگـەکـان هـەبـوو، ئـەوانیش خـۆیـان بە جوانترین تاقگەی رەنگاورەنگ پێشکەش کـرد، هـەر شاعیرەی بۆ خـۆی رەنگێکی دڵخوازو پێویستی هەڵبژارد، لیمۆیی، زەرد، زەردی وەک رەنگی خۆر، شینی زەریایی، شینی تۆخـی وەک دووکـــەڵ، سـووری قرمزی،سووری رەنگی خوێن، سـووری شەرابی.

### سیستەم

کـارگـوزارەکـان ئـەرکـی خـۆیـان بەجێ ناهێنن.

بەڵێن ئەدەن بەڵام جێبەجێی ناکەن
کاری ڕەواش بێ پشتگیری بەرێ ناکەن
سیاسەتمەدارەکان فرەوێژن، بەڵام توخنی شتی بە سوود ناکەون
دەنگدەرەکان دەنگ ئەدەن، بەڵام کەسی بە کەڵک هەڵنابژێرن.
میدیا زانیاری چەواشەکاری ڕادەگەیەنێت
قوتابخانەکان وانەی جەهالەت دائەدەن
نابووتی و هەژاری خۆماڵی کراوە
سوودمەندی و قازانج کردن تایبەت کراوە
دادوەرەکان قوربانییەکان سزا ئەدەن
سوپا شەڕی هاووڵاتیانی خۆیان دەکەن
پۆلیس دژی تاوان ناوەستێتەوە
لەبەر ئەوەی خۆیان سەرقاڵی ئەنجامدانی تاوانن

**یەکێکە لە نووسەرە بەناوبانگەکانی ئەمریکای لاتین**

*** ئەمریکای باشوور لە دوازدە دەوڵەتی سەربەخۆ پێکهاتووە، ئەرجەنتین * پەنەما * بەرازیل * ترینیداد وتۆباگۆ * چیلی * کۆلۆمبیا * ئیکوادۆر * گۆیانا * باراگوای * پیرۆ * سۆرینام * ئۆرگوای * فەنزەویلا" کۆی دانیشتوانی دەگاتە ٣٠٠ ملیۆن کەس. بۆیەش پێی دەڵێن ئەمریکای لاتین، چونکە زمانەکەیان لەزمانی لاتینی وەک زمانی پورتگالی و ئیسپانی و فەرەنسی . هتد داتاشراوە.**

## ئەندازیار محەمەد حوسێن ڕەسووڵ

# من بە دنیای ئەدەب و وەرگێڕان هەستدەکەم هەم و سوودبەخشم

**ئا: ئەورەحمانی مارف**

**محەمەد حوسێن ڕەسووڵی ئەندازیار و تاکێکی نێو بواری ئەندازە و زانست و تەکنەلۆژیا، وێڕای زمانی کوردی دایک، عەرەبی و ئینگلیزییەک دەزانێت کە بەکەڵک ئەوە بێت وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ ئەو زمانانە پێ ڕاپەڕێت، کە کارەکەی ئەو دەگمەنە و تا هەنووکەش زیاتر وەرگێڕان لە زمانانی دنیاوە بە کوردی کردنە، کەچی ئەم ئەندازیارە چوست و چالاک و زمانزانە، ئەوە چەند ساڵێکە بە پێچەوانەوە بۆ ناساندنی ئەدەبی کوردی بە دنیای دەرەوە، قۆڵی لێ هەڵماڵیوە ناخوازێت بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد بەمردوویی بمێنێتەوە.**

**بۆیە ئێمەش لە بەدرخانەوە لەسەر ئەم پرسە و کاری وەرگێڕان و زمان و ئاریشەکانی ... دواندمان.**

*** لێرەداو لەسەر ئەم قسەیە بۆچوونێک هەیە دەڵێ: وەرگێڕان لەکاری نووسین قورسترە، بەوەی کەسەکە ئەوەی دەیەوێ دەینووسێت، بەڵام وەرگێڕ دەبێ بەو چوارچێوەو فیکر و دنیایەوە پابەندبێت، کە کاری لەسەر دەکات و وەری دەگێڕێت؟**

- ئەمەشیان بێگومان ڕاستە ئەگینا لەبەر چی بە تەرجومان دەڵێن خاین. خیانەتەکەی لەوەوە دێت کە زۆر باش خۆی ماندوو ناکات بۆ ئەوەی لە تەواوی بابەتەکە بگات، هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد. بۆ بەلاوەنانی ئەم گیروگرفتانە، تەرجومان پەیوەندە بەو چوارچێوە و فیکر و دنیایەی نووسەری دەقی یەکەم هەیەتی، نووسەری ناوداری ئەرجەنتینی ئەلبێرتو مانگوێل (Alberto Manguel) لە کتێبی "چیرۆکێکی خوێندنەوە" (A History of Reading) دا دەڵێ: "تەرجەمە لوتکەی تێگەیشتنە". بێگومان تێگەیشتنی جۆری بیرکردنەوەی خەڵکانی دیکە کارێکی قورسە و پەیوەستە بە ماندووبونێکی زۆر. هەر چەندە فەیلەسوف و نووسەری بەناوبانگی ئیسپانی میگێل دونامونو (Miguel de Unamuno y Jugo) دەڵێ: "هیچ بیرۆکەیەک لە زمانێک بۆ زمانێکی دیکە ناپەڕێتەوە بێ گۆڕانکاری"، بەڵام تەرجومانی خاوەن ئەزموون وەک خوێنەرێکی ماندوو و مەوسوعی لەم کێشانە تێدەگا و تاکو بە تەواوی لە شێوەی بیرکردنەوەی نووسەری دەقەکە نەگا دەست بە تەرجەمە ناکا. بە واتایەکی دیکە، تەرجومان دەبێ ئامانجێکی بەرز بۆ خۆی وێنە بکا و مەبەست لە تەرجەمە تەنها بۆ تەرجەمە نەبێ و بەس، بەڵکو دەبێ ڕەچاوی نیاز بکا: بۆ ئەم دەقە تەرجەمە دەکا و کێ دەیخوێنێتەوە و کاریگەریی تەرجەمەکەی لەسەر خوێنەر چ دەبێ و چۆن دەبێ؟. خۆشە لێرە ئەوەش بڵێین و قافی هاتووە کە ئوسکار وایلد (Oscar Wild) ی نووسەری ئێرلەندی کاتێ پێی دەڵێن واز لە تەرجەمەی بەشی دووەمی کتێبی پیرۆز لە گریکەوە بۆ ئینگلیزی بێنە، بە شیعر وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: "توخوا لێم گەڕێن با بەردەوام بم، دەمەوێ بزانم چۆن کۆتایی دێ" (Oh, do let me go on. I want to see how it ends). تەرجەمە کردن دەبێ وەک عیشق وا بێ و خولیا بێ، نەک تەنها کارێکی میکانیکی بێ. تەرجەمەکردنی نزیک لێواری ڕاستی وەدەستهێنانی چەمکی نووسەری خاوەن دەق کارێکی گرانە و ماندوو بەزینی دەوێ.

*** هەموو بوار و بابەتێک سەندیکاو سەنتەری تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەگەر سەنتەرێکی لەمجۆرە بۆ وەرگێڕان هەبێت باشتر نییە، بۆ ڕێکخستنی کاری وەرگێڕان و هەروەها بە هەدەر نەچوونی ماف و خواستی وەرگێڕیش؟**

- ساڵی ١٩٩٢ بەڕێز د. ئازاد حەمە شەریفی مامۆستای زانکۆو نووسەر و تەرجومان و چەند نووسەرێکی دیکە، یەکەم کۆنگرەی کۆمەڵی وەرگێڕانی کوردستانیان لە شاری هەولێر پاش تەقەللایەکی زۆر لە گەڵ کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا و منیش یەکێک بووم لە بەشداربوانی ئەم کۆنگرەیە. بەڵام دوای ماوەیەکی کەم ئەم کۆمەڵەیە دەنگی نەما. بۆ؟!

بەم دواییەش من و چەند برادەرێکی تەرجومان پێشنیازێکمان لەو بابەتە پێشکەش بە جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی ئێستا کرد، بەڵام ماندووبوونەکەمان بێسوود بوو. پێشنیازەکەمان لەسەر تەرجەمەی شاکارەکانی کوردی بوو بۆ زمانە بیانییەکان، بەتایبەتی بۆ ئینگلیزی. بۆ ڕێکخستنی کارەکەش داوای سەنتەرێکمان کرد حکومەت ڕایپەڕێنێ و ماف و خواستی تەرجومانەکان بە هەدەر نەچێ. هەمان پێشنیازمان بردە پێش بەڕێز د. شەفیق قەزازی سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی، بەڵام هیچمان بە هیچ نەکرد و ئەم هەوڵەشمان بێسوود بوو و ئیتر وازمان هێنا! ئێستاش هەر کەس بۆ خۆی ئیش دەکا.

*** تۆ ئەندازیاری و بوارەکەت زانستییە، چی تۆی بە وەرگێڕان و دنیای ئەدەب بەستۆتەوە، بە واتایەکی دیکە زانست و ئەدەب لەلای تۆ لەکوێ دەگەنەوە یەک؟**

- ئەندازیاری و تەرجەمە وەک یەکن. یەکەمیان زانست و هونەرە، دووەمیشیان هونەر و زانستە. ئەندازیار، بەتایبەتی ئەندازیاری بیناسازی یان ئەو ئەندازیارەی کار بە کەرستەی خاوی بینا دەکا، ئینجا هەر بیناسازییەک بێت، دەبێ دەربارەی کەرستە زۆر شت بزانی، وەک



ئەندازیار محەمەد حوسێن ڕەسووڵ

پێکهاتە و شێوە و ڕەنگ و چەشن و خاسیەت و نرخ و بەها و چەندیەتی و چۆنیەتی بەکارهێنانی و شوێنی بەکارهێنانی ....هتد، تەرجومانیش بە هەمان جۆر مامەڵە لەگەڵ وشە دەکات. لای ئەندازیار، ئەگەر چەند خشتێک لەتەک یەک دابنێ، واتە ڕیزێک دروست دەکا وەک بەشێک لە دیوارێک، چەند ڕیزێکیش لەسەر یەک دابنێ، دیوارێک دروست دەکا و چەند دیوارێکیش بۆشاییەک لە خۆی دەگرێ، واتە ژوورێک دەهێننە کایەوە، پاش دانانی ساپیتەیەک. ژووریش پێویستی بە دەرگا و پەنجەرە هەیە، واتە لای کەمی دوو شوێن لە ناو دیوارەکان دەبێ بێ خشت بن و ئەمانە هەموویان شتێکت بۆ ئامادە دەکەن، بۆ بەکارهێنانێکی تایبەت بە پێی دانان و نەخشەکێشانی سەرەتایی، کە ئەندازیار بۆی داناوە: ژوورێک. ئەگەر شەقامێکیشمان دروست کرد، هەمان لێکدانەوەی سەرەوەی پێویستە و پاش تەواوبوونیش تەماشا دەکەین شەقامەکەمان لە چەند چین پێکهاتووە و هەر چینێکیش وەزیفەی خۆی هەیە و بە هەموو چینەکان شەقامەکە کاری دیزاینکراوی خۆی ئەنجام دەدا، ئەویش بۆ ئاسانکردنی هاتووچۆیە. زمانیش هەر وەک شەقام و ژوور وایە، چەند چینێکە و هەر چینێک واتای وەزیفەی خۆی هەیە و بە هەمووان دنیابینییەکی تایبەتمەند دەهێننە ئاراوە. تەرجەمەش هەروایە، بەڵام کەرستە لێرە خشت نییە، بەڵکو وشەیە. پێکهاتەی وشە و شێوەی و چەشنی و خاسیەتی و نرخ و بەهایی و چەندیەتی و چۆنیەتی بەکارهێنانی و شوێنی بەکارهێنانی .... هتد. هەموو ئەم ئاکارانە لە پێویستییەکانی بەردەست تەرجومانن بۆ کاری تەرجەمە. بەشە هونەرییەکەش لە بیناسازی و تەرجەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەندێشە و لێزانین و ئەفراندن، بۆ ئەوەی هەردوو کاری ئەندازیاری و تەرجەمە کارزانی و زاڵبوون بەسەر کردارەکەی لێبەدەرکەوێ.

بەم پێیە دنیای ئەندازیاری و تەرجەمە هەردووکیان جوانییان تێدایە و ئەوەی منی ڕاکێشا بۆ دنیای تەرجەمە هەستکردن بەو جوانییەیە. من چێژ لە ڕوخسارێکی ئەندازەیی دەبینم، مردوو یان زیندوو، لە هەمان کاتیشدا چێژ لە پارچە هۆنراوەیەک دەبینم کە باس لە جوانی ئەو ڕوخسارە دەکا. جا ئەوەی منی بە دنیای ئەدەب بەستۆتەوە جوانییە، جوانییە و بەس. زانست و ئەدەب لای من لە جوانی دەگەنە یەکتر و بەهایان ئەو کارلێکردنەیە لە سەر دەروونم کە بە ڕواڵەت و چەمکی جوان ڕادەهەژێم و چۆن بە ئەنجامدانی کارێکی ئەندازەیی دڵخۆش دەبم بە هەمان جۆر بە تەرجەمەی هۆنراوەیەکی جوان ڕۆحم ئاو دەخواتەوە. کارێکی ئەندازەیی پڕ ئاکار یەکسانە بە کارێکی تەرجەمەی پڕ واتا. داهێنان بە کەرستەی مردوو وەک داهێنانە بە کەرەستەی دەنگ و نووسین. خانووەکی قشت نامەیەک بۆ دڵ و مێشکی مرۆڤ دەنێرێ شیعریش هەروەها، ڕۆمانێکیش، شانۆگەرییەکیش، تەرجەمەی جوانیش هەروەها.

*** ئاستەنگی سەرەکی بەردەم وەرگێڕ، یاخود بڵێین ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی تۆی وەرگێڕ دەبنەوە چین؟**

- بێجگە لە ئاستەنگە زانستییەکان و هونەرییەکان وەک لەسەرەوە باسمان کرد، ئاستەنگی دیکە زۆرن. لەوانە لێڵایی و شاردراوەیی و نادیاری واتاو چەمکی دەق بە تایبەتی شیعر. ئاستەنگێکی دیکە نەبوونی سەندیکایەک یان سەنتەرێک، کە بتوانێ بوارێکی ساخ و گونجاو دروست بکا بۆ تەرجەمە. هەروەها بە هەدەرچوونی ماندووبوونی تەرجومان، بەوەی کە زۆر بە زەحمەت دەقە تەرجەمەکراوەکان بڵاودەکرێنەوە، چونکە لە کوردستانی ئیمرۆ ژمارەیەکی زۆر کەم لە گۆڤاری عەرەبی یان ئینگلیزیمان هەیە و شتێکی ئەوتۆش لە ڕووی دارایی وەدەست ناهێندرێ تاکو هاندەرێکی چاک بێ بۆ ئەوەی لە کارەکانی بەردەوام بێت.

بۆ نموونە، ئێستا من چوار کتێبی کوردیم تەرجەمە کردووە بۆ زمانی ئینگلیزی، بەڵام هەر چواریان لەناو هاردی لاپتۆپەکەم خەویان لێ کەوتووە. بە دوای دەزگایەک دەگەڕێم بۆمی بە چاپ بگەیەنن، تاکو ئێستا سەرنەکەوتووم. هەروەها چەندەها کتێبیشم بۆ عەرەبی تەرجەمە کردۆتەوە ئەوانیش هیچ!!

*** ئەو دنیایە چی پێ بەخشیوی و چی لێ سەندووی؟**

- دنیای ئەدەب دنیایەکی ڕۆحانی یەکجار خۆشە. ئەندازیار مامەڵە لەگەڵ خۆڵ و بەرد و ئاسن و قیر و چیمەنتۆ و تەپ و تۆز و بلۆک و کەرپوچ و بلدۆزەر و شۆڤەڵ و .. هتد دەکا، بەڵام ئەدەب تام لە دنیایەکی پڕ لە هەوایەکی فێنکی ڕوحسووک ئاسا دەکا. دنیای ئەندازیاری ژێرخانێکی بەسوود بۆ کۆمەڵگە دروست دەکا، بەڵام دنیای ئەدەب سەرخانێکی پڕ واتای ژیان دابین دەکا. زانستی ئەندازیاری فێرت دەکا چۆن ژینگە بڕەخسێنی و خۆشی بکەی ئەدەب فێرت دەکا چۆن چێژ لە ئەندازیاری بکەی. ئەدەب زۆر کاریگەری لەسەر ئەندازیاران هەیە، ئەگەر خوێندنەوەیەک بکەین بۆ ڕێبازەکانی ئەدەب دەبینین چۆن هەر قۆناخێک کاریگەریی ڕاشکاوی هەبووە لەسەر دیزاینی خانووبەرە و ناوشار و دەشت و دەر. مرۆڤ بە گۆڕانی بیرکردنەوە ژینگەی خۆی دەگۆڕێ: خانوو و باڵەخانە و ڕێگاوبان و شەقام دروست دەکا بە پێی جۆری تێگەیشتنی لە واتاکانی ژیان. واتاکانی ژیانیش ئەدەب دەیدۆزێتەوە و بەردەستی دەکا. ڕەنگە هەموومان بتوانین لە ناو یەک خانوودا بژین و لەسەر یەک شەقام بڕۆین، بەڵام ئایا دەتوانین بە یەک بیروڕا و یەک هەوا بژین؟ ئەزموونی مرۆڤایەتی وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: "نەخێر". جا ئەمە کاری ئەدەبە، بە هەموو ژانرەکانییەوە لەوانەش تەرجەمە، مرۆڤ لە یەکتر نزیک بکاتەوە و ئەمەش نیازی هەموو مرۆڤێکی مرۆڤدۆستە. من بە دنیای ئەدەب و بواری تەرجەمە هەست دەکەم هەم و سوودبەخشم.

ڕەنگە لە ڕووی داراییەوە زەرەرمەند بووبم، بەڵام لە ناخی ڕۆحمەوە زۆر سەرفرازم کە ئیش لە ئەدەب دەکەم و هەوڵی زۆریش دەدەم جیهان بناسێنم بە ئەدەبی کوردان. ئەم کارەی من دەیکەم لەم قۆناخە وای بۆ دەچم کە خەباتێکی پڕ سەربەرزییە بۆ من، دەبێ بڵێم ڕەنگە ئێستا نا بەڵام باوەڕم بەهێزە کە منداڵی منداڵم و هەموو کوردێکی شارەزا لە ڕەوڕەوەی مێژوو شانازیم پێوە دەکەن لە دوا ڕۆژدا. ئەمەش ئێستاکێ جێی دڵخۆشییە بۆ من.

*** ئەوەی خوێندۆتەوەو کارت لەسەر کردووە، تا ئێستا کاریگەریی بەسەرتدا جێهێشتووەو بیرت نەچێتەوە چییە؟**

- گومان لەوە ناکەم کە هەر بابەتێکم خوێندبێتەوە کاریگەریی لەسەرم هەبووە و ئیشم لە سەر نەکردووە، ئەگەر هەستم نەکردبێ بابەتەکە سوودبەخشە و جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە بە بەراوردکردن لەگەڵ سەدەها بابەتگەلێک، کە ڕۆژانە دەنووسرێ و بڵاودەکرێتەوە. هەڵبژاردنی دەق پەیوەندە بە کاریگەریی نەک بە هیچ هۆیەکی دیکە. ئەو بابەتەی وام لێ نەکا کە بیر و هزرێکی جوان و نوێی تێدا بدۆزمەوە، پاش خوێندنەوە توورم هەڵداوە، بەڵکو هەوڵم داوە لە بیرم بچێتەوە، بەو پێیەی من بە دوای بیرۆکەی جواندا دەگەڕێم و بابەتی سەرنجڕاکێش و جوان تەرجەمە دەکەمەوە، ئەو بیرۆکانەی کە ژیان جوانتر دەکەن و بەوانی دیکە دەڵێن کورد خاوەن بیرە. کاتێکیش کە خوێنەرێکی بیانی تەرجەمەکە دەخوێنێتەوە هەست بەوە دەکا، کە کوردیش لە دنیا دەگەن. کاریگەری دەق بریتییە لە دۆزینەوەی کاریگەریی لەسەر خوێنەری بیانی، من خۆم وەچەی ئەم وڵاتەم و چەند دەقەکە کارم تێبکا گرنگ نیە، بەڵکو کاریگەریی لەسەر خوێنەر زۆر لام گرنگترە. ژیان چەندە تاوەکو تەنها وەک بوونەوەرێکی بایۆلۆجی بژین؟ ژیان چەندە تا تەنیا بە کاری بێ بەها بەسەری بەرین؟

*** دەمەوێ پرسیارێک سەبارەت بە خودی جووڵەو ئەو هێمنی و لەسەر خۆییەت بکەم، ئایا لە منداڵیش هەروا بوویت؟**

هێمنی و لەسەرخۆیی دوو ئاکاری جوانی مرۆڤن. زۆرگوتن و هەڵەپاسیش بەتاڵییە. چی دیکە ناڵێم!!

**بەشی دووەم و کۆتایی**

**پرۆفایل**
ناو: محەمد حوسێن ڕەسول
پیشە: ئەندازیار و مامۆستای زانکۆ
ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥١
شوێنی لەدایکبوون: هەولێر/گەڕەکی تەعجیل.
خوێندن:
- دەرچووی کۆلیجی ئەندازیاری/زانکۆی بەغداد/١٩٧٨-١٩٧٩.
- دەرچووی کۆلیجی زمان/زانکۆی سەلاحەددین/٢٠٠٥-٢٠٠٦.
- هەڵگری ماستەرنامە لە ئەدەبی ئینگلیزی/زانکۆی کۆیە/٢٠٠٩.

## بەنەسپایی



**ئاوڕەحمان مەعروف**

### تکایە با ڕێژوان بەئارامی بخەوێت!!

ڕێژوان چەندە بەو شەهادەت بوون و بوونە کۆچی قوربانییەی ڕۆژی 2011/2/17 لە سلێمانی پەپوولەی ڕۆحی بەرز فڕی و بە شەهامەت و سەربەرزی و ڕووسورییەوە هاوڕێ و دۆست و خانەوادەکەی جێهێشت، دە ئەوەندەش بگرە سەد ئەوەندەش ئەو باوکە دڵگەورەو بەغیرەت و دڵسۆز و دژ بەئاژاوەو دوژمن بە شەڕو ئاشتیخوازە مەزن و گەورەتر خۆی نواند، بەڕاستی ئەو باوکە کوردایەتی و مەردایەتی و بەرزی خۆی بەقەد پیرەمەگرون و گۆیژە نیشانداین، ناکرێت ئەو پەیامەی ئەو پیاوە دڵ بەخوێن و جەرگ سووتاوە هەرواو بەبێ لێبوردبوونەوەو خوێندنەوەبۆکردن و دەرس و پەند و عیبرەت بەسەرماندا تێپەڕبێت. من لەشوێنی دیکەش نووسیومە "دنیا" ئەگەر بچووکتری بکەینەوە "کوردستان" بە هەڵوێست و گەورەیی و پاکی و بەرائەتی و دڵسۆزی نموونەی وەستا عەلی "باوکی ڕێژوان" بەپێوە وەستاوەو ژێرەوژوور نابێت، تا وەستا عەلی ئاساکان لەو کوردستانە بمێنن، من هیچ ترسم نییە، کەسانی گێرەشێوێن و تێکدەر و حەز بەشەڕکردن و وێرانبوون مایەپووچ و خەونەکانیان وەدی نایەت.

دنیایەک ڕێزو نەوازش بۆ ئەو ڕۆح و هەناوو بیرکردنەوە میوانانەی وەستا عەلی، چۆن دڵنیایە تائێستاش کورد "کەسی دۆست نییە"، ئەویش پێیوایە کورد ئەو هەموو نەهامەتی و بێدەرەتانی و ژێردەستی و کوشتن و بڕینە ماندوویان کردووە، با چیتر ماندوو نەبێت، ئاخر ناتوانم بڵێم: کە من ئەوانەی لە پرسەی کوڕەکەیان و جگەرگۆشەکەیان وا دەنگ هەڵدەبڕن، بگرە دەگمەنن.

من باس لە دوێنێ ناکەم، کە سەدان خێزان و دایک و باوک شانازییان بەناوی پێشمەرگەو شەهیدبوونی کوڕەکانیانەوە دەکرد، بۆ ئەوە پەروەردەو گەورەیان بکەن، بەسەربەرزییەوە چەکی شەهامەت و شەرەف و پێشمەرگایەتی بکەنە شان، کوردستان بە سەربەخۆیی و ئازادی ئاوەدان بکەنەوە، ئەوە دوێنێ بوو، بەڵام وەستا عەلی سەلماندی، کە هێشتا کوردایەتی و قوربانیدان لەپێناو نیشتیمان و نەتەوەی کوردی ستەمدیدە هەر ماوە.. وەستا عەلی ئەسالەت و ڕەسەنایەتی خۆی سەلماند، ئەو ئامادەیە تیابچێت بەڵام شارەکەی ئاژاوەی تێدا نەبێت، ئەو جەرگی هەڵقرچێت کوردستان جارێکی دیکە شەڕی براکان بەخۆوە نەبینێت، ئەو پەیامەی وەستا عەلی نامەیەکی کراوە بۆ دڵڕەش و ئەوانەی چاویان بە ئاوەدانی و ئازادی کوردستان هەڵنایە، بەڵام ئەگەر وەستا عەلی تکا دەکات کەس نان و پیاز بەخوێنی کوڕەکەیەوە نەخوات و شەڕ هەڵنەگیرسێنێ و خوێنی دیکە نەڕژێ با ئەوانەی ئەمڕۆ لەدەسەڵاتن و خەڵک و گەنجان و بێکاران لێیان هاتوونەتە سەر شەقام، با مامەڵەیەکی شەفاف و ڕوون و جوانتریان پێشکەش بکەن، با بەکردەوەو قسەو بەڵێنەکانی دەمی هەڵبژاردن و هات و هاواری دەنگ پێدان بسەلمێنن.. دڵی وەستا عەلی خۆش بکەن، ئەگەر بڕوامان بەخوێنی شەهیدان هەیە، وەستا عەلی فەرمووی: بۆ خاتری گۆڕی شەهیدان..!!

**با ڕێژوان بەئارامی و ئاسوودەیی بخەوێت**

# لە بێدەنگی میللەت، دیکتاتۆر بێ منەتە

**پارێزەر: کەمال محێدین**

دیکتاتۆر زاراوەیەکی لاتینییە، دیکتاتۆر کەسێکە یا کۆمەڵێکە دەسەڵات دەگرێتە دەست لە ڕێگای کودەتای سەربازی یا بەهۆی بیروباوەڕی سیاسی یا نەتەوەیی یا مەزهەبی یا لە ڕێگای حوکمی پشتاوپشت واتا"وراثي" بەشێوەیەکی تاکڕەوی و دەستکراوەیی بێ سنوور بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەی بەبێ ڕەزامەندی میللەت و پرسکردن بە پارت و لایەن و کەسایەتییە سیاسی و مەزهەبی و نەتەوایەتییەکانی کۆمەڵگا.

دوو چەشنە دیکتاتۆر هەیە لەڕووی ڕەفتارییانەوە:

یەکەم: دیکتاتۆریی دەستکراوەیی زۆردار"الدکتاتور المستبد"ئەم دیکتاتۆرانە ئەگەر تاکە کەس بن یا کۆمەڵ بن لە کاروبارەکانیان خاوەن دەسەڵاتێکی دەستکراوەو بێ سنوورن، تاکە فەرمانڕەوایی وڵاتن و تەنها بیروبۆچوونی خۆیان لەلا ڕاست و دروستە بۆ دابینکردنی مەبەست و بەرژەوەندییەکانیان و بۆ گەیشتن بەم ئامانجەو درێژەدان بە دەسەڵاتەکەیان دەکەونە گیانی پارت و لایەنە سیاسی و مەزهەبی و نەتەوایەتییە نیشتیمانییەکان و پیاوو خێزان و هۆزە ناودارەکانی وڵات بۆ سەرشۆڕکردن و بێدەنگکردنیان لە ڕێگای ترس و کورسی و پلەوپایە و پارە هیچ کاتێکیش سڵ ناکەنەوە لە کوشتن و گرتن و برسیکردنی هاووڵاتیان لەکاتی پێویست بە مەزەندەیی خۆیان باشترین نموونەش بۆ ئەم جۆرە دیکتاتۆرانە: ستالین و سەدام حوسێن بوون.

دووەم: دیکتاتۆری دەستکراوەیی بێ سنوور "الدکتاتور المطلق"ئەم چەشنە دیکتاتۆرانە، دیکتاتۆری تاکڕەوو دەستکراوەو تاکە فەرمانڕەوای وڵاتن وەک دیکتاتۆرەکانی یەکەم، بەڵام ئەوانەی دووەم پەنا نابەن بۆ هێرش و توونداوتیژی نەیارەکانیان وەک ئەوانی یەکەم، بەڵکو پشت بە بیروبۆچوونەکانی خۆیان وەک تاکە ڕێگا بۆ فەرمانڕەوایی و ئیدارەی وڵاتەکەیان دەبەستن و داوا لە میللەت دەکەن بە چەپڵەڕێزان پێشوازی لە هەنگاوەکانیان بکەن، ئەوەی زۆر زەق و دیارە لە ڕەوشتی ئەم چەشنە دیکتاتۆرانە ئەوەیە، کە لەگەڵ نەیارەکانیان دڵ نەرم و بە پشوون، دوورن لە دزی و گەندەڵی و بەدڕەوشتی بەدەگمەن کوشتن و تۆقاندن بەکاردێنن، تا ڕادەیەک هەندێ سەرچاوەی سیاسی بەم چەشنە دیکتاتۆرە دەڵێن"الدکاتور العادل"واتا دیکتاتۆری ڕاست و ڕەوان، گەورەترین گلەیی لەو دیکتاتۆرانە ئەوەیە، کە تەنها بە بیروبۆچوونی خۆیان بیر دەکەنەوەو سوود لە پارت و کەسانی سیاسی و مەزهەبی و نەتەوایەتی نیشتیمانپەروەرو خاوەن ئەزموون وەرناگرن، هەربۆیە تەمەنیان کورتەو زوو تووشی بێکەسی و هەڵەی گەورە دەبن و لەئەنجام لەناویان دەبەن هەروەک "محەمەد نەجیب" کە لە ١٨ یونیە ساڵی ١٩٥٣ لە ئەنجامی کودەتای سەربازی بوو بە سەرۆک کۆماری میسر، هەرچەندە دیکتاتۆرێکی سەربازی بوو، بەڵام باوەڕی بە کوشتن و تۆقاندن نەبوو، هەربۆیە ئەفسەرە نەیارەکانی بە سەرۆکایەتی"جەمال عەبدولناسر" و بە هاندانی ئەمریکا"محەمەد نەجیب"یان لاداو زیندانیان کرد و پاش مردنی تەنها جلوبەرگە سەربازییەکەی لەپاش بەجێماوە، لەگەڵ دڵسۆزی و ناوبانگ بۆ گەل و نیشتیمانەکەی، هەروەها"عەبدولکەریم قاسم"ی نەمر، کە پیاوێکی نیشتیمانپەروەر و دڵنەرم و پاک بوو، بەڵام تاکڕەوو دیکتاتۆر بوو، سوودی لە خاوەن ئەزموونەکانی عێراق و لایەنە سیاسییە نیشتیمانپەروەرەکانی وڵات وەرنەگرت و ئینگلیزەکان کردیان بەگژ کوردەوەو شەڕیان لە کوردستان بەرپاکرد و ئەفسەرە بەعسییەکان بەکاتێکی گونجاویان زانی و کوشتیان، کە تەنها جلوبەرگە سەربازییەکەی لەپاش بەجێماوەو تائێستا هەمووومان خۆشمان دەوێت، بەڵام بەرهەحاڵ دیکتاتۆرەکان بەخۆیان و سیستەمەکەیان جا ئەمانە تاکە کەس بن یا کۆمەڵ لەبەرئەوەی میللەتیان لەگەڵ نییەو تەنها بە بیروبۆچوون و بەرژەوەندی خۆیان کاردەکەن و گیروگرفتی زۆر بۆ وڵاتەکەیان دروستدەکەن و کۆمەڵگا دەخەنە ناو قەیران و زەلکاوی مەترسیدار، کە دواجار بە مەرگی خۆیان و سیستەمەکەیان دەبن بەقوربانی پیلان و بەرژەوەندی دوژمنانی گەل و نیشتیمانەکەیان و پەشیمان بوونەوەش دادیان نادات و وڵاتیش بۆ دواوە دەگەڕێتەوە.

ئەم دیکتاتۆرانەش هەریەکەیان دەبن بە دوو بەشەوە:

**١- دیکتاتۆری کەمینە، ئەوەش وەک دیکتاتۆرە سەربازییەکان یا مەزهەبییەکان یان توندڕەوەکان، کە تەنها خۆیان بە خاوەن دەسەڵات و خاوەنی وڵات دەزانن، هەروەک دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەی عەبدولکەریم قاسم و سەدام حوسێن و جنوبی ئەفریقیا و هەندێ لە وڵاتانی دەوروبەر.**

**٢- دیکتاتۆرییەتی زۆرینە وەک حکومەتەکەی ئێستای عێراقی فیدراڵ، کە بەهۆی زۆرینەی دەنگەکانی ناو پەرلەمان سێ لیستە براوەکە دەسەڵاتیان قۆرغ کردووە بەناوی شیعەو سوننە و کورد و پەراوێزکردنی هەموو نیشتیمانپەروەرەکانی دیکەی عێراق وەک دیموکراتخواز و شیوعی و نەتەوە میانڕەوەکان و مامۆستایانی زانکۆ و تەکنۆکرات و بێلایەن و ئافرەتان و کرێکار و قوتابیان.**

جا ئەم دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەتانە دەستکراوە"مطلق" یا زۆردار"مستبد"بن بەناوی زۆرینە کار بکەن یان کەمینە بن بیانەوێ یا نەیانەوێ لەسەرەتای دەستبەکاربوونیان یا لەسەرە مەرگا ناچار دەبن پەنا بەرن بۆ ئەم کارە ناپەسندانە بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتەکانیان:

**١- زەوتکردنی دەسەڵات بە دەستێکی کراوەو توندەوە بۆ ماوەیەکی نادیار بێ ئەوەی کەسێک یا لایەنێک تواناو مافی پرسیار و لێکۆڵینەوەی هەبێت.**

**٢- ئەگەر ناچاربوون هەڵبژاردن بکەن بۆ دروستکردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی کارتۆنی بۆ داپۆشینی خراپەکانیان و چەواشەکردنی هەندێ لایەنی ساویلکەی ناو کۆمەڵ ئەوا هەر زوو بەزوو دەکەونە سازدانی پیلان و فرت و فێڵ بۆ دزینی دەنگەکانی هەڵبژاردن بۆئەوەی لە ٩٩،٥٪ لە سەدا نەوەدو نۆ و نیو دەنگ بەدەست بێنن و شان و پیلی پێدابدەن.**

**٣- بۆئەوەی لەنێو ڕێکخراوە جیهانییەکان ئابڕویان نەچێت و توانجی جۆراوجۆریان نەخەنە پاڵ و لە یارمەتییە نێودەوڵەتییەکان بێبەش نەبن ناوی خۆیان دەنێن دیموکراتخواز و پارێزەری مافی مرۆڤ و ئاشتی و ئارامی جیهان.**

**٤- قەدەغەکردنی هەموو سەربەستییە گشتییەکان،**

**٥- سنوور دانانێکی زۆر تەسک و دژوار بۆ ئۆپۆزسیۆنی نیشتیمانی.**

**٦- دروستکردنی تاکە پارت"الحزب الواحد" لە بنەماڵەو جاش و سیخوڕ و مشتەخۆر و خزمەتکارەکانیان بەپارەو پلەو پایەی بەرز و چەور.**

**٧- دروستکردنی چەند بازنەیەکی ئاسایشی و سیخوڕی و سەربازی سەر بە بنەماڵەکانیان چونکە باوەڕیان بە سوپاو پۆلیسی نیشتیمانی نییە.**

**٨- پشت بەستن بەچەند لایەن و کەسانێکی سووک و چرووک و بێ ئابڕو و ترسنۆک بۆ ناو ئۆرگان و دام و دەزگارکانی دەوڵەت.**

**٩- بەرەڵاکردنی بازاڕ و دروستکردنی پڕۆژەی سوودبەخش بە دەوڵەمەندە نزیکەکانی بنەماڵەو سەرکردەکانی پارتە تاقانەکەیان.**

**١٠- دەرگا کردنەوەو ڕێگا خۆشکردن بۆ تێکدان و ئاڵۆزکردنی ڕەوشی گەنجانی کچ و کوڕ بەچاو پۆشین لەکاری ناپەسەند و دروستکردنی قومارخانەو شوێنی لەشفرۆشی و خواردنەوەو بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕووت و کاری سێکسی هەموو ئەمانە بۆ دوورکردنەوەی لاوان و گەنجانە لە بیرکردنەوە بۆ چارەکردنی ژیانی خۆیان و گەلەکەیان بە نەهێشتنی دیکتاتۆرەکان.**

**١١- دروستکردنی پەیوەندی نهێنی لەگەڵ ئۆرگانە سیخوڕییەکانی دەوروبەر و جیهان بۆ پەنابردن و داڵدەدانیان لەکاتی لێقەومان و هەڵاتن.**

**١٢- کۆکردنەوەی پارەو پوولێکی زۆر لە بانکەکانی جیهان و کڕینی باڵەخانە و خانووی جوان و ڕازاوە لەناوەوەو دەرەوەی وڵات.**

**١٣- نەمانی یەکسانی و دادپەروەری و سەلامەتی ئابووری وڵات و تەندروستی و خوێندەواری.**

**١٤- دزەکردن بۆ دەستدرێژی لەسەر نامووس و ئابڕووی هاووڵاتیان.**

**١٥- پەنابردن بۆ توونداوتیژی و درۆ و ساختەکاری و فرت و فێڵ و تیرۆرکردن.**

باشە خوێنەری بەڕێز ئەگەر ئەوانەی باسمان کرد، کە بەشێکن لەکارو کردەوەی دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت لە سەرانسەری جیهان، کە هەموویان خۆیان بە خزم و کەسی یەکتری دەزانن و لەباری بەرژەوەندی نەک لە یەکسانی خوێن و دایک و باوک ئەگەر دیکتاتۆرێک لە باشووری ئەفریقیا بڕوخێت هەموو دیکتاتۆرەکانی جیهان بەرگی ڕەش دەپۆشن و دانیشتنی ماتەمی دادەنێن، چونکە نەک تەنها لەبەرئەوەی خزمەکەیان ڕووخاون، بەڵکو لەوە دەترسن خۆشیان بڕوخێن، کە دەبینن نەیاری دیکتاتۆرەکان لەخەو هەڵساون، ئەوەتا بینیمان ئێمەش و دیکتاتۆرەکانیش پاڵەوانەکانی میسر١٨ ڕۆژ و شەو لە مەیدانی ڕزگاری قاهیرەو شارەکانی دیکەی میسر جەنگان تا دیکتاتۆرەکەیان دەرپەڕاند و مژدەی سەرکەوتنی شۆڕشەکەی میسریان گەیاندە جیهان و شنەبای ئازادیان لە تونس و میسر بڵاوکردەوە بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

دەبا دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە زوو بەزوو وەرچەرخانێک بکەن و بچنەوە باوەشی گەلەکانیان و داوای لێبوردنیان لێ بکەن و دەستبەرداری ئەو دەسەڵاتە نارەوایە بن کە هەریەکەیان زیاتر لە ٣٠-٤٠ساڵە بەبێ ڕەزامەندی خاوەن ماڵ"واتا میللەت"سامانی وڵاتەکەیان تاڵان دەکەن، نابێ دیکتاتۆرەکان چاوەڕوانی"خاتەمی موڵکی سلێمان"بکەن بۆئەوەی ڕزگاریان بکات لە ڕووخان و لێپرسینەوە، ئەگەر ئەمڕۆ لایان زووە بۆ وازهێنان ئێمە دەڵێین بەیانی درەنگەو پەشیمانیش دادیان نادات.

ڕەنگە هەندێ لەو دیکتاتۆرانە تائێستا توانیبێتیان باوەڕی زۆر کەس مسۆگەر بکەن بۆخۆیان بۆ ماوەیەکی کەم و کورت یان بتوانن ژمارەیەکی بچووک وەک جاش و جاسووس لەخۆیان کۆبکەنەوە بۆ ماوەیەکی درێژ، بەڵام قەت و قەت ناتوانن زۆرترین کەس لەخۆیان کۆبکەنەوە هەتا هەتایە، چونکە دروستبوون و قەڵەوبوونی دیکتاتۆرەکان لە بێدەنگی میللەتەوە هاتووە، لەوەش زیاتر ئەوەیە کە دیکتاتۆرەکان ناتوانن بێدەنگی دروستبکەن هەتا هەتایە، شاعیری عەرەبی **جەزائیری أبوالقاسم الشابی وتوویەتی:**

**اذا الشعب يوماً أرادالحياة فلا أن يستجيب القدر**

کەواتە بێدەنگی گەل دیکتاتۆر دروستدەکات نەک دیکتاتۆر بە بێدەنگی گەل دروست دەکات.

دەبێ هەموو دیکتاتۆرو نەیارەکانیان لە سەرانسەری جیهان وانە وەربگرن لە شۆڕشەکەی لاوانی میسر، ئەو لاوە خوێن گەرم و نیشتیمانپەروەرانەی، کە لە بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممەی ٢٠١١/١/٢٥ هاتنە سەر شەقامەکانی قاهیرەو دوایی لە مەیدانی ڕزگاری کۆبوونەوەو بەیەک دەنگ هاواریان کرد و وتیان: ئیدی بەسە دەبێ ڕژێمی دیکتاتۆر بڕوخێ و دیکتاتۆر حوسنی موبارەک لەسەر کورسی دەسەڵات دەربکرێت و.... ئەوەی جێگای سەرنجڕاکێشانی هەموو جیهان بوو ئەوەبوو کە لاوانی میسر لە ڕۆژی ٢٠١١/١/١٨ تا ٢٠١١/٢/١١ لە مەیدانی ڕزگاری قاهیرەو شەقامەکانی سەرانسەری وڵاتی میسری"٨٣"هەشتاو سێ ملیۆنی چەقین و بۆماوەی ٤٣٢ چوارسەد و سی دوو کاتژمێر شەوو ڕۆژیان کردەوە یەک بێ ئەوەی سڵ بکەنەوە لەسەرما و باران و ترس و برسییەتی تا دیکتاتۆر حوسنی ناموبارەکیان ناچارکرد سەری شۆڕبکات بۆ داخوازییەکانی شۆڕشە مەزنەکەی لاوانی میسر، بەڵێ شۆڕشەکەی ٢٠١١/١/٢٥ی گەلی میسر سەرکەوت و دیکتاتۆر ڕوخاو ڕایکرد، دەبا پیرۆزبێت ئەم سەرکەوتنە لە گەلی میسر و لاوەکانی و هەموو گەلانی ناوچەکەو جیهان، ژیان و سەرکەشی بۆ ٣٠٠ سێ سەد شەهیدە نەمرەکەی ئەم شۆڕشە مەزنە، سەربەرزی و ئافەرین بۆ ٢٠٠٠ دوو هەزار بریندارەکەیان، کە پڕ بەدڵ ئومێدی زوو چاکبوونەوەیان دەکەین، سڵاوو ڕێز و خۆشەویستی بۆ هەموو ئەو پزیشک و پارێزەرو کرێکار و قوتابی و کاسبکار و خوێندەوار و مامۆستایانی قوتابخانەو زانکۆکان و جوتیاران و ژنان و بێکارانی میسر، کە بەشدار و پشت و پەنای شۆڕشەکەیان بوون، لەو ماوە دوورودرێژە تا شۆڕشەکەیان بەئەنجام گەیاند.

ئەو شۆڕشەی میسر شایستەی هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیەکی دوور و قووڵە لەلایەن هەموو نیشتیمانپەروەر و شۆڕشگێڕان و مافخوراوانی جیهان، تەنانەت لەلایەن هەموو دیکتاتۆرو ستەمکارەکانیش بۆئەوەی لەژیانی ڕۆژانەو سیاسیان سوودی لێ وەربگرت، ئێمەی کورد دەبێ خوێندنەوەمان بۆ ئەم شۆڕشە بەمجۆرەی خوارەوە بێت:

**١- شۆڕشە مەزنەکەی میسر بۆ هەموو جیهانی سەلماند، کە دیکتاتۆرەکان ناتوانن هەتا هەتایە زۆربەی میللەت چەواشەو ژێردەست بکەن.**

**٢- شۆڕشەکەی میسر نیشانی دا کە تەنها کرێکار و جوتیار هێزی جووڵەپێکردن و پێشڕەوی میللەت نین بۆ بەرپاکردنی شۆڕش، بەڵکو ڕۆژ ڕۆژی خوێندەوار و قوتابی و لاوانە بۆ ڕاپەڕین و ڕووخاندنی دیکتاتۆرەکان بە یارمەتی کرێکار و جوتیاران.**

**٣- شۆڕشەکەی میسر ڕێگای ڕەشەکوژی و تاڵان و سووتان و تێکدانی دەزگاو فەرمانگەو پڕۆژەکانی وڵاتی میسریان نەدا، لە ڕێگای دروستکردنی پاسەوانی تایبەت بە شۆڕشەکەوە.**

**٤- حوسنی موبارەک بە هەموو هێز و تواناو بەخشینی پارەو پلەوپایە نەیتوانی زیاتر لە"٢٠٠٠"دوو هەزار چڵکاوخۆر لە"بەڵتەچی و سیخوڕەکان"ی کۆبکاتەوە دژی شۆڕشگێڕانی میسر، ئەوەش نیشانەی ڕەسەنی گەلی میسرە.**

**٥- حوسنی موبارەک هەوڵێکی زۆری دا لەگەڵ سوپاو پۆلیسی میسری و پاسەوانە تایبەتییەکانی خۆی و وڵاتانی عەرەبی و دەوروبەر و ئاغاکانی لە ئەمریکاو ئەوروپا بۆ ڕزگارکردنی لە لافاوەکەی لاوانی"شۆڕشگێڕ"انی میسر، بەڵام دەرکەوت کە هێزی گەل لە هەموو هێزێکی ناوەوەو دەرەکی بەهێزترە.**

**٦- حوسنی موبارەک لە هەمووومانی گەیاند کە دیکتاتۆرەکان تاچەند سەعاتێکیش پێش ڕووخان و مردنیان بەخۆشی دەستبەرداری کورسی دەسەڵات نابن.**

**٧- حوسنی موبارەک وەک زۆر لە دیکتاتۆرەکانی پێش خۆی بە خراپتر و ناشیرینترین شێوە بەرەنگاری شۆڕشگێڕان بۆوە، کە سیخوڕەکانی بەسواری ئەسپ و وشتر بەردایە گیانی لاوانی شۆڕشگێڕی میسر، دیارە دیکتاتۆرەکان بۆ پاراستنی خۆیان هەموو کارێکی نامەردانەو قێزەون بەکاردێنن.**

**٨- هەموو پارت و لایەن و کەسایەتی سیاسی و ئایینی و نەتەوەیی میسر یەک هەڵوێست بوون لەسەر ڕووخانی ڕژێم و حوسنی موبارەک.**

**٩- لە هەڵوێستی دووربین و ژیرانەی سوپای میسر لە بەرامبەر شۆڕشگێڕان دەرکەوت، کە دەبێ سوپای وڵات سوپایەکی نیشتیمانی بێت نەک سەر بەپارت و لایەنێکی سیاسی یا ئایینی یا دەرەکی بێت.**

**١٠- لە هەڵوێستە وێک نەچووەکانی ئەمریکا و ئەوروپا دەرکەوت ئەو وڵاتە زلهێزانە بۆ هیچ دیکتاتۆرو گەل و شۆڕشێک دۆست و دوژمنی هەتا هەتایە نین، بەڵکو هەمیشە دۆستی بەرمیلێک نەوت و دۆلارێکی زیادن.**

**١١- دەبوایە لاوە شۆڕشگێڕەکان سەرکردایەتییەکی پتەوو ژیر و چالاک و هەمەڕەنگیان دروست کردبایە پێش دەستپێکردنی شۆڕشەکەیان.**

**١٢- دەبوایە هەماهەنگی و هاوکاری و بیروباوەڕ گۆڕینەوە دروست بکرایە پێش ٢٠١١/١/١٨ لەگەڵ هەموو لایەن و چین و توێژەکانی ناو گەلی میسر بەتایبەتی کرێکاران و قوتابیان و مامۆستایان و ئافرەتان و سەندیکاکانی کۆمەڵی مەدەنی.**

**ئەگەر خاڵی ١١ و ١٢ فەرامۆش نەکرابان لەلایەن لاوانی شۆڕشگێڕی میسر بێگومان شۆڕشە مەزنەکەیان لەکاتێکی کەمتر و بە زیانێکی سووکتر و دەستکەوتێکی گەورەتر تۆمار دەکرا.**

دەبا هەمووومان سوود لەو ئەزموونە گەورەیەی میسر وەربگرین و میللەت سالاری بسەلمێنین و هێزی یاسا پەیڕەو بکەین و یاسای هێزیش ڕیسوا بکەین، تەنانەت لەم ڕێگایەوە دەتوانین ئەزموونە دیموکرات و فیدراڵەکەی عێراقی فیدراڵ بپارێزین، کە کوردستان و حکومەتە تاقانەو خۆشەویستەکەشمان بەشێکە لەو ئەزموونە گەش و ناسک و دوژمندارە با وردبین و دووربین و بین چونکە نەمامی ساڵەوەختی بە ڕەشەبایەک دەشکێتەوە، با خۆڵ لە دۆی خۆمان نەکەین لەپێناو سمێڵ ڕیشی خۆمان لەدەست نەدەین، ئەو گرێیانەی بەدەست دەکرێنەوە با نەیانخەینە ژێر توونداوتیژی و تەوژمی ددان و هەموو لایەنەکانی پچڕ پچڕ بکەین و دەستمان لەبنی هەمبانەکە دێتە دەرەوەو هیچیشمان دەست ناکەوێت و مایە پووچ دەردەچین.

بەڵێ گەندەڵی زۆرە دزی و بەدڕەوشتی هەیەو بێکاری و نەخۆشی و برسییەتی پەرەی سەندووەو پەیوەندی نهێنی هێزە سیاسییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر تەشەنەی کردووە، بەخشینەوەی پارەو پلەوپایە لەنێوان ئەندامانی بنەماڵەکان بەردەوامە هەموو ئەو ناتەواویانەو زۆری دیکەش لە سەرانسەری عێراقی فیدراڵ هەیە بەدەست و چاو هەستی پێدەکرێت و هەمووشیان بە دایەلۆگ و پاڵەپەستۆی هێمنانە چارەسەر دەکرێن نەک بە ئاژاوەو تێکدان و ڕووخانی ئەزموونە دیموکرات و فیدراڵییەکەمان، چونکە عێراقی فیدراڵ وەک تونس و میسر نییە، ئەگەر یەک ملیۆن کەس لە تونس و میسر بکوژرێ و نیوەی وڵاتەکەیان بسووتێ پاش ساڵێک خۆیان ڕێک دەخەنەوەو قەوارە سیاسییەکەیان لەجێای خۆیەتی. بەڵام عێراقی فیدراڵ بەتایبەتیش ئەزموونەکەی کوردستان و حکومەتە تاقانەکەمان بەرگەی هیچ ڕەشەبایەک ناگرێت، دەبێ پشوومان درێژبێت، خراپتر لەپاشترە بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد"ی کەمدۆست و دوژمن زۆر"ئەمریکاو ئەوروپا وەفایان بۆ حوسنی موبارەک نەبوو، کە سەرۆکی گەورەترین وڵاتی عەرەبی بوو، دۆستی هەرە نزیکی ڕۆژئاوابوو، لایەنگری مانەوەی حکومەتی ئیسرائیل بوو واتە بۆ دەبێ لەگەڵ ئێمە وەفادارتربێت، بەهەموو پێوەر و پێوانێک ڕووخان وتێکدانی حکومەتە فیدراڵ و دیموکراتەکەی عێراق قەوارەیەکی باشتری لەجێگا دروست ناکرێت، لەبەرئەوە نۆژەنکردنەوە بە دەنگ و پاڵەپەستۆی گەل زۆر باشتر و سەرکەوتووانەتر دەبێت لە ڕووخاندن و تێکدانی، چونکە هەموو لایەک دەبینن و هەستدەکەین، کە کۆنەپەرست و توندڕەوەکان بە ئاشکرا کورسی گەورەو پلەوپایەی بەرزیان زەوتکردووەو دەیانەوێ ڕێبازە دیموکراتەکەمان زیندەبەچاڵ بکەن و دەستکەوتەکانمان بچووک بکەنەوە دەبا هەموومان لەئاستی بەرپرسیارەتی و نیشتیمانپەروەری خۆمان بین، تەنانەت خۆمان دۆست کەسی خۆمانین.


کۆنگرەی ئاشتی لە مۆسکۆ ١٩٧٣ وەفدی عێراقی: ساڵح یوسفی ، کەمال محیەدین، زەکیە اسماعیل حەقی، سینەم خان بەدرخان

# کەرکووک و دەوروبەرەکەی، حوکمی مێژوو و ویژدان

## توێژینەوەیەکی بەڵگەنامەییە لە بارەی دۆزی کورد لە عێراقدا

نووسینی د. کەمال مەزهەر
و: ستار باقی کەریم
پێداچوونەوە: عەبدولڕەحمان مەعروف

هەڵوێستی کەرکووک و دەوروبەرەکەی لەبارەی پاڵاوتنی شا فەیسەڵ بۆ تەختی شاهانەی عێراق، لەگەڵ کورتەیەک لە هەڵوێستی شا فەسەڵ بەرانبەر کێشەی کورد لە کۆنگرەی قاهیرەدا بڕیار لەسەر دامەزراندنی حوکمی پاشایەتی لە عێراق بەسەرۆکایەتی ئەمیر فەیسەڵ لەجیاتی برایەکەی ئەمیر عەبدوڵلا درا، پاش ئەوەی یەکەمیان تەختی شاهانەی خۆی لە سوریا لەدەستدا. بەشدارانی کۆنگرە پێیانوابوو کە" شا فەیسەڵ باشترە لەوەی جڵەوی حوکم لە وڵاتانی نێوان دوو زێ بگرێتە دەست"، هەرچەندە " زۆر ئاشکرا بوو کە حکومەتی خاوەن شکۆ ناتونێ شا فەیسەڵ بپاڵێوێت، بەڵکو پێویستە لەلایەن دانیشتوانی نێوان هەردوو زێوە هەڵبژێردرێت"، بۆیە "بەرنامەیەکی تێروتەسەل دانرا" لەپێناو دابینکردنی باشترین دەرفەت بۆ دڵنیابوون لە هەڵبژاردنی شا فەیسەڵ وەک حاکم بۆیان، بەبێ ئەوەی حکومەتی خاوەن شکۆ کاریگەرانە لەپێناو بەرژەوەندی خۆی دەستبخاتە ناو هەڵبژاردنەکانەوە"(٣٣٣) .

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەشدا، بەرپرسانی بەریتانیا لە عێراق هەموو هەوڵێکیان خستەگەڕ لەپێناو کۆکردنەوەی پشتگیری بۆ شا فەیسەڵ، بەڵام ئەوەشیان بەبێ دەربڕینی بۆچوونی خەڵکی کەرکوک و دەوروبەرەکەی لەپێناو دیاریکردنێکی ئاشکرای ناسنامەی نەتەوەییان چارەسەر نەکرا. پێش هەموو شتێک "کێشەی کورد یەکلایی نەکراوەتەوە" لەگەڵ " زەمانەتی دوارۆژی سیاسی بۆ ناوچە کوردییەکان"، ئەم دووانە لەو کێشە سەرەکییانەن، کە بوونە ڕێگر لە جێبەجێکردنی بڕیارە تایبەتەکانی کۆنگرەی قاهیرە لەبارەی سازدانی ریفراندۆمێک بۆ هەڵبژاردنی شا فەیسەڵ بۆ پاشایەتی کردنی عێراق(٣٣٤). بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە بەریتانییەکان، نووسەری پەرتووکی " شا فەیسەڵی یەکەم و ئینگلیز و سەربەخۆیی" لەمبارەوە دەڵێت:" بەڵام هەڵمەتەکەی شا فەیسەڵ ساردبووەوە ئیتر لەبەرچاوی خەڵک وا نەدەبینرا، کە پاڵێوراوی ئەوانە.بزووتنەوەیەکی بەرهەڵستکاریش لە بەسرە سەریهەڵدا، هەروەها کوردەکان لەمیانی ریفراندۆمێکی ناوخۆیی حەزی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنێکی سەربەخۆ، دەربڕی"(٣٣٥).

لەهەندێک حاڵەتی دەگمەن نەبێت، ئەگینا ڕۆڵەی تەواوی تایەفە و ئایین و ئاراستەکان، لەو شوێنانەی ناوەڕاست و باشوور ریفراندۆمیان لەسەرکرا، هەروەکو لەشاری موسڵ روویدا، لە کۆتاییدا شێلگیرانە لەتەک هەڵبژاردنی شا فەیسەڵەوە وەستان بۆ تەختی شاهانەی عێراق، لەبەرانبەردا تەواوی ئەم بارودۆخە پێچەوانەکەی لە کوردستان روویدا، بەتایبەت لە کەرکووک و سلێمانی، تەنانەت سلێمانی بەهیچ شێوەیەک بەشداری لە ریفراندۆمدا نەکرد. بەڵام کەرکووک لە دژی کاندیدکردنەوەی فەیسەڵ دەنگیان دا. لەبارەی ئەم بابەتەشەوە مس بێل، کە یەکێک بوو لەوانەی زۆر شێلگیرانە تا ئەوپەڕی سنوور پشتگیری لە هەڵبژاردنی شا فەیسەڵ دەکرد، قسەمان بۆ دەکات:

"دانیشتوانی ناوچەی سلێمانی لە باشووری کوردستان، هەروەکو ئازادبوون لەوەدا، بڕیاری بەشداری نەکردنیان دا لە هەر هەڵبژاردنێک کە بۆ هەڵبژاردنی شا فەیسەڵ بکرێت لە عێراق. جگە لەم ناوچەیە دەرئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەی لە شوێنەکانی دیکەی عێراق بەڕێوەچوو بریتی بوو لە ٩٦٪ بۆ بەرژەوەندی شا فەیسەڵ. بەڵام ئەو لە٤٪ مابووەوە، ئەوە دەنگی خەڵکانی نارازی تورکمان ء کورد بوو لە کەرکووک لە دژی شا فەیسەڵ" (٣٣٦). بەوپێیەی بەریتانیا لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە ئینتیداب کراوە بەسەر عێراقدا، ئەوا لەو راپۆرتەیاندا، کە ساڵی ١٩٢٢ لەلایەن بەریتانییەکانەوە پێشکەشی کۆمەڵەی نەتەوەکان کراوە، تیایدا باس لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیشوکارەکانیان لە عێراق دەکات تا رادەیەک هەمان قسە



دکتۆر کەمال مەزهەر کاتێ لەناو شۆڕش بەقەڵەمەکەی خەبات دەکات

دووبارەبۆتەوە(٣٣٧).

ئەلبێرت م. مینتیشا شڤیللی ڕۆژهەڵاتناس لە پەرتووکەکەیدا ( عێراق لە ساڵانی ئینتیدابی بەریتانی)دا، لەبارەی هەڵوێستی دانیشتوانی کەرکووک بۆ هەڵبژاردنی شا فەیسەڵ بۆ تەختی شاهانەی عێراق دەڵێت:" سەرەڕای ئەوەی کەرکووک لەلایەن حکومەتی عێراق ء ئەو راوێژکارە بەریتانییانە بەڕێوەدەچوون، کە خرابوونە ژێر دەسەڵاتدرانی ئینتیدابی بەریتانی، بەڵام لیوای کەرکووک ئەم هەڵوێستەیان نواند"(٣٣٨). لەمبارەوە وا باشە ئاماژە بۆ شاعیری تورکمانی محەمەد سادق ئەفەندی بکەین، کە شیعرێکی بەم بۆنەیە هۆنییەوە، کە لەسەرەتاکەیدا دەڵێ " انتخاب ایتمم سنی فیصل عراقك ملكنه" بە واتای:"ئەی فەیسەڵ دەنگت پێنادەم بۆئەوەی ببیتە پاشای عێراق" (٣٣٩).

لە راپۆرتێکی دەزگای هەواڵگریدا، کە حکومەتی وەزارەتی موستەعمەراتەکانی بەریتانیا دایانبوون باس لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەکات، بۆیە لەبارەی کەرکووکەوە ئەم تێبینیانەی هاتبوون:

زۆربەی دەنگە نارازییەکان لەلایەن خەڵکی غەیرە عەرەبەوە بوون ء پێیان باشبوو چاوەڕێ بکەن بۆ ئەوەی بزانن دەرئەنجامی پرسی سەربەخۆیی کوردستان بەچی دەگات، هەندێکیشیان داوای میرێکی تورکیان کردبوو. هەموو دەنگە رازییەکانیش لە هەولێرەوە بوون، کە لەڕووی بەڕێوەبردنەوە، واتە ئەو کاتەی ریفراندۆمی تێدا کرا، سەر بە کەرکووک بوو(٣٤٩). لێرەشدا واباشە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، لە پەرتووکەکەیدا (مێژووی وەزارەتەکانی عێراق) کە لە دوا حەوتەم چاپیدا کە لە ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن (خانەی کاروباری ڕۆشنبیری گشتی) سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و راگەیاندن بڵاوکرایەوە، ئەم ناوبراوە چەندان جار باسی لەو دانپیانە مەترسیدارە کردووە(٣٤١)

لەبەشێکی دیکەی هەمان راپۆرتدا لەبارەی کەرکووکەوە هاتووە:"دوای خوێندنەوەی نامەی راوێژکار لە ئەنجومەنی کەرکووک(بڕوانە ژمارە ١٨، دێڕی١٦) بە کۆی دەنگ بڕیاری هەڵبژاردنی فەیسەڵ ء پێکهێنانی نوێنەری ناحیەکانیان دا، بەڵام لەو کۆبوونەوە نارەسمیانەی لەناو ماڵە تایبەتییە جیاوازەکان بەسترا، دژایەتی ئەم بڕیارەیان کرد. لەو کۆبوونەوەیەی لە ٢٣ی تەمووز لەماڵی موفتی بەسترا، بڕیاردرا فەتوایەک لە دژی فەیسەڵ دەربکەن "بەو پێیەی فەیسەڵ موسڵمانێکی دروست نییە و ئێزیدییە"، بۆیە ئەگەر ببێتە پاشا، ئەوانیش داوای یەکگرتن دەکەن لەگەڵ کوردستان. لە ڕۆژی دواتردا ئەو نامەیە راگەیەنرا کە پێشتر لە پاشکۆی راپۆرتی ژمارە ١٨ی بەندی ١٦ئاماژەی بۆ کرابوو. لە گفتوگۆ تایبەتییەکان لەگەڵ راوێژکاردا، سەرکردە کورد و عەرەبەکان، رایانگەیاند کە ئەوان بەویست و حەزی بەریتانییەکان دەنگدەدەن، بەڵام فەیسەڵیان ناوێت، هەروەها حکومەتێکی عەرەبیشیان ناوێت. بەڵام کەسانی دیاریکراوی وا هەبوون، کە بەرەو دروستکردنی کێشەوە دەچوون، ئەگەری ئەوە هەیە پێکهاتە تورکمانییەکان پێیان باش بوو پشتگیری و پاڵپشتی لە تورکەکان بکەن، تەنانەت لەو کاغەزانەی بۆ دەنگدان ئامادەکرابوون پاش پڕکردنەوەیان، دەرکەوت دوو گەڕەکی شاری کەرکووک، داوای فەرمانڕەواییکی تورکیان کردبوو.

بەڵام دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەم لیوایە بەمجۆرە بوو:

١-شاری کەرکووک ٦٤ دەنگیان بۆ فەیسەڵدا و ٢٧٨٦ لەدژی دەنگیان دا.

٢-ناحیەی کەرکووک ١٩٧ دەنگیان دا بە فەیسەڵ ء٧٢٠ لەدژی دەنگیان دا.

٣-ئاڵتون کۆپری کەس دەنگی نەدا بە فەیسەڵ ء ١٥٠٠ لە دژی دەنگیان دا.

٤-داقوق کەس دەنگی نەدا بە فەیسەڵ ء ١٠٠٠٠لە دژی دەنگیان دا.

٥- مەلحە کەس دەنگی نەدا بە فەیسەڵ ء ١٥٠٠٠لە دژی دەنگیان دا.

٦-شوان کەس دەنگی نەدا بە فەیسەڵ ء١٢٦٣ لە دژی دەنگیان دا.

٧- ئەو ژمارانەی لە (٥،٤) واتە تایبەت بە (داقوق و مەلحە)وە هاتوون، گەورە کراون ء، لەم بارەشەوە لێکۆڵینەوە دەکرێت.

٨- هەموو ناوچە کوردییەکان داوای حکومەتێکی کوردی دەکەن(٣٤٢)، بەڵام بیرکردنەوەیان دوورە لە پێکهێنانی یەکێتی کوردان، چونکە دووردەکەونەوە لەوەی بخرێنە پاڵ ئەو هەرێمە کوردییەی ئێستا لە سلێمانی هەیە(٣٤٣). بۆ ئەم هەڵوێستەی دواییش لێکدانەوەی خۆی هەیە، کە دواتر لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەی تایبەت بە شێخ مەحموود و کەرکووک، باسی لێوە دەکەین. بەڵام هەڵوێستی دانیشتوانی مەلحە، پێچەوانەی چەندێتی گونجانی بۆچوونەکان دەکاتەوە لەگەڵ هاوسێ کوردەکانیان، لەگەڵ سروشتی ئەو پەیوەندیانەی بەیەکیانەوە گرێ دەدات.

بەڵام کوردەکانی هەولێر، کە لەلایەنی ئیدارییەوە وەکو باسمان کرد، سەر بە کەرکووک بوون، لەگەڵ موسڵ، بۆ بەرژەوەندی شا فەیسەڵ دەنگیان دا، بەو مەرجەی مافە نەتەوەییەکانیان فەراهەم بکات، تەنانەت هەندێک لەوانەش بەو مەرجە دەنگیان بۆی دا کە ئینتیدابی بەریتانی بەردەوام بێت(٣٤٤). لە راپۆرتێکی وەزارەتی شوێنە داگیرکراوەکان (المستعمرات)، کە پێشتر باسکرا، لەبارەی ئەو ریفراندۆمەی لە موسڵ ئەنجامدرا، ئەم تێبینیانەی خوارەوە خرانەڕوو:

"شەش لە نووسراوەکانی پشتگیری جەخت لەسەر چاکسازی لە مافی کوردان و کەمایەتییەکانی دیکە دەکەن، حەوتی دیکەش جەختیان لەسەر بەردەوامبوونی ئینتیدابی بەریتانی دەکرد، سەرەڕای پارێزگاریکردن لە مافی کوردان، دەی دیکەشیان ئەم مەرجانەی خوارەوەیان دانابوو:

١- بەردەوامبوونی ئینتیدابی بەریتانی ء گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەفسەرە بەریتانییەکان لەلایەنی ئیشوکارە مەدەنی و سەربازییەکان.

٢- دانان بە زمانی کوردی لە دەزگاکانی حکومەت و قوتابخانە سەرەتاییەکان.

٣- پاراستنی مافە یاسایی و مەدەنیی و سیاسییەکانی کوردەکان.

٤- کوردانی عێراق مافی ئەوەیان هەیە بچنە پاڵ کوردستانی تورکیا، یان مەبەستی ئەوەیان هەبێت، لەدەمی سەربەخۆبوونی کوردستانی تورکیا(٣٤٥). ناتوانرێت ئەوە بشاردرێتەوە کە ئەم نووسراوانە بۆچوونی کوردانی ئەو ناوچانەی دەخستەڕوو، کە لەلایەنی ئیدارییەوە سەر بە موسڵ بوون، وەکوو: (دهۆک، ئامێدی، ئاکرێ، زاخۆ و..... هی دیکە)، حکومەتی بەریتانی کۆمەڵەی نەتەوەکانی لەبارەی هەڵوێستی ئەو ناوچانە ئاگادار کردەوە، لەگەڵ هەڵوێستی کوردەکانی هەولێر، وەکو باسکرا، کاتێ دەنگیان دا بە شا فەیسەڵ راشکاوانە ئەوەیان راگەیاند، کە لە بڕیارەکەیان پاشەگەزدەبنەوە ئەگەر هاتوو" ئەو بارودۆخە دەربکەوێت کە لە مادەی ٦٤ی رێکەوتننامەی سیڤەردا هاتووە"(٣٤٦) کە مافی چوونە پاڵ ئەو دەوڵەتە کوردییەی پێیاندا، کە پێشتر باسمان کرد. بەڵام لەبارەی خانەقینەوە لە راپۆرتەکەدا ئەوە هاتووە:" لە خانەقین ژمارەیەکی زۆری کورد هەن، حەزیان لێبوو بچنە پاڵ دەوڵەتی کوردی، بەڵام هەموویان یەک بۆچوونیان نەبوو، لەدوای مشتومڕ و گفتوگۆیەکی گەرم، وەلی ئاغا، توانی لە باجەلان سەرکەوێت لە راکێشانی ئەندامەکانی دیکەی ئەو لیژنە سەرپەرشتیارییەی پێکهاتبوو، بەلای خۆیدا، کە بانگهێشتی بەعقوبە کرا، بۆئەوەی بچێتە پاڵ دەوڵەتێکی عەرەبی. ئەوساکە لیژنەکە گەڕایەوە خانەقین، بۆئەوەی واژۆی پیاوماقوڵان و سەرۆک هۆزەکانی دیکە بەدەست بهێنێت (٣٤٧).

لەڕۆژی ٢٣ی تەباخ ١٩٢١ لە بەغدا شا فەیسەڵ

کرا بە پاشای عێراق، لەم ئاهەنگە گەورەی بەم بۆنەوە لە گۆڕەپانی قشلە سازکرا، وەفدی هەموو ویلایەتەکان جگە لە کەرکووک و سلێمانی تیایدا ئامادەبوون(٣٤٨).

بەریتانییەکان هەڵوێستی کەرکوکیان لە تەواوی ناوچە کوردییەکان بە مەترسیدارتر ئەژمار کرد. لە نامەیەکیدا کە لە ١٤ی تەباخی بەسەرەوەیە، مس بیل دەڵێ:"... هەردوو لایەنی "تورکمان و کورد لە کەرکوک و دەوروبەرەکەی" فەرمانرەوایەتییەکی عەرەبی ناخوازن، هەر بۆیەش دوو گەڕەک داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆیان کرد کە لەلایەن ئێمەوە پارێزراوبێ، هەروەها ئەوانە رەتی هەر جۆرە گرێدانێکیش دەکەنەوە بە سلێمانی، پێشتریش، واتە پێش هاتنی شا فەیسەڵ دەنگیان دا بە جیابوونەوە لە دەوڵەتی عێراقی. لەوەش زیاتر زانیاری دیکەم نییە لەسەر نەتەوەی کورد، کە ڕەنگە لەمانگەکانی داهاتوو هەرا و زەنای زۆری لەبارەوە ببیسترێت، ئەگەرهاتوو سێر پێرسی سەرکەوتوو نەبێت لە رازیکردنی کەرکووکییەکان بەوەی بۆ عەقڵ و مەنتیق ملکەچکەن "(٣٤٩).

کارەکە بەهەر جۆرێک بێت، هەڵبژاردنی شا فەیسەڵ بە پاشای عێراق، بە واتای وەرچەرخان دێت لە مێژووی سیاسی عێراقی هاوچەرخ ء دەرکەوتنی ڕەگەزێکی نوێی کاریگەر لەبارەی کێشەی کوردان، کە دەرئەنجامەکانی رەنگدانەوەی هەبوو بەسەر کەرکووک و هەروەها دەوروبەرەکەی. وەکوو پێشتر باسمان کرد، بەریتانییەکان حەزیان دەکرد شا فەیسەڵ سیاسەتێکی نەرمونیان لە بەرانبەر کورد و کوردستان بگرێتەبەر، رەهەندەکانی ئەم کارەش دوای دانانی شا فەیسەڵ پتر دەرکەوت، لێرەشدا ئاماژە بۆ هەندێک لە نیشانەکانی دەکەین، کە پتر خۆی لە کەرکووک و دەوروبەرەکەی دەبینییەوە، نەوەکو ناوچە کوردییەکانی دیکە.

دوای دانانی شا فەیسەڵ، بەریتانییەکان بایەخێکی تایبەتیان بەم بابەتەدا، چونکە دەیانزانی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ، کە ئەوکات لەلایەن هێزێکی شۆڕشگێڕی چاوبرسی، کە خۆی لە کەماڵییەکانی تورکیا دەبینییەوە، وروژێنرا بوو، تا رادەیەکی زۆر پشت بە هەڵوێستی کوردەکان دەبەستێ، بەپێچەوانەی بۆچوونی زۆرێک لەو نووسەرە عێراقیانەی لەسەر بنەمایێکی سادە پێشبینیان دەکرد، بەریتانییەکان حەزیان بە عێراقێکی سەقامگیر دەکرد، کە بارودۆخێکی باش فەراهەم بکرێت لەپێناو بەکاربردنی سامانەکانی، نەخاسمە نەوتەکەی، لەلایەن خۆشییەوە ئەم کارە زۆر پشتی بە هەڵوێستی کوردەکان دەبەست. لەپێناو ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە گرنگ و تارادەیەک شێوێنراوەی مێژووی عێراقی هاوچەرخ، کە لەناوەوە نووسراوە، لێرەدا بەشێک لەو یاداشتە نهێنییە دەخەینەڕوو، کە نوێنەرە نوێیەکەی سامی بەریتانی سێر هێنری دۆبس ئەو پیاوەی هاتە شوێنی سێر پێرسی کۆکس، بۆ شا فەیسەڵی نارد، کە لەنێوان پێشنیازەکەی دۆبس(٣٥٠) پتر لە جارێک ناوی کەرکووک هاتووە:

نهێنی: خانەی ئیعتیماد، بەغدا

ئەی خاوەن شکۆ لەو راپۆرتە نهێنیانەی بەم دواییانە لە قەزا کوردییەکان پێمان گەیشتوون، ئاماژە بە سەرلەنوێ دەرکەوتنەوەی بزاڤی سەربەخۆیی کوردی دەکەن، لە هەندێک شوێنی نهێنیشدا خەڵک لە دژی حکومەتی عێراق هاندراوە، بەوەی حکومەتێکی عەرەبییە. جیاوازی هەست و سۆزی نێوان هەردوو گەلی کوردی و عەرەبی تینی سەندووە، ئەو جیاوازییەی کە هەردەبێت بمێنێت، وەک ئەوەی لەنێوان ئینگلیز و سکۆتلەندییەکاندا هەیە، چونکە خودا ئەم دوو گەلەی بە جیاواز دروست کردووە، بۆیە ترسی دوورکەوتنەوەیەکی مەترسیدار دەکرێت. ئەو راپۆرتانەی گەیشتوون، نیگەرانیان کردم، دڵنیاشم کە خاوەنشکۆتان لەگەڵ من هاوڕا دەبن لەوەی جێی غەم و پەژارەیە بۆ عێراق، کە پشت بکاتە پشتگیریکردنی بەهێزترین پێکهاتەی زیندووی. هەڵوێستی کوردان لەسەر سنوور، لەلایەک کارێکی پڕ بایەخە بۆ عێراق، چونکە لە ڕێگای بەهێزی هەوادارێتی کوردان، نەک هیچی دیکە، لە بەرانبەر دەستدرێژی و دەست تێخستنی تورکەکان، عێراق دەتوانێ بەرگری لەخۆی بکات، بەم هۆیەشەوە عێراق دەتوانێ زامنی ئەو رێگایەی گواستنەوە بکات، کە لە بەغداوە بەرەو مووسڵ و لەناوەڕاستی کەرکووک و هەولێر درێژ دەبێتەوە، بکات. ئەگەریش عێراق زۆر بەهێزەوە نەتوانێ بەرگری لەو سەنگەرانەی کوردەکان بکات، کە لە خانەقین تاوەکو رەواندوز درێژبۆتەوە، ئەوە مانای وایە ناتوانێ بەهێزەوە پارێزگاری لەم دەشتە دەوڵەمەندە بکات، کە دەکەوێتە دامێنی ئەم سەنگەرانەوە، هەروەها ناتوانێ پارێزگاری لە هێڵی شەمەندەفەری مووسڵ بکات، کە بەم دەشتاییە رەتدەبێ، هێزی ئەوەیشی نابێت پارێزگاری لە کارەکانی ئەم کۆمپانیا تورکییە بکات، کە چاوەڕێدەکرێ بە دەستکەوتێکی گەورە بۆ عێراق بگەرێتەوە. لێرەدا بیرۆکەیەکم بە مێشکدا هات، کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، پێموایە خاوەنشکۆتان دەتوانن زۆر چالاکانە ئەم رۆڵە ئەنجام بدەن، لەپێناو راکێشانی دڵی کوردەکان، چاککردنەوەی ئەو ناکۆکییەی خرایەڕوو لەنێوان ئەو دوو گەلە گەورەیەی کە عێراق پێکدەهێنن، هەروەکو شا ڤیکتۆریای خاوەن شکۆ هەمان کاری ئەنجامدا(٣٥١) کە کۆڵەگەی سەرەکی یەکخستنی نێوان هەردوو گەلی ئینگلیزی ء سکۆتلەندی بوو، ئەو گەلەی ماوەی چەند سەدەیەک دوژمنایەتی یەکتریان دەکرد. رەنگە خاوەن شکۆشتان ئەوە بزانن، کە شاژنە ڤیکتۆریا لەچەندان بۆنەدا خۆنەویستی خۆی بەرانبەر بە گەلی سکۆتلەندی نیشاندا ء چۆنیش توانی کاتێکی زۆری خۆی لە سکۆتلەندا بەسەر بەرێت، هەروەها چۆن خۆی و هاوسەرەکەی و منداڵەکانی زۆرجار جلی سکۆتلەندیان دەپۆشی. ئەوانەی لەدوای ئەویشەوە هاتن پارێزگاریان لەم نەریتە کرد، ئەنجامەکەشی بریتی بوو لەوەی نزیکەی سکۆتلەندییەکان ئێستا بوونەتە توندرەوترین لایەنگرانی شاهانەی بەریتانیا ء ئیمپراتۆریەتی بەریتانی"(٣٥٢).

دوای ئەوە هێنری دۆبس، چەند پێشنیازێک دەخاتەبەردەم شا فەیسەڵ، لەوانەش:"خاوەن شکۆتان ئەوە راگەیەنن کە ئەو دوو ئەستێرەی لە ئاڵای عێراقدا هەیە، بە حوکمی رەسەنایەتی مێژووییان، لە ئێستا بەدواوە بە فەرمی نیشانەی یەکگرتنی هەردوو گەلی برای کورد و عەرەب دەگەیەنێ ء" هەروەها خاوەن شکۆشتان بایەخێکی تایبەت بەو ئەفسەرە کوردانە بدەن، کە لە سوپای عێراق خزمەت دەکەن...." و "کۆمەڵێکی بچووک لە پاسەوانی تایبەت لە کوردەکان پێکبهێنرێت، کە جلی نیشتیمانی کوردی بپۆشن، بۆئەوەی نۆرە بگرن لە پاسەوانێتی کردنی کۆشک ء، شوێنەکانی دیکە لەگەڵ پاسەوانە تایبەتییە عەرەبەکان" ء، "هەروەها خاوەن شکۆتان بەهەر رێگایەک بێت خۆشەویستی خۆتان بەرانبەر گەنجانی کورد ئەوانەی لە خانەی مامۆستایان، یان خوێندنگا ناوەندییەکانی بەغدا دەخوێنن، پیشان بدەیت..."هەروەها خاوەن شکۆتان داوای فێربوونی زمانی کوردی بکەن" ء" خاوەن شکۆشتان گەرمترین مانگەکانی ساڵ لە یەکێک لە شارە کوردییە چیاییەکان(٣٥٣) بۆ نموونە شەقڵاوە بەسەربەرن (٣٥٤).

هێنری دۆبس، بەم قسانەی خوارەوە کۆتایی بە یاداشتەکەی هێنا، کە بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی لە شەش پەڕی قەبارە گەورە هۆنیبوویەوە" ئەگەر خاوەن شکۆتان هەوڵتاندا بۆچوونەکانت بەو ئاراستەیە بەرن کە باسمکرد، گومانی لەوەدا نییە، کە چەندان پرۆژەی گەورەترتان بۆ رێکدەکەوێ، کە باشتردەبن لەوەی بوێرانە پێشنیازتان کرد. هەروەها متمانەشم بەوە هەیە کە خاوەن شکۆتان گومانی ئەوە نابەن کە ئەوەی من باسمکردووە لە شوێنی خۆی نەبێت، ئەوەش بووە پاڵنەرم بۆ نووسینی ئەم نووسراوە ئەو نیگەرانییە هەقیقییە بوو لەبارەی بارودۆخی ئێستا هەستی پێدەکەم، پاشان ئومێدەوارم خاوەن شکۆتان لە دەرفەتێکی گونجاودا ئەو لێهاتوویە باشەی پاشایەتیتان بەکاربهێنن، مەبەستم لە خۆشەویستی ء بەخشندەیی ء خانەدانییەی پێی ناسراون، بۆئەوەی خۆشەویستی ئەم گەلە مسۆگەر بکەیت ء، خزمەتێکی باشیش پێشکەش بە دەوڵەتی عێراقی بکەیت. هاوڕێی دڵسۆزتان ...واژۆ"(٣٥٥).

لە چاوپێکەوتنێکی پێشووتریدا بە فەیسەڵ لە ٢٨ی شوباتی ١٩٢٣، دۆبس باسی لە باشترین رێگا کرد بۆ راکێشانی کورد ء سەرکردەکانیان بۆ پاڵ حکومەتی عێراقی، بۆیە دۆبس پێشنیازی دیکەی بۆ فەیسەڵ کرد، کە تا گەیشتە ئەو رادەی داوای لێبکات" هانی میری خاوەن شکۆ زەید (زڕبرای فەیسەڵ)بدات، بۆئەوەی لەو سەرکردە کوردانە نزیک بێتەوە، کە لە هەردوو ناوچەکانی موسڵ و کەرکووکدا هەن ء دەسەڵاتی پاشایەتی خانەوادەکەی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت هاتنەپاڵ و پەیوەستبوونی کوردەکان و سەرکردەکانیان بە حکومەتی عێراق مسۆگەر بکات"(٣٥٦).

واپێدەچێ مەندوبی سامی، هاتبێتە سەر ئەو باوەڕەی کە بارودۆخەکە بە تایبەتی کەرکووک نەگەیشتبێتە قۆناغی پێگەیشتن، بۆئەوی پەنا بۆ ئەم هەنگاوانە ببردرێت، بۆیە تەنها چوار رۆژ دوای چاوپێکەوتنەکەی نێوانیان، نامەیەکی ئاراستەی فەیسەڵ کرد، تیایدا دەڵێ:

"جا ئەگەر بڕیار لەسەر ئەم پلانە درا بۆ میر زەید، تاوەکو کاری لەسەر بکات، ئەوکات ئێوەی خاوەنشکۆ بۆتان دەردەکەوێ، کە پێویستە تا ئەوپەڕی توانا پرس و را□ویژ بە موتەسەریفەکانی هەولێر و موسڵ بکەن، چونکە لەباری ئێستاشدا بە باش نازانرێت میر زەید لەگەڵ کوردەکانی کەرکووک و سلێمانی پەیوەندی ببەستێ، گومانیشم لەوەدانییە، کە خاوەنشکۆتان، لەهەر نامەیەکتاندا کە ئاراستەی دەکەن، ئەم کارە بۆ میر زەید روونکەنەوە"(٣٥٧).

میر زەید گوازرایەوە موسڵ، لەوێندەرێش پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ سەرکردە کوردەکان بەست، تارادەیەکیش پێدەچێ سەرکەوتنی بەدەستهێنابێت، میر زەید زمانی تورکی دەزانی و تارادەیەکیش ئاگاداری ژیان بوو لە تورکیا(٣٥٨).

لەم بارەوە لەنامەیەکیدا میس بێل لە ١ی ئازاری ساڵی ١٩٢٣ دەڵێ:" لەوباوەڕەدام، ئەگەر ئێمە واز لە زەید بهێنین بۆ ئەوەی کارەکانی جێبەجێبکات، لەتوانایدا هەیە لەگەڵ کوردەکانی باکوور بگاتە رێککەوتنێکی باش"(٣٥٩).

لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٦، مەندوبی سامی بەریتانی پێشنیازی ئەوەی بۆ شا فەیسەڵ کرد تا کۆمەڵەیەک لە بەغدا بۆ گەشەپێدانی یەکێتی نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کورد دابمەزرێنێت"، "رەنگە لقێکیشی لە کەرکووک بکرێتەوە" یەکێک لە ئامانجەکانیشی بریتییە لە"چالاککردنی خوێندنی زمانی کوردی ء ئەدەبی کوردی لەلایەن عەرەبەکانەوە، بەتایبەت فەرمانبەرە عەرەبەکان"(٣٦٠).

بەگشتی وەڵامی شا فەیسەڵ بۆ ئامۆژگاری بەریتانییەکان، باش بوو(٣٦١). لەو راپۆرتە فەرمییەدا، کە سێر پێرسی کۆکس، مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق، کە بۆ وەزارەتی موستەعمەرەکانی لە لەندەن، لە بارەی بارودۆخی دارایی و کارگێری عێراق، لەماوەی نێوان نیسانی ١٩٢٢ تاوەکو ٣١ ئازاری ١٩٢٣ رەوانەکردبوو، ئەم تێبینیانەی تێدا خرابووەڕوو، کەباس لە: "بۆچوونی شا فەیسەڵ، لەبارەی ئەوەی پەیوەندییەی بە پرسی کورد لە عێراق لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٢ دەکات، ئەوەش لەمیانی قسەکانی تایبەت بە رازیبوونی هەندێک ناوچەی کوردی بە هەڵبژاردنی شا فەیسەڵ بۆ تەختی شاهانەی عێراق:

"جگە لە دۆزینەوەی جۆرێکی ئاشتەوایی کاتی نەبێ ئەگینا شتێکی دیکە نەماوەتەوە، زاراوەی ئاشتەوایی کاتیش لەدەقەکەدا(Modus Vivendi) هاتووە، مانای رێککەوتن دەدات، یان ئاشتبوونەوەیەکی کاتی کە لەنێوان هەردوولایەنی ململانێکار و رکابەر دەبەسترێ، کە بەپێی ئەو رێککەوتنە، رەنگە کورد و عەرەب بتوانن بەیەکەوە، لەژێر سایەی شاهانەیەکی یەکگرتوو بە ئاشتەوایی بژین، لەگەڵ رێزگرتنێکی پێویستی هەستە نەتەوەیییە رەگەزپەرستەکان. هەڵوێستی شا فەیسەڵ باشە، خۆیشی کەسێکی نەتەوەیی ء خاوەن دووربینییەکی باشە،نەک هەر تەنها ئامادەیە رێزی هەستی کەسانی دیکە بگرێت و تەنها دانیان پێدا بنێت، بەڵکو لەتەک ئەوانەشدا ئامادەیە خودموختارییەکی تەواو لەناو عێراق بداتە ناوچە کوردییەکان، لەسەر کوردەکانیش پێویستە خۆیان بڕیار لەسەر چۆنیەتی پیادەکردنی ئەم خودموختارییە بدەن"(٣٦٢).

حکومەتی بەریتانی لەو راپۆرتە فەرمییەی پێشکەشی کۆمەڵەی نەتەوەکانی کرد لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیشوکارەکانی عێراق لەو ماوەی دەکەوێتە نێوان نیسانی ١٩٢٢ ء ئازاری ١٩٢٣، لەوبەشە تایبەتییەی لە راپۆرتەکە بۆ پرسی کورد تەرخان کرابوو(٣٦٣)، دەقا و دەق هەمان تێبینی باسکرابوو. بەگشتی شا فەیسەڵ باوەڕی تەواوی بەوە هات، کە پێویستە "حکومەتێکی کوردی خاوەن خودموختاری لەناو عێراق بێتە دامەزراندن، مادام نەبێتە هۆی جیابوونەوەی سیاسی یان ئابووری ناوچە کوردییەکان" لەمیانی گفتوگۆیەکیاندا لەبارەی پرسی کورد، شا فەیسەڵ خۆی ئەو قسەی بە حاکمی سیاسی کەرکووک ئەدمۆندس راگەیاند(٣٦٤).

بەپشتبەستنی بە بڕواکانی خۆی شا فەیسەڵی یەکەم لەماوەی دوانزە ساڵەی حوکمی خۆیدا، پەیوەندی لەگەڵ زۆرێک لە سەرکردە کوردەکان دانا، لەنێویشیاندا سەرکردەکانی کەرکووک، کە چاوی پێیان دەکەوت ء نامەی لەگەڵیان ئاڵوگۆڕ دەکرد (٣٦٥)، لەبەشێکی دیکەی ئەم لێکۆڵینەوەیماندا دێینە سەر هەندێک نموونەی ئەم کارەی شا فەیسەڵ. لەسەردەمی شا فەیسەڵدا، هەندێک رێوشوێنی یاسایی و دەستووری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد گیرایەبەر، لەوانەش بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بۆ مەعاریفی کوردی، کە بارەگاکەی لە کەرکووک بوو هاتە دامەزراندن، بەڵام بوێرترین بڕیار کە لەسەردەمی شا فەیسەڵ درا، بریتی بوو لەوەی کورد مافی دامەزراندنی حکومەتێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە کەرکووک و دەوروبەرەکەی دەچێتە چوارچێوەیەوە. لە٢١کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢هەردوو حکومەتی عێراقی و بەریتانی، ئەم بەیاننامەی خوارەوەیان دەرکرد.

**بەشی بیست و یەک**













# "کەرکوک و دەوروبەرەکەی، حوکمی مێژوو و ویژدان" بە زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی و کوردی

# تیشکێک لە سەر قۆناغێکی مێژووی هاوچەرخی کوردستان (١٩٣٣-١٩٣٥) لە ١٢ بەڵگەنامەی بەریتانی



**دۆزینەوەو وەرگێڕانی لەزمانی ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی:**
**فەیسەڵ محەمەد فەهمی سەعید**
**ئامادەکردن و ڕێکخستنی بەڵگەنامەکان:**
**حەمید ئەبوبەکر بەدرخان**
**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : حوسامەدین یاسین سەرداری**

## بەڵگەنامەی دووەم

**ژمارەی بەڵگەنامە"٠٣٧١/٠٦٩١٦ف"**
**نهێنی**
**بەشی یەکەم"ڕۆژهەڵات - عێراق"**
**لە بەڕێز ئێف – ئێچ – همفرگس** F-H-Humphrsgs **بەغداد لە ١٩٣٣/٣/١١ وەرگیراوە.**

**بۆ بەڕێز جۆن سایمۆن** John Simon **لە ٢٧/ئازاری ١٩٣٣ بەغداد لە ١٩٣٣/٣/١١**

**بەڕێزم**

ئاماژە بە نامەکەم ژمارە"٥٠"ی ١٩٣٣/١/٢٥ سەرفرازم کە ئاگادارتان بکەمەوە کە"محەمەد سادق و مەلا مستەفا" برایانی"شێخ ئەحمەد بارزانی"، ئێستا خەریکی

١- خۆئامادەکردنی"٥٠٠"پێنج سەد لە هاوەڵەکانیانن لە دێیەکی زۆر نزیک لە سنوور بۆ باشووری گردۆلکەی"گۆڤاندا" کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای گوندی"بارزان" بە نزیکەی ٢٥میل.

٢-بەپێی داواکاری حکومەتی عێراقی کە لەلایەن"وەزیری ڕێپێدراوی عێراقی لە ئەنقەرە"داواکارییەکەی نوێ کراوەتەوە، حکومەتی تورکی ئامادەباشی نیشانداوەو بەڵێنی داوە بە تەسلیمکردنەوەی سەرکردە بارزانییەکان، بەڵام وادیارە ئێستا بەهیچ جۆرێک ناتوانن ئەم ئامادەباشییەو بەڵێنە جێبەجێ بکەن، چونکە هیچ یەکەیەکی سوپا لەو ناوچەیەدا نییە، کە ئەم سەرکردانەو هاوەڵەکانیان لەوێن.

٣- سەرەڕای ئەوەی کەش و هەوای زستان ڕێگرە لە چالاکییەکان، بەڵام بارزانییەکان دەست لە پۆلیسەکانی عێراق دەوەشێنن و من دەترسم ئەگەر نەتوانرێ تورکەکان ڕازی بکەین بە تەسلیمکردنیان، یان لابردنیان لە سنوورەکە، ناوبراوان لە وەرزی بەهار و هاوین مەترسی زۆریان دەبێت لەسەر ئاشتی ناوچەکە، کە تازە دەستیان بەسەرداگرتووە.

٤- پاڵپشت بەم زانیارییانەی سەرەوە من ئامۆژگاری"شا فەیسەڵی یەکەم"م کرد، کە"وەزیری ڕێپێدراوی تورکی لە بەغدا"بانگهێشت بکات و داوای لێ بکات، کە فشار بخاتە سەر حکومەتەکەی، کە تا زووە سەرکردە بارزانییەکان بەبێ دواخستن تەسلیم بە دەسەڵاتی عێراقی بکاتەوە.

٥- وێنەیەک لەم نامەیە بۆ باڵیۆزی جەلالەتی شاهانە لە "ئیستەنبۆل" ناردووە.

**لەگەڵ ڕێزم**

**باڵیۆز**
**ئێف – ئێچ – همفرگس**
F-H-Humphrsgs

Volume 7: 1932-1936 537

EASTERN (IRAQ) March 27, 1933.

CONFIDENTIAL. SECTION 1.

[E 1808/??/93] No. 1.

*Sir F. Humphrys to Sir John Simon.—(Received March 27.)*

152

(No. 158.)

Sir, *Bagdad, March 11, 1933.*

WITH reference to my despatch No. 65 of the 25th January, 1933, I have the honour to inform you that Muhammad Sadiq and Mulla Mustafa, two brothers of Sheikh Ahmed of Barzan, are now estimated to have gathered together about 500 followers in villages close to the frontier to the south of the Govanda Plateau (about 25 miles north-west of Barzan village).

2. In response to the representations which have been renewed by the Iraqi Minister at Angora, the Turkish Government have intimated their willingness to hand over all the Barzani leaders, but it does not appear that they have at present the means to give effect to this undertaking, as they have no troops in the area where the bulk of these men and their subordinates have concentrated.

3. Although the wintry weather in the mountains still restricts their activities, the Barzanis have recently had several skirmishes with the police in Iraq, and I fear that unless the Turks can be persuaded to surrender them, or to remove them from the frontier, they will, in the spring and summer, become a serious menace to the peace of the newly-occupied districts.

4. I have accordingly advised King Feisal to send for the Turkish Minister and to urge him to press his Government to take early action to hand over the Barzan leaders to the Iraqi authorities without further delay.

5. I am sending a copy of this despatch to His Majesty's Ambassador at Istanbul.

I have, &c.
F. H. HUMPHRYS.

[789 dd—1]



# لە ڕاپەڕینی برسییەکان بترسن

**دڵزار حەسەن**

ترس لە ستەمکاری چی کەمتر نییە لە ترس لە ناڕەزایی برسییەکان، جیاوازی ئەم دوو ترسەش بەلای منەوە دووشتی پێچەوانەی یەکترین، ئەوەی ستەمکارە و لە ڕێگەی حوکمی ئاگر و ئاسن و چەوساندنەوەی گەلەکەیەوە درێژە بە دەسەڵاتدەدات شتێکی خۆرسک نییە و بەڵکو وزە و توانا لە کۆمەڵگە وەردەگرێت. بە کورتی دەسەڵات و ڕژێمە دیکتاتۆرەکان لە ئاسمانەوە نایەنە خوارێ و بەڵکو لە دایک بووی ژینگەکەی خۆیانن و لە هەناوی ئەو نەتەوە و وڵاتە گەشەدەکەن کە فەرمانڕەواییان دەکەن. ڕۆژهەڵات و نیشتیمانی عەرەبی و ئیسلامی پڕیەتی لەو وردە دیکتاتۆرانە کە بەشێکیان بوونەتە هەوێنی دەسەڵاتێکی فراوانی ستەمکاری لە ناوچەکەدا. بۆ ماوەیی دەسەڵات و دابەشکردنی داهات و پۆستە گەورەکان بەسەر کەسانی نزیک و چواردەوری بنەماڵەکاندا، جەوهەری ئەو کێشەیەن کە ئاییندەی کۆی وڵات و دەسەڵاتی ناوچەکەی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. دیارە هەمیشە ڕێژەی گەندەڵی و بە هەدەردانی سامانی گشتی و نیشتیمانیەوە زیاتر لەم جۆرە دەوڵەتانە زەقبۆتەوە کە سەرۆکەکانیان قابیلی گۆڕێن نین. بێگومان ئەمەش بە هۆی ساختەکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و چەوساندنەوە و حوکمی ئاگر و ئاسنی دەسەڵاتەوە ئەو واقیعە نا تەندروستە دێتە بەرهەم، بۆیە بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی لیبراڵی و دیموکراسیەکان ئەمان دەکەونە بەر مەترسی تووڕەیی گەلەوە، تووڕەیی هاوڵاتیانی ئەم جۆرە ڕژێمە تۆتالیتارانە شتێک نییە لە پێشتردا سستماتیک و ئۆرگالیزە کرابێت، بەڵکو کارێکی کەڵەکەبووی ناو کۆمەڵگەیەو بە هۆی زۆری فشار و بەردەوامی ڕووداوەکانەوە لە پڕێکدا حاڵەتەکانی لە شێوەی دەربڕین و ناڕەزایی جیا جیاوە دەردەکەوێت. دەتوانین نموونەی خۆپێشاندان و ڕێپێوانی کاسبکار و کرێکارنی وڵاتی یۆنان بهێنینەوە کە لە ساڵی ڕابردوو بە هۆی ئەو قەیرانە ئابوریەی تووشی بوو، بە شێوەیەک خەڵکەکەی ڕژانە سەر شەقام کار گەیشتە سووتاندن و تێکدانی ڕەوشی ئەمنی ئەسینای پایەتختی یۆنان، بەڵام کەس هۆتافی بڕۆخێ سەرۆک و دەسەڵاتدانی وڵاتی بەرزنەکردەوە. بە هەمان شێوە لە فەرەنسا و بەریتانیاش هەمان حاڵەتی نارەزایی دووبارە بوویەوە، بەڵام ئەمانیش هەقی ئەوەیان بە خۆیاننەدا داوای ڕوخانی سستەمی وڵات و دەسەڵاتداران بکەن. هەرچەندە داواکراوە فلان وەزیر و سەرۆک وەزیران و تەنانەت سەرۆک کۆماریش دەست لە کاربکێشێتەوە، بەس هیچێک لەم شیعارانە نەگەیشتۆتە ئاستێک کە داوای دەرکردن و لە ناوبردنی سیستەمی وڵات بکەن. ئەمەش هۆی خۆی هەیە، یەکێک لەم فاکتەرانە خۆدی سەرۆک و سیستەم و حکومڕانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتە کە بە هۆی ستەمکاری و گەندەڵییانەوە بۆشاییەکی گەورەیان لە نێوان خۆیان و گەلدا درووستکردووە، ئەم فەراغەش بە هیچ جەدەلێک پڕ ناکرێتەوە، مەگەر بە کۆدەتا و خۆپێشاندانی لەم شێوەیەی تونس و میسر نەبێت. جیاوازی خۆپێشاندان و ناڕەوایی وڵاتانی پێشکەوتوو و دیمکراسیەکانیش لەگەڵ ئەو جۆرە ڕژێم و نموونانەدا ئەوەیە کە ئەمان لە کاتی خۆیدا و بۆ مەبەستێکی ئۆرگالیزەکراوو ئامادەکراو دێنە دەنگ و لە سەرشەقامیشدا مەبەستەکانیان دەپێکن، بەڵام لە وڵاتێکی وەک تونس زیاد لە25 ساڵە دیکتاتۆریەت حوکم بەسەر کۆمەڵگەدا دەکات، بەڵام ئەمان زەمەنێک بێدەنگی هەڵدەبژێرن و ئینجا ڕادەپەڕن، کە ڕاشپەڕین ئیدی هەمووشتێک تێکدەدەن، چونکە ئامانجەییان، ئامانجێکی خەفەکراوە و مانا جەوهەرییەکانی خۆی لەدەستداوە، بۆیە بینیمان لە تونس و میسر ڕاپەڕین ڕوودەدات و لە کۆیت لە ترسی هەمان ڕوودا و سەرۆک پارە دابەشدەکات و لە هەندێک وڵاتی دیکە سلوکی سیاسی و قسەکردنیان دەگۆڕن. لێرەدا لەوە دەگەین کە چاوەڕێدەکرێت نموونەی تونس لە هەندێک وڵاتی تۆتالیتاریدا ڕوودەدات، بەس مادامەکێ ئۆرگالیزە و سیستیماتیک نەکراوە، مومکین نییە دەرئەنجامێکی باشمان دەستکەوێت و لە بری دیکتاتۆریەت، دیموکراسیەت بەرهەم بهێنین.

www.arsivakurd.org

# سیاسەتمەدار و پارێزەر و نووسەر کاردۆ گەلاڵی



رزگار سەید کاکە رەش - ئەڵمانیا

**هەڵوێست**

**-١-**

**بەڕێزەکان .**
**ببوورن لێم !! .**
**گەر ڕاست و درووست پێتان دەڵێم ...**
**لە بناری ئەم قەندیلە ...**
**کوڕە کاروانچییمە،**
**فێرنەکراوم !**
**دەگەڵ هەموو شانۆگەرییەکی کۆمیدیدا پێبکەنم .**
**فێرنەکراوم !**
**بەرگی قەشەنگ بکەمە بەر وشەکانم .**
**لەبەردەمی دیوەخانی ئاغاکاندا،**
**بە شنەبایەک سەمابکەم !**
**چونکە، هەرگیز لەگوندەکەم**
**ناوچەی مەرگە و (دەشتێو) ەکەم**
**شایی و گۆڤەند نەگێڕدراوە...**
**قۆڵی بووک و زاوا!!.**
**لەیەکتری**
**نەئالاوە.**
**نەئالاوە .**
**هاوینی/ ١٩٧٨ (کاردۆ گەلاڵی)**

دوای ڕاپەرین بارەگای لایەنەکانی بەرەی کوردستانی لە شارۆچکەی شەقلاوە بوون، دکتۆر مەحمود و مامۆستا سەعد و چەند کادیرێکی تر لە بارەگای لق بوون، چەند ڕێکخراوێکیان بۆ هەولێر دامەزراند . من و کاک عەبدولرەحمان حەمەد مەنتک، بووین بە لێپسراوی ڕێکخراوی (شەهید مامۆستا سەلاح) لە هەولێر، چەند ڕۆژێک مابوو بگەین بە یادی ساڵوەگەڕی شەهید ساڵح یوسفی سکرتێر و دامەزرێنەر. چەند دانە لافیتەیەک و ناوی ١٠٥ شەهیدی حزبمان بۆ نووسرا بوو، بکرێت بە پۆستەر لە هەولێر بڵاویکەینەوە، بەرامبەر ناوی شەهیدەکان ڕۆژی لە دایک بوون، ڕۆژی شەهید بوونی نووسرا بوو، دوای سەیرکردن و خوێندنەوەمان ناوی شەهیدی سەرکردە کاردۆ گەلاڵی، مێژووی لە سێدارەدانی نووسرا بوو٢/ ٥/ ١٩٨٣ ئەوکات گەڕامەوە بۆ لای مامۆستا سەعد پێم وت: مامۆستا ئێمە لەگەڵ بنەماڵەی شەهید کاردۆ ناسیاو هاموشۆمان هەیە، دواییش لەیەک گەڕەکین پۆستەری شەهید بڵاوکرێتەوە، دڵنیابە تووشی پرسیار دەبین بۆ مێژووی لە سێدارەدانی . لێرە نووسراوە . وتی: ڕاستە ئەمە بەڵگەنامەیە لامانە لە ڕۆژی ڕاپەرین لە بەڕێوبەرایەتی ئەمنی هەولێر دۆزراوەتەوە ...! بۆیە دەتوانم بڵێم: من یەکەم پۆستەری شەهید(کاردۆ گەلاڵی) م دەرکرد و بڵاوکرایەوە، بە هەر شێوەیەک بوو لەم دەرفەتە کورتە زۆر ماندووبووین و بڵاومانکردەوە، لێرە پێویستە سوپاسی کاک شاخەوان قادر شۆڕش بکەم لە نووسینی پۆستەرەکان زۆر یارمەتی داین، هەروەها ماموستاعەزیز ڕەواندوزی خاوەنی(قرتاسییەی دیار) لە تەک بانکی ئاراس، دواتر مامۆستای (ریازیات) مان بوو لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکان لە ناوەندی ڕۆناکی، ٢٠٠ دانە پۆستەری شەهید کاردۆی کۆپی کرد بێ بەرامبەر وتی: " ئەمەم وەک وەفایەک بۆ شەهید کە هاوڕێم بووە " .

شەهید کاردۆ گەلاڵی لە ساڵی ١٩٧٨ کتێبی عەلی شونهەڵگری چاپکرد، دانەیەکی پێشکەش بە (سەید کاکەڕەش) ی باوکم کرد، باوکیشم دانەیەک کتێب و ڕۆمانی (گێلە پیاوی) پێشکەش کرد، هاوڕێیەتی و دۆستایەتییەکی بەهێزمان لەگەڵ ئەم بنەماڵە کوردپەروەرە هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زوو، باوکم و خزم و کەسوکارە نزیکەکانی لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە خزابوونە ڕیزەکانی پێشمەرگاتییەوە لە بەتالیۆنی یەکی هێزی دەشتی هەولێر. (مام یاسین گەلاڵی) مامی ڕۆڵی لێپرسراویەتی هەمەجۆری لە شۆڕشدا هەبوو . ماڵەکەی هەردەم پڕ بووە لە سیاسەتمەدار و کادیر و پێشمەرگە،. ئەمانە هاندەرێکی کاریگەر بوون لەسەر هەڵگەڕانی بەم هەورازە پڕ لە کۆسپ و هەڵدێرەدا . هەرچەندە کاردۆ خۆی یەکێک بوو لە کارگێڕانی لقی هەولێری یەکێتی قوتابیان و لاوان لە شۆڕشی ئەیلوول. شەهید کاردۆی پارێزەر بە حەق سەرکردەیەکی شۆڕشی نوێمانە و پێویستە هۆکارەکانی شون بزرکردنی ئاشکراو ڕوون بێ، با چیتر پرسیار گەلێکی زۆر بێ وەڵام نەمێنێتەوە. ناکرێت لێرە تیشک نەخەینە سەر مێژووی بزووتنەوەی سۆسیالست و خەباتە دەوڵەمەندەکەی. تا پەرتەوازە بوونی، گەر بە تێڕامان و سەرنجێکی وردەوە مێژووی خەباتی حزبی سۆسیالست بێنینە بەر چاومان، دەبینین پڕە لە سەروەری و داستان و تێکۆشان. بەڵام دەبێت ئەو مافە بەخۆم بدەم، هەم وەک ئەندامێک، هەم زەمانێک بوو، لە دۆست و خزمان و هاوڕێکانم ساڵانێک لە نێو ڕیزەکانی حزبی سۆسیالست خەباتمان کرد و کۆڵمان نەدا، وێڕای ئەمەش زۆرمان خاوەنی شەهیدین. سۆسیالست لەماوەیەکی کورتی خەباتی زیاتر لە ٢٠٠٠ قوربانی پێشکەشی گەل و نیشتیمان کرد، بۆیە دەتوانین بڵێین : شەهید مولکی هیچ کەس، لایەن و حزبێک نییە، بۆیە بۆ مولک و سەروەری گەل دەگەڕێتەوە و گەلیش خۆی خاوەنی شەهیدانە، لەگەڵ دانواندنی سەری ڕێز و نەوازشم بۆ خەباتی ئەو حزبە و خوێنی شەهیدەکانی.

لە ڕێکەوتی ٧ / ٤ / ١٩٧٦دا یەکەم بەیانی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالست ڕاگەیاندراو بڵاوکرایەوە، خاڵە گرینگەکانی پراکتیک و ئایدۆلۆژیای بزووتنەوە " سەرەتا درێژەپێدەری سروشتیانەی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەرنامەیەکی زانستیانە لە سەر بنەمای دیموکراسی، پشت بەستن بە سەرکردایەتی بە کۆمەڵ، حەرامکردنی شەڕی براکوژی، کەمی ژمارەو پوختی ڕێکخستن، بەرپەرچدانەوەیەکی توند بەرامبەر سیاسەتی تەعریب و ڕاگواستن، ڕەتکردنەوەی هەر پەیوەندییەک لەگەڵ ئێران، تورکیا، سوریا لەسەر حسابی نەتەوەی کورد، پەیوەندییەکی برایانە لەگەڵ پارتە کوردستانییەکان. زۆر خاڵی تر" بە پێی وتەی کادیرانی بزووتنەوە، نەیویستووە خۆی ببەستێتەوە بە ئایدۆلۆژیایەکی تەسک و سنووردار، هەوڵیداوە فراوان بێ تا بتوانێ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بگرێتە خۆی، خەباتی نەتەوایەتی چینایەتی بە یەکەوە گرێداوە..."

ڕێکخستن لە سەرەتای دامەزراندنی بزووتنەوە شێوەیەکی زنجیرەی هەبوو، مانای تاکە کەس بە تاکە کەس، لە سەر بنچینەی هێڵ شۆڕدەبۆە خوارەوە، بەڵام خەڵکەکە لە دوای کۆبونەوەی دامەزراندن لە ناو ڕێکخستنەکانی بزووتنەوە ڕێکخران، بەشی ڕێکخستنی سەروو شار و شارۆچکەکانی کوردستانی دەگرتەوە، بەشی ڕێکخستنی خواروو بەغداو شارەکانی ئێراقی دەگرتەوە، کۆمیتەی سەرکردایەتی ڕێکخستن سەرپەرشتی هەر دوو بەشەکەی دەکرد، تاماوەیەکی زۆر بە عەلی هەژار دەسپێردرێ بەر لە بڕیاری دەرچوونیان بۆ شاخ، دواتر بەشی ڕێکخسنی خواروو بە عەلی ڕەسوڵ دەسپێردرێ، هەندێ لە کەسانی ناسراوی ئەوسای ڕێکخستنی شاری هەولێر:(عەلی هەژار"حەسیب"، کاردۆ گەلاڵی"سوارە"، مامۆستا مەلاناسیح، قادر شۆڕش، سەلیم ئاغۆک، مامۆستا عەبدوڵڵا ئیسماعیل، مامۆستا ئەمین قادر، مامۆستا سەعد عەبدوڵڵا، عەلی ڕەسوڵ، مەلا خدر، مەلا عومەری چل هەوێزە، ئەنوەر عومەر ساڵح، قادر مەلا سابیر "بێکەس"، ئەبوبەکر سۆربەشی " دیار "، عەبدوڵڵا ڕەشید، نەوزاد حەمە عەلی، عەبدوڵڵا ئەحمەد داود ناسراو بە مامە، مامۆستا حەمەدەمین، سەلام گۆمەشینی، شێخ کەریم هیرانی، محەمەد مەنگوڕی .....هتد) هەر شارێکیش کۆمیتەی تایبەت بە خۆی هەبوو، یەکێک لە هێلە هەرە چالاکەکانی ڕێکخستن، هێڵی کاردۆ گەلاڵی بوو، کە خۆی سەرپەرشتی کردووە و زیاتر قوتابی و لاو بوون، ئەمانە بەشێکن لە ناوەکان (عومەر مەحەمەد ئەمین "مامۆستا کاوە"، موحسین عوسمان " مامۆستا موحسین"، سەلاح مەحەمەد " مامۆستا سەلاح"، کامەران قادر شۆڕش" دکتۆر کامەران"، بڕهان مام یاسین " بەهرۆز گەلاڵی"، موحسین عەبدولرەحمان"ڕێبوار"، سمکۆ ئەنوەر، مامۆستا حەمەد دەرماناوەیی" حەمەد گچکەل"، مەحەمەد عومەر" دارا"، سەلام مەلا نوری" شێرکۆ"، ئەنوەر" د. پەروەر"، سەمەد حەمەد " بەلێن "، ئیحسان گلی" خەسرۆ "، کاکل حەسەن" ئاسۆ " ..هتد) ستروکتۆری ڕێکخستن لە ساڵەکانی دواتر گۆڕدراوە و شێوەیەکی هەرەمی وەرگرتووە، واتە لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لق و پۆپی لێبوویتەوە.



کاردۆ گەلاڵی - ئەو پیاوەی تارۆژی لە سێدارەدانی سەربەرزانە ژیا

لە ٨ / ٨ /١٩٧٦ هەندێ لە کادیرە سەربازییەکان دەنێرێتە شاخ بۆ جوڵانەوەی چەکداری لە نێوانیاندا " عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید سەعید، سەعدی عەزیز" گچکە"، سەید کاکە، قادر عەزیز، ملازم تایەر عەلی والی، ڕەسوڵ مامەند، عومەر مستەفا" دەبابە"، یاسین قادر، بەکر حەمە. هتد " دوای چوونەدەرەوەیان بۆ شاخ بڕیاردرا دوو سەرکردایەتی دروست بکەن! سەرکردایەتی دەرەوە بە سەرپەرشتی عەلی عەسکەری، سەرکردایەتی ناوەوە بە سەرپەرشتی سەیدا ساڵح یوسفی، هەر دوو سەرکردایەتی دەتوانن بڕیار لەسەر هەر هەنگاوێک بدەن لە بەرژەوەندی بزووتنەوە دابێ، دوای هاتنەدەرەوەی بزووتنەوە لە نیمچە بەرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکگرتنی بزووتنەوە و کۆمیتەی ئامادەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێکخراوێک بوون لەلایەن هەندێ لە کادیرانی پێشکەوتووی پارتی لەوانە، دکتۆر مەحمود عوسمان، شەمسەدین موفتی، عەدنان موفتی، قادر جەباری ....هتد، ئەو کات بارەگاکانیان دەگوازنەوە گوندی گۆڕەشێر، کۆمیتەیەکی هاوکاری لە نێوان هەر دوو سەرکردایەتی پێک دەهێندرێ لە مانگی ٣ / ١٩٧٩، لە ٨ / ٨ / ١٩٧٩ کۆنفراسێک دەبەستن لە گوندی دۆڵە توو، حزبی سۆسیالستی یەکگرتووی کوردستان ڕادەگەین، سەرۆکایەتی حزبەکە دەسپێرن بە : ڕەسوڵ مامەند، تایەر عەلی والی، دکتۆر مەحمود عوسمان.

لە ڕۆژی ١٩٧٩/٤/٩دا لە ژووری پارێزەرانی هەولێر سیخوڕەکانی بەعس قودسیەت و حورمەتی دادگا دەبەزێنن، هەر دوو پارێزەری کوردپەروەر کاردۆ گەلاڵی و عەلی هەژار ڕاپێچ دەکەن. دەستگیر کردنیان لە نێو دادگای هەولێر بەهێزترین فاکتی ئاشتیخواز بوونی میللەتێکە ڕەنگدانەوە و ئاوێنەی جامی ئەو تاوانانەیە، ڕژێمێک لەتەمەنی حکومڕانیدا بە هەزاران تاوانی نامرۆڤانەی بەرامبەر گەلەکەمان ئەنجامداوە، دواتر بە سەرهەڵدان و ڕاپەرینی کۆتایی بەو دەسەڵاتە ڕەگەزپەرستی هات، شەهیدان هیوای میللەتێک بوون. ئەوانیش ستەمکار و پیاوکوژ و سەرەڕۆ بوون، هەر دوێنێ وەک وەحشیگەرییەکی نەفام تەبلیغات و سیخوڕیکردن، ڕاوەدوونانی ڕۆڵەکانی کورد پیشەیان بوو...!

ساڵی 1979 کاتێک (سەدام حسێن) ی دیکتاتۆر بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق، لەیەکەم گەشتی هاتنی بۆ شاری هەولێر، دایکی شەهید کاردۆی سەرکردە و براکانی نەیانتوانی نامەیەک لەسەر شوون بزرکردنی کاردۆ ڕادەستی بکەن، تاکو لەدەرەوەی شار لە نزیک شارۆچکەی شەقلاوە لە گوندی میراوە، کاک جەوهەر قەهاری برای نامەیەکی ڕادەستی (سەدام حسێن) کرد، دوای دوو مانگ، لە بەڕێوبەرایەتی ئەمنی هەولێر بەدوای کاک جەوهەریان نارد، بەڕێوبەری ئەمن . پێی وت: کاردۆی برات بۆ دەرەوە ڕۆیی، هەر لە دەرەوەش کوشتیان. دواتر وتی: هیچ کارمان پێت نەما دەتوانی بڕۆی...؟!

**بەشی دووەم**

# @ (   ) .com



## لەشکرێکی ڕۆژنامەنووس

**کاروان ئەنوەر**

ڕۆژێک نیە، وا ڕێکنەکەوێت کەسێک یان زیاتر لەکەسێک سەردانم نەکات، یان بە تەلەفۆن، قسەم لەگەڵ نەکات و وەک ڕۆژنامەنووس خۆیم پێ نەناسێنێت!!
ڕۆژانە ئەم ئاخاوتنە لەنێوان من و چەند کەسێک لەو بەڕێزانە دووبارە دەبێتەوە:
- بەڕێزت وەک باست کرد ڕۆژنامەنووسیت؟
*بەڵێ
- لەکام کەناڵ کار دەکەیت، تی ڤی، ڕۆژنامە، رادیۆ، وێب سایت ؟
*ببورە لەشوێنێکی دیاری کراو کار ناکەم
- ئەی بەڕێزتان وتتان ڕۆژنامەنووسن ؟
*بەڵێ ڕاستە!!
- ئەی چۆن ڕۆژنامەنووسن و لەهیچ هۆکارێکی میدیاییدا کار ناکەن؟
*من ڕۆژنامەنووسی ئازادم و ڕۆژانە ئازادانە کار دەکەم لە هەر کەناڵێک یان هۆکارێکی تری میدیادا!!
- کەواتە تۆ ڕۆژنامەنووسیت!! بەڵام لەهیچ کەناڵێکی میدیادا کار ناکەیت؟
*بەڵێ
- بەڵێ و باقی بێت ....

ئەمە چەند ڕستەیەکە ڕۆژانە دووبارە دەبنەوەو نازانم کێش لەم پاشا گەردانیە بەرپرسیارە؟ کێ پیشەی ڕۆژنامەنووس دەدات بە کەسێک تائێستا پەنجەی بەر پلێتێک نەکەوتووە، نازانێت ماکێت و ترێس و فیلم چین؟ جیاکردنەوەی ڕەنگ و مۆنتاژی نەبیستوە، نازانێت بنەماکانی هەواڵ چین؟ بە دڵنیایشەوە زۆربەی هەرەزۆریان تەنها یەک زمان دەزانن و ئەویش زمانێکی زۆر زبرو ناوخۆییەو بە ئیملایەکی پڕ لەهەڵەو بە شێوازێکی نەزانانە کە بە پێی ویستو میزاجی خۆی بابەت دائەتاشێت!!

زۆر بەداخەوە ڕۆژنامەنووسی بووەتە ئەو کارەی بەداخەوە هەموو کەس و هەموو کۆلکە خوێندەوارێکیش پێی دەوێرێت، هەندێک کەسیش هەرچی تاوان و ناخی پڕ لە قینی خۆیان هەیە بەم پیشەیەی دەرێژن، کار گەیشتۆتە ڕادەیەک گەر کەسێک بڵێت ڕۆژنامەنووسم دەبێت زۆر بە وریاییەوە پۆلینی جۆرەکانی بکات ..

ئەگەر پرسیارێک لەخۆمان و لەرۆشنبیرانی ئەم میللەتە بکەین و بڵێین: بۆچی تەنها کاری ڕۆژنامەنووسی بەمجۆرە ریسوا بووە؟ تەنانەت ئەوانەش لەنووسینی ناوی خۆیاندا هەڵە دەکەن خۆیان ناو ناوە ڕۆژنامەنووس؟
بۆچی کەس ناتوانێت خۆی بکاتە ئەندازیار یان پارێزەر یان پزیشک یان ئاسنگەر ودارتاش و....هتد؟

کەچی هەر کەسێک لاپەڕەیەکی گۆڤارێکی لاکۆڵانی خوێندەوە (ببورن کە دەڵێم لاکۆڵان مەبەستم لەو بڵاوکراوانەیە کە لەهیچ قوژبنێکی ئەم دنیایەدا ڕێگای بڵاوکردنەوەیان پێنادرێت لای ئێمە نەبێت بە خۆی دەڵێت نووسەر و ڕۆژنامەنووس) !!

چەند شەرمە! چەند ستەمە! خۆت بە خاوەن پیشەیەک بناسێنیت و ئەویش نەبیت، چونکە ئەو کەسانەی کە بڕوانامەی پزیشکیان نیەو خۆیان وادەناسێنن بەپێی یاسا دووچاری گرتن و بەندکردن دەبنەوە، یان ئەوانەی وەک پارێزەر و ئەندازیارو....هتد. کەچی ژمارەی ڕۆژنامەنووس چیەکان ڕۆژ بەرۆژ لەزیادبووندایەو کار وابڕوات میللەت هەمووی دەبێت بە ڕۆژنامەنووسی تەزویر، ئەوسا کەس لەشەرما ناوێرێت بڵێت ڕۆژنامەنووسم!!

زۆر پێویستە یەکەم هەنگاوی دەستەی هەڵبژێردراوی نوێی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئەو کارە یەکلایی بکاتەوە، ئەم پیشەیە لەگیاکەڵەو پەیکوڵ و خەڵکی بەرژەوەندچی پاک بکاتەوە، ئەوسا ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە لەرووی دێت و پێی شەرم نابێت بەخۆی بڵێت ڕۆژنامەنووس.

لەهیچ سەردەم و شوێنێکدا کەس ناتوانێت بە ڕۆژ نامەنووسێک بڵێت تۆ ڕۆژنامەنووس نیت چونکە ناوەکەی، کارەکەی، جێ دەست و دڵسۆزیەکەی دەیسەلمێنێت، خۆزگە ئەو کەسانەش کە ناویان لەخۆیان ناوە ڕۆژنامەنووس و تەنها ڕۆژنامەنووس نین لەبری ئەوەی پاکانەیان بۆ بکرێت پێیان بوترێت ئەگەر ئێوەش ڕۆژنامەنووس بن ئەوا میللەت هەمووی دەبێتە ڕۆژنامەنووس، ئەوسا کەس نامێنێت بابەتەکانتان بخوێنێتەوە، بۆیە ژمارەیەکتان وەک خوێنەر بمێننەوە، تا بتوانن بابەتەکانی نووسەر و ڕۆژنامەنووسەکان هەڵبسەنگێنن ئەگینا کار وەکو ئێستای لێ دێت، کە میللەت هەمووی ڕۆژنامەنووس بوو کەس نامێنێت ڕەش و سپی، باش و خراپی بوارەکەی جیا بکاتەوە.

# کریت : بووکە ڕەشپۆشەکەی دەریای سپی ناوەڕاست



**د. ئازاد حەمە شەریف**

ئەگەر (نیکۆس کازانتزاکی) و (ئۆدیسیاس ئێلیتیس: شاعیری مەزنی کریتی کە ساڵی ١٩٧٩ خەڵاتی نۆبلی وەرگرت) نەبوونایە، ئەمڕۆ کەم کەس لە دنیادا دەیانزانی کریت لە کوێیە. ئەو دوورگە بچووکە نازدار و دڵڕفێنەی ناو دەریای سپی ناوەڕاست لە شوێنێکی هێندە گونجاو و لەبار هەڵکەوتووە کە مرۆڤ لە ئاستیا مەست و کەیل دەبێت. لەوێدا هەرسێ جەمسەری ئاسیا و ئەورووپا و ئەفریقیا بەیەک دەگەن.
کاتێک لە ئاسمانەوە بەسەر دەریای سپی ناوەڕاستدا بەرەو ئەو دوورگەیە دەچووین تەنیا و تەنیا شەپۆلە شێت و سەرکەشەکانی دەریای سپی ناوەڕاست دەبینران و سەرتاپای خاکی کریت لەو بەرزییەوە دەتگوت دەنکە فاسولیایەکە لەناو ئەو دەریا پانوپۆڕەدا. کاتێک نزیکتر کەوتینەوە ئەوسا دەرکەوت کە ئەو دەنکە فاسولیایە چەند گەورەیە و چەندە جوان و دڵڕفێنیشە. چیا ڕێک و سەرکەشەکانی، گرد و قەدپاڵ و دۆڵە پێچاوپێچەکانی، باغ و بێستان و ڕەزەکانی ترێ و زەیتوونەکانی ئەم پارچە زەوییە کەس پێنەزانەیان کردۆتە بەهەشتی سەر ڕووی زەوی.
لە یەکەم سەرنجدا مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەبێت. لەگەڵ ئەو هەموو جوانییە سروشتییەی ئەو وڵاتە، خەڵکانی ئەوێ زۆربەیان ڕەشپۆشن. مێژووی پڕ کارەسات وماڵوێرانی کریت وایکردووە کە کەم کەسی ئەو دوورگەیە هەبن لە مێژووی کۆن یان نوێدا خزم و کەس و کاریان نەبووبێتە قوربانی شەڕ و پێکدادانە زۆرەکانی نێوان ئەم نەتەوە ئازادیخوازە و داگیرکارە بێبەزەییەکان. جا وەکو داب و نەریتێکی پەیرەوکراو بۆ ڕێزگرتن لە یادی ئەو قوربانییانە، زۆربەی خەڵکی ئەم دوورگەیە تا ماوەیەکی دوورودرێژ هەر بەرەشپۆشی دەمێننەوە.
کریت ساڵانێکی زۆر لەلایەن بێزەنتییەکانەوە ژێردەستە بووە. دواتر عەرەبە ئیسلامەکان هەڵمەتیان بۆ ئەوێ بردووە و داگیریان کردووە و ئەو نەتەوە مەسیحییەیان بەزۆر کردۆتە بەشێک لە ئیمارەتی ئیسلامی. پاشان تورکە عوسمانلییەکان چاویان بڕیووەتە خاکی بە پیت و بەرەکەت و کەنارە جوان و دڵڕفێن و چیا سەربەرزەکانی ئەوێ و ئەوانیش ماوەیەکی زۆر ئەوێیان داگیر کردووە و گەلی ئەوێیان زۆر ئازار داوە. ناوەش ناوەش ئیتاڵییەکان فەرمانڕەوایی ئەوێیان کردووە. پاشانیش هیتلەر سوپایەکی درندەی ناردۆتە ئەو دوورگەیە و پاش شەڕوکوشتارێکی زۆر خەڵکانی ئەوێی ژێردەستە کردووە. هەڵبەتە هەریەک لەم داگیرکارییانە گەلێک قوربانی لێکەوتۆتەوە و هەرئەمەشە وایکردووە من ناو لە کریت بنێم دوورگەی ڕەشپۆشەکان.
کریت ئەگەرچی خەڵکەکەی ڕەشپۆشن، زەوی و زارەکەی بە هەزار ڕەنگی جوان خۆی دەنوێنێت. بەدرێژایی ساڵ ڕەنگی سەوزی خاکەکەی تیشک دەبەخشێتە دەریا شینە جوانەکەی سپی ناوەڕاست کە ئەو خاکەی وەکو کۆرپەیەکی نازدار لەباوەش گرتووە. هەربۆیەشە سەرباری ڕەشپۆشی خەڵکەکەی، ئەوان یەکجار کەیفیان بە مۆسیقا و هەڵپەڕکێ و گۆرانی دێت. سەما و گۆرانی خەڵکانی کریت زۆر لە سەما و هەڵپەڕکێی کوردی نزیکە و ئاوازەکانیان هەردەڵێی ئاوازی کوردییە. خەڵکی ئەوێش وەکو خەڵکانی لای خۆمان حەزیان لە شتی بە کۆمەڵە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان زۆر تووندوتۆڵە. سەما و مۆسیقای (زۆربا)ی نیکۆس کازانتزاکی سەما و مۆسیقای ڕەسەنی خەڵکی ئەو دوورگەیەیە.
ئاووهەوای دوورگەی کریت، بەلای زۆری ئاووهەوای دەریای سپی ناوەڕاستە و کەمێکیش کاریگەری ئاووهەوای باکووری ئەفریقیای بەسەرەوەیە. ژمارەی دانیشتوانی کریت ٦٢٤٠٠٠ کەسە. کریت بەسەر چوار ناوچەی کارگێڕی دابەشبووە کە ئەمانەن: (چانیا)، (رسیمنۆ)، (هیراکلیۆن)، (لاسیسی). شارە گەورەکانی کریت ئەمانەن: (هیراکلیۆن) گەورەترین شاری ئەم دوورگەیەیە و پایەختیشیەتی، (چانیا)، (رسیمنۆ)، (لێراپێترا)، (ئەگیۆس نیکۆلاوس) و (سیتیا). خەڵکی کریت لەسەر گەشتوگوزار، کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، ڕاوەماسی دەژین. شوێنەوارە دێرینەکانی ئەوێ، بەتایبەتی (کنۆسیس) کە مینواس پادشای بەناوبانگی (هیراکلیۆن)ی کۆن تیایدا ژیاوە جێگای سەردانیکردنی هەزاران گەشتیاری جیهانییە. کەنارئاوە جوانەکانی ئەو دوورگەیە وەکو موگناتیس ساڵانە ژمارەیەکی یەکجار زۆر گەشتیاری جیهانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. ساڵی پار نزیکەی دوو ملیۆن گەشتیار لەسەرانسەری دنیاوە روویان لەم دوورگەیە کردووە.
خەڵکی کریتی یەکجار بەڕێز و میواندۆست و ئاشتیخوازن. زۆر حەزیان بە تێکەڵاوی خەڵکی تر هەیە و ئەگەر لێت دڵنیا بن یەکجار بەچاکی لەگەڵت دەگونجێن. ئەوان چونکە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کوشتەی دەستی چەوساندنەوە بوون، یەکجار بە وشەی ئازادی سەرمەستن. ئەگەرچی کڵێسا لەبەر بیرۆکە جیاوازەکانی (نیکۆس کازانتزاکی)یان بەدەرنا و لێنەگەڕان لەناو گۆڕستانی کڵێسا بنێژرێت، بەڵام هەموو کریتییەکان ئەو نووسەرە گەورەیە بە سیمبوڵی ئازادی کریت دادەنێن. گۆڕەکەی (کازانتزاکی) لەسەر گردێکی دوور لە کڵێسایە و لەسەر کێلەکەی ئەوە نووسراوە: (ئومێدم بە هیچ نییە، لە هیچ ناترسم، بۆیە ئازادم).
ڕۆژی ٢٠١١/١/٢١ وەفدێکی "دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان" کە (١٣) کەس بووین لە تورکیاوە بۆ فرۆکەخانەی ئەسینا و لەوێشەوە بۆ فرۆکەخانەی (نیکۆس کازانتزاکی نێودەوڵەتی) بەڕێکەوتین و کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ گەیشتینە ئەوێ. نیاز لەو سەردانەمان سازدانی چالاکییەکی کەلتووری بوو لەبارەی (نیکۆس کازانتزاکی) لەپاڵ کردنەوەی پێشانگایەکی بچووکی کتێب و سێ پێشانگای شێوەکاری بۆ هەریەک لە هونەرمەندان (ئیسماعیل خەیات) و (دارا محەمەد عەلی) و (دەشتی جەنگی). ئەم چالاکییە لە ژێر دروشمی "زایەڵەی ئازادی لە کوردستانەوە بۆ کریت – نیشتیمانی نیکۆس کازانتزاکی" بوو.
لەوێشداوو لێکۆڵینەوەلەسەر نیکۆس کازانتزاکی پێشکەشکران : یەکێکیان هی مامۆستا (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل بوو بە ناونیشانی "کوردیش نیکۆس کازانتزاکی خۆشدەوێت"، ئەوەی دیکەیان هی من بوو بە ناونیشانی "کاریگەری نیکۆس کازانتزاکیس بەسەر ئەدەبی نوێی کوردییەوە" کە باسم لە چەمکی ئازادی بەگشتی و ئازادی تاک بەتایبەتی کردووە لەگەڵ تیشک خستنە سەر شێواز و بیرۆکە مرۆڤدۆستانەکانی ئەم کەڵەنووسەرە و پەیوەندی مێژوویی و دێرینی هەردوو نەتەوەی کورد و گریکی. (هەڵبەتە بنەماڵەی بەدرخانییان لە کۆتایی ساڵی ١٨٤٧ەوە بۆ ماوەی دەساڵی ڕەبەق لە دوورگەی کریت ژیانییان بەسەربردووە و ئەمین عەلی بەدرخان (١٨٥١- ١٩٢٦) لەو دوورگەیە لە دایک بووە) . چالاکییەکە بە هاوکاری سەرۆکی کۆمەڵەی دۆستایەتی کوردانی – کریت کاک (حەمەدەمین وسو ئەحمەد) ڕێکخرابوو و کاتژمێر حەوتی ئێوارە دەستی پێکرد و تا درەنگی شەو درێژەی کێشا.
لەو چالاکییەدا توانیمان ئەوە بۆ گەلی یۆنانی بەگشتی و نەتەوەی کریتی ساغ بکەینەوە کە میللەتی کورد میللەتێکی شارستان و ئاشتیخواز و لێبووردەیە. ئەگەرچی (نیکۆس کازانتزاکی) لە ڕۆمانەکانی خۆیدا بەتایبەتیش لە (زۆربا) دا کوردی وەکو دڵڕەق و درندە وێناکردووە کاتێک مامۆستایەک و قەشەیەک ناڵ دەکەن، بەڵام ئێمە چووین ئەوەمان ساغ کردەوە کە ئەوانەی وەختی خۆی ئەو کارەیان کردبوو جاشەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون و بەهیچ جۆرێک ناکرێت جاش لەسەر میللەت حیساب بکرێت چونکە کاتێک کەسێک دەبێتە جاش و بەکرێگیراو بە گوێی ئاغاکەی دەکات نەک بە گوێی هەست و نەستی خۆی. جا هەرچەندە (کازانتزاکی) کوردی واش وێناکردبێت ئێمە نەرقمان لەوە و نە لەهیچ کریتییەک. بەپێچەوانەوە، ئێمە نووسین و بیرۆکە و بەرهەمەکانی ئەومان بەرز نرخاندو هەموو کتێبەکانی ئەو کە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدرابوون لەگەڵ خۆمان بردبوومان و بەدیاری پێشکەشی (مۆزەخانەی نیکۆس کازانتزاکی)یمان کرد. ئەمەش بووە مایەی خۆشحاڵی هەموو کریتییەک.
دیار بوو ئامادەکاری بۆ ئەم چالاکییە کەلتوورییە بەباشی ڕێکخرا بوو و زۆربەی ڕۆژنامەکانی کریت و یۆنان باسییان لێوە کردبوو و بەسەدان کەسی یۆنانی و کریتی لەوێ ئامادە بوون هەر لە نوێنەرانی شارەوانی کریت و نوێنەری کۆمەڵەی دۆستایەتی نیکۆس کازانتزاکی و ئەندام پەرلەمانانی ئەوێ و سەرۆکی لێژنەی ڕۆشنبیری کریت و زۆر لە ڕۆشنبیران و کەسایەتییە دیارەکانی ئەم دوورگەیە.
بۆ ئێواەری پاشتر وەک ڕێزلێنانێک لەم هەوڵ و ماندووبوونەی کارمەندانی دەزگای بەدرخان و بەتایبەتی "حەمید بەدرخان" و بەڕێز ڕاوێژکاری ڕووناکبیری و بەرنامەڕێژی فێستیڤاڵەکانی بەدرخان لە دەرەوەی وڵات، کە شەش مانگی ڕەبەق کاریان کرد تا چالاکییەکە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ بەڕێوە بچێ. جا وەک بەهێزکردنی پردی دۆستایەتی و ڕۆشنبیری هەردوو نەتەوەی کورد و گریکی بەگشتی و کریتی بەتایبەتی، لە هۆڵێکی گەورە بە ئامادەبوونی سەدان خێزانی کریتی و کەسایەتی دیار و بەرچاوی ئەم دوورگەیە ئاهەنگێکی مۆسیقا و گۆرانییان بۆ ئەندامانی وەفدەکە ساز کرد و تا درەنگانێکی شەو بە گۆرانی و مۆسیقا و هەڵپەڕکێی کریتی و کوردی هۆڵەکە لەوپەڕی گەرم و گوڕیدا بوو. نزیک نیوەی شەو وەفدەکە ماڵئاوایی لە خانەخوێ خواست و بە پاپۆڕ بەرەو ئەسینا کەوتنەوە ڕێ.

**بەشی یەکەم**


بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای ڕاپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

Bedirxan
www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com
- سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر

خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
- حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)

بەڕێوەبەری نووسین:
- عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
awrahman2002@yahoo.com
- نەخشەساز: یەعقوب یوسف ئەبوبەکر
kurdistan2700@yahoo.com 0750 766 26 99
- بەشی کۆمپیوتەر: ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

- ڕاوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
- ڕاوێژکاری ڕووناکبیریی: د. ئازاد حەمە شەریف
- ڕاوێژکاری کەلتووری: د. ئیسماعیل محەمەد قەرەداغی
- ڕاوێژکاری مێژوو: د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور
- ڕاوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
- ڕاوێژکاری یاسایی: پارێزەر حوسامەددین یاسین سەرداری

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری

نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٦٦ ٩٦٤ +
مۆبایل: ٩٦٤ ٧٥٠ ٤٥٥ ٥٨٧٨ +